نەژاد عزیز سورمێ

# ڕۆژنامەگەریی کوردی
## چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی

نەژاد عزیز سورمێ

# ڕۆژنامەگەریی کوردی

## چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی

چاپی دووەم
2006



* ڕۆژنامەگەریی کوردی
چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی تەکنیک و هونەرەکانی
* نەژاد عزیز سورمێ
* بەرگ و دەرهێنانی هونەریی: نووسەر خۆی
* جێبەجێکردن و کاری کۆمپیوتەر: شکار نەقشبەندی
* چاپی یەکەم: 1999
* چاپی دووەم: 2006
* ژمارەی سپاردن: 33
* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی کوردستان –هەولێر

* وێنەو کاریکاتێرو تایپۆگرافیاو بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 7
* گوشەو ستوون لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا. 123
* پاشکۆو دیاردەی پاشکۆ دەرکردن لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 138
* ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 142
* ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند وردە تێبینیەک لە ساڵڕۆژی (95)مینی دا. 187
* پەنجەنماییێەک بۆ ڕۆژنامەگەریی (یەک بابەت) لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 194
* پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی. 203
* ڕۆژنامەگەریی دیوار لە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 260
* سەرنامەیەک لە پەرسەندنی تەکنیکی لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 264
* هەڵەی چاپ لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا. 284
* لە پێناوی ڕابەرێک بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی. 304
* بڵاوکردنەوەو جوگرافیای بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی. 306
* ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد. 311



## ئەم کتێبە

ئەو نووسراو، لێکۆڵینەوانەی لەم کتێبەدان، زادەی کات و ساتی خۆیانن... بەوەی هەندێ لە ڕووەت و دیاردەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەردەخەن، کە ڕەنگە تێیاندا بێ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن و چاپ کە هەمیشە پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەریی پێوە بەند بووە. چووبنە خانەی مێژووەوە... بەڵام دیسان هەر بەشێکن لە مێژووی پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەریمان و لە هەمان کاتدا ڕادەی ئاقڵپێشکان و بەهرەگیریی ڕۆژنامەنووسانمان لەو هونەرانە لە درێژایی ئەو ماوەیە ڕوون دەکەنەوە، کە لە خۆیدا مێژووی پەرەسەندنی خودی ڕۆژنامەگەریشمانە...

دیارە گومانیشم لەوەدا نییە ئەو سەرە باسانە هەنگاوێکن بەو ئاراستەو ڕووکارانەوە، کە هێشتا دەهێنن لە سەریان بنووسرێ...

***نەژاد عزیز سورمێ***

**ئابی 1999**

# وێنەو کاریکاتێرو تایپۆگرافیاو بڵاوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا(*)

هەر لە کۆنی دێرینەوە ئادەمیزاد هەستی بە بایەخی وێنە کردووە، ئەوەتانێ وێنەی کێشراوی سەر دیواری ئەشکەوتەکان گەواهی ئەوە دەدەن؛ ئەوسایش ئادەمیزاد ویستوویەتی بە شێوەیەک سەربردەی خۆی لە ڕێگای وێنەوە تۆمار بکا کە تاکە هۆیەک بووە بەدەستییەوە؛ ئەمەش بەوەڕا دیارە کە لە پاشان دا کاتێ بۆ یەکەمین جار مرۆڤ نووسینی داهێنا (وێنەیی) بوو، دوایی بەرەبەرە شێوەی ئەلفوبێی وەرگرت.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە کاتی خۆی بەزنجیرە لە ژمارە (85)و(86)و (87)ی ساڵی 1990 ی گۆڤاری (کاروان) بڵاوکراوەتەوە.



ئینجا ئەگەر وێنە بە گوێرەی ئادەمیزادی دێرین ئەو بایەخەی هەبووبێ، داخۆ بۆ مرۆڤی سەردەم چ ڕۆڵێکی گرینگ بگێڕێ دوای ئەوەی بەو ڕادەیە گەیشتووە لە بنیاتنانی شارستانیەتێکی تیژڕۆدا.

خوێندەواری ئەمڕۆش کە ڕۆژنامەیەک بەدەستەوە دەگرێ، پێش هەموو شتێک وێنەی سەر لاپەڕەکانی سەرنجی ڕادەکێشن؛ ئینجا بە پلەی دووەم ناونیشانە دیارەکان.

وێنە بێجگە لەوەیش دەورێکی جوانکاریشی لە ڕۆژنامەدا هەیە بەڕادەیەک هەندێ لە ڕۆژنامەکان گۆشەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکەن.

ئەمڕۆ، کە وێنە لەگەڵ هەواڵێک یا ریپۆرتاژێک یا راپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسیی دا بڵاودەکرێتەوە دەقەکە بەپێزتر دەکاو مەودایەکیشی دەداتێ.

لە بواری پەروەردەو هونەریشدا دەوری خۆی دیوەو دەبینێ.. هۆیەکی ڕوونکردنەوەو گەیاندنیشە بۆ زۆربەی ئەو بابەتانەی لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندا دەخوێنرێن؛ تەنانەت لە خوێندنی باڵایشدا.

تێکستی ئەدەبی و هونەریش بە وێنە شەوق و ڕەونەق و مەودایەکی دیکە وەردەگرن.

دوای ئەو بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆژییەشەوە کە سینەماو

تەلەفزیۆن و ڤیدیۆی پەیداکرد، وێنە بایەخی خۆی لە دەست نەداوە چ بۆ رۆژنامەو چ بۆکتێب، تەنانەت تەلەفزیۆن خۆیشی لەگەڵێک لایەنی پێوەند بە هەندێ بەرنامەی نەشونماو پەروەردەییەوە سوود لە وێنەو قەڵەمکێش و وێنەی دیکەی روونکردنەوە وەردەگرێ، بەڕادەیەک ئەوانەی لە هونەری رۆژنامەنووسیدا شارەزان پێیان وایە کە جیاوازی بەینی رۆژنامەگەریی دوێنێ و ئەمڕۆ بەهۆی وێنەوەیە؛ چ وەک یارمەتیدەری تێکست یا هۆیەکی رازاندنەوەو روونکردنەوەو کەرەستەیەکی تایپۆگرافی (Typography)[1].

لە ئارشیف کردنی زۆر لایەنی شارستانی و مێژوویی هەر نەتەوەیەکیش وێنە دەورێکی دیاری هەیە؛ لە هونەری بیناسازیشدا لە شێوەی فۆتۆگراف و نەخشەو قەڵەمکێشی ماکێتی نەخشەکانیشدا هەر بەو جۆرەیە.

لە هەموو ئەو بابەتانەیش کە بۆ منالآن دەنووسرێن و لە چاپ دەدرێن هەمیشە رادەی وێنەکانی روونکردنەوە لەدەقە نووسراوەکە زیاترە، بەتایبەتیش بۆ تەمەنی2-10 ساڵ، تەنانەت هەندێ لەو بابەتانە تەنها بە وێنە دەکێشرێن، بڕوانە وێنە(1).

لە لێکۆڵینەوەو پشکنینی ئارکیۆلۆژیشدا وێنە(فۆتۆگراف و قەڵەمکێش) لە پێویستیش پێویست ترن، چونکە زۆر لەو



پاشماوە دێرینانەی کە لە رێگای پشکنینەوە دەدۆزرێنەوە دەبێ لە شوێنی خۆیانەوە وێنەیان بگیرێ یا بکێشرێ، بۆیە دەبینین هیچ گروپێکی پشکنینی ئارکیۆلۆژی نی یە یەک دوو وێنەگر یا نیگارکێشی تێدا نەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامە هەیە وێنە بەکارناهێنێ!! جاروبار نەبێ کە ئەویش لە هێندێ نەخشەو وێنەی دیکەی (جاڕدان - ریکلام) تێناپەڕێ وەکو رۆژنامەی(لۆمۆند)ی فەرەنسی کە بە بێ وێنە دەردەچێ[2].

لای خۆشمان گەلێک رۆژنامەو گۆڤار بەبێ وێنە دەرچوون، بۆ نموونە(کوردستان)ی یەکەم رۆژنامەمان بێ وێنە دەرچووە، لە گۆڤارەکانی ئەم دواییەش گۆڤاری (نووسەری کورد)[3].

ئەوەی بوو بە هۆی نووسینی ئەم باسە مەسەلەی بەهەند نەگرتنی وێنەیە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاناندا، یاخود بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی هەرواییەوە؛ هەروەها بایەخ نەدان بەکاریکاتێرو دەوری کاریکاتێر، سەبارەت بە کەمی ئەم جۆرە باسانەیش کە پێم وایە بۆ لەمەودوای رۆژنامەگەریی کوردی بێ سوود نابێ.

لەم باسەدا هەوڵیشم داوە ئەو سەرەقەڵەمانەی لێیان دواوم لەواقیعی حاڵی رۆژنامەگەریی کوردییەوە قسەیان لەسەر بکەم کە بەلای منەوە گرینگی هەر باسێکی لەم چەشنە، بەو رەنگە زیاتر مەبەست دەگەیەنێ، چونکە جێی گومان نی یە

کە(هەرچی چۆنێک بێت) لەگەڵ بارە گشتییەکەیشدا کە ڕۆژنامەگەریی ئێستای تێدایە، ڕۆژنامەگەریی کوردی تایبەتیەتی خۆی هەر هەیەو دەبێ هەیشبێ.

بە هۆی ئەو تاڵە جیاوازییەی نێوان فۆتۆگراف و وێنەی قەڵەمکێش وکاریکاتێرو کەرەستەکانی تایپۆگرافیاش لە ڕۆژنامەدا، خوێنەر تێبینی ئەوە دەکا وامان بەباشتر زانیوە باسەکە لە سێ تەوەرەدا جێ بکەینەوە، یەکەمیان تایبەت بێ بە وێنەی فۆتۆگرافی و قەڵەمکێشی دی لە ڕۆژنامەدا، دووەمیان بۆ کاریکاتێرو سێیەمیان بۆ کەرەستەکانی تایپۆگرافیا.

لە هەرسێ تەوەرەیشدا بە پێی دەرفەت و بواری بڵاوبوونەوە وێنەو نەخشەو خشتەی ڕوونکردنەوەمان داناوە کە پێم وابووە لە باسی وادا پێویستن.

***نەژاد عزیز سورمێ***

**حوزەیرانی** 1989



**یەکەم: وێنە**

## وێنەو ڕۆژنامەگەریی

**«چاوپێداگێڕانێکی مێژوویی»**

وەک چۆن پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەریی بە پێشکەوتنی چاپخانەوە بەند بووە، هەر بەو جۆرە بەرەوپێشچوونی(کامیرا) لە ئەنجامی ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژیەی ئامێرە وردەکان بەخۆیانەوە دیوە، وێنەی فۆتۆگرافی بەرەوپێشتر بردووە، بە ئاستێک کامیرای ئەوەندە وردو بچووک و خۆکار پەیدا بوون باوەڕنەکردە!!

سەرەتایش(وەک وتمان) وێنەی سەردیواری ئەشکەوتان بوو، ئینجا نووسینی وێنەیی لە هەردوو شارستانیەتی(ئێراق و میسر)ی دێرین[4] ئینجا زۆر ڕێکەوتی دیکە لەوەی (کون-الثقب)ی پێ دەڵێن و کە لە دواجاردا لە گرتنی وێنەدا بەکارهات.

ساڵی 1963 لە ئیتاڵیادا بەرەواژی وێنەیەک لە شاری (بۆمبی)دا دۆزرایەوە، ئەو شارەیش ئاشکرایە ساڵی 79ی زایینی کەوتەبەر شالاٌوی گڕکانی ڤیزۆڤەوە؛ لەژووری ماڵێکدا کونێک دەبێ لەبەرابەر دیوارێکی بەردین، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کونەدا وێنەکە بەسەر دیوارەکەوە دەرکەوتبوو (دوای شیکردنەوەی کیمیایی دەرکەوت کە دیواری بەردین ڕێژەیەکی لە(نیتراتی زیو)تێدایە کە تیشک کاری تێدەکا، بەم جۆرە ئەمە یەکەم وێنەی فۆتۆگرافییە سرووشت گرتبێتی، ساڵی79زایینی[5].

سەرەتایش کە ئامێری وێنەگرتن دروست کرا لەسەر ئەو بنەماو بناغەیە بوو، ئەوەتا هونەرمەندی بەناوبانگ داڤنیشی لە بیرەوەرییەکانی دا باسی(سندووقی تاریک)مان بۆ دەکا کە چەندین تاقیکردنەوەی لەسەر کردووەو چۆن ڕۆژێ تیشکی لە کونی پەنجەرە دیوە بە تیرێژ لە دیوارەکەی بەرامبەری داوەو وێنەی بەرەواژی دیمەنەکانی دەرەوەی بەسەرەوە بینیوەتەوە[6].

بەڵام مێژوو پەنجە بۆ کابرایەکی تریش ڕادەکێشێ کە کامیرای داهێناوە، ئەو کابرایە(جان باتیست بورتایە) و خەڵکی شاری ناپۆلی ئیتاڵیایەو ساڵی 1553 لە کتێبێکدا باسی ئەو سندووقە تاریکەی کردووە کە چۆن لە وێنەگرتندا بەکاردێ[7].



بەو جۆرە دێ تا ئەوەی کونی سندووقەکە(هاوێنەی کووڕ)ی تێدەگیرێ بەمەش وێنەکە ڕوونتر دەبینرێ.. بەڵام نە وێنەگری کامیرای ئەوسا ئەوەندە بچووک بوون وەکو ئێستا کە بەئاسانی بەکاری دێنین، نە لە توانایشدا بوو وێنەکان چەسپ بکرێن و بمێننەوە، وەکو ئێستا کە دەتوانین لە هەر چرکەیەک هەزار وێنەی لێ بگرینەوە, بڕوانە وێنەی(2).

تاوەکو سەدەی (17و18)یش وێنە لەسەر ڕووی کاغەز لەبەرامبەر ڕووناکیدا دەردەکەوت، بەڵام کە لە کامیرا دەردەهێنرا ڕەش دەبووەوە، واتە توانای چەسپ بوون و مانەوەی نەبوو!!

«زانای فەرەنسی(نیپس) یەکەم کەس بوو دوای چەند تاقیکرنەوەیەکی کیمیایی توانی وێنەیەک بگرێ بمێنێتەوە»[8].

بێگومان ئەو تاقیکردنەوە یەک بە دوای یەکانە نەبان ئەمڕۆ ڕۆژنامە لە کەرەستەیەکی پێویست وگرنگی کەم دەبوو.

ڕۆژنامەکانی بەرایی بەو شێوەی ئێستا نەبوون؛ لە شێوەی کتێب دا بوون، ئەم جۆرە قەوارەیش بواری بڵاوکردنەوەی وێنەی کەمتر بووە.

یەکەم وێنە لە ڕۆژنامەی(ویکلّی نیوز–Weekly News)ی بەریتانی دا ساڵی 1638 بڵاوکراوەتەوە[9]، دەربارەی

چۆنیەتی بڵاوکردنەوەیش تەنانەت لە ئەمریکاشدا تا دوا دواکانی سەدەی نۆزدەم هەر کلێشەی دارین بەکاربراوە، پاشان بەوە گەیشتووە زەنگۆگراف بەکاربهێنرێ[10]، تا ئەوەی چاپ بەرەو پێشتر چوو ئۆفسێت هات، ئیتر ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقەکە وێنەی گیراوەتەوەو چاپکراوە[11].

بێگومان ئەمەیش لەچاوتروکانێکدا نەبووە، بەڵکو دوای ماندووبوون و بەدواداچوونێکی زۆر بووە کە تەکنەلۆژیای چاپ هێنایە بەرهەم و ئێستایش هەر بەردەوامە..

شایانی باسە تا ساڵی 1940 یش ئەوەندە گرینگی بە بڵاوکردنەوەی وێنەی هەواڵ و تۆمارکردنی نەدەدرا، دوای ئەو ساڵە بڵاوکردنەوەی وێنە پێی نایە ئەو قۆناخەوە[12] دەگونجێ ئەم گۆڕانکارییەش بە هۆی شەڕی دووەمەوە بێ، چونکە وێنە لەو ماوەیەدا دەورێکی بەرچاوی لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا بینی، بەتایبەتیش لە ئاخروئۆخری جەنگدا، چونکە ڕووداوەکانی جیهان لەوکاتەدا چووبوونە قاوخێکی دیکە، قاوخێکی تیژڕۆتر کە کارێکی زۆریشی کردەسەر هۆیەکانی پێکگەیشتن و ڕاگەیاندن لەوانەش ڕۆژنامە.. کە ئەویش بەدەوری خۆی پێویستی زیاتری بەوێنەبوو.. هەروایش بوو؛ وای لێهات بڵاوکردنەوەی وێنەبوو بە پێویستییەکی پێویست بۆ ڕۆژنامە[13].

نەک هەر ئەوەیش بەڵکو لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەیشدا





چیرۆکێکی بیانی وێنەدار بۆ منداڵان

بەشێک لە چیرۆکێکی وێنەدار بۆ منداڵان بە کوردی (بەنووسینەوە)

**وێنەی (1)**

ڕۆژنامەو چاپکراوی دی لەگەڵ یەکتر کەوتنە پێشبڕکێ.

لەلایەکی دیکەوە بڵاوکردنەوەی وێنە کە بەر لەوکاتە زیاتر بەبەرگۆڤارەکان دەکەوت بەهۆی ئەوەی دەبووایە نیگارکێشەکان لەسەر(دار) هەڵیان بکۆڵیبایە بۆ چاپ، جا چونکە ئەم کارە وەختێکی دەبرد بۆیە وەکو بە گۆڤار ڕادەگەیشت بە ڕۆژنامە رانەدەگەیشت[14]، لەوکاتەدا بە هۆی دەرکەوتنی (زەنگۆگراف) بەربڵاوترو خێراتر بوو وای لێهات لە ڕۆژنامەشدا بڵاودەبووەوە، دەرکەوتنی ئاژانسی تایبەت بە (وێنەی ڕۆژنامەگەریی)یش ئەگەرێکی دیکە بوو وێنە شوێنێکی دیاری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هەبێ[15] بەم شێوەیە کاروانی خۆشڕەوی ئەو هونەرە ئێستاش لەگەڵ دابێ

نەوەستاوە، دەوریشی وەکو کەرەستەیەکی ڕاگەیاندن و تایپۆگرافیش بەدیارکەوت و کاری کردە سەر دەرهێنانیش[16].

## وێنە لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا:

ئەم دوادواییانە نەبێ، ڕۆژنامە یا گۆڤارێکمان لەو جۆرە نەبووە لەو چەشنەی بە(ڕۆژنامە یا گۆڤاری وێنەدار)ەوە ناسراون؛ لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ڕۆژنامەگەریمان بەجارێ خاڵی نەبووە لە وێنە بێجگە لەوەیش ئاشکرایە کە لە هەر ئان و زەمانێک و لە هەر شوێنێکی کوردستان و دەرەوەیشیدا ئەگەر ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێک دەرچووبێ ئەوا لە ڕووی هونەری دەرهێنانەوە بەشێوەیەک کاری دەوروبەری لەسەر بووە.. بەڵام کە لەو مێژووەش ورد دەبینەوەو لاپەڕەی کۆنە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان هەڵدەدەینەوە دەبینین بەو ڕەنگە نەبووە!؛ لە چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەک بترازێ کە زۆربەیان هی ئەم دوادواییانەن، ئەوانی تر یا وێنەیان هەر بڵاونەکردووەتەوە یا بایەخی پێویستیان پێ نەداوە!کەمی چاپخانەیش کە پێوەندییەکی پتەو و ڕاستەوخۆی بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە لە پاڵ هەل ومەرجی بابەتی ترەوە هۆی دیکە بوون کە ڕۆژنامەگەریمانی لەگەڵێک لایەنی هونەرییەوە بێبەش کردووە، لەوانەیش بڵاوکردنەوەی وێنە بووە، ئەویش نەک هەر بەهۆی کەمی و دەگمەنی سەرچاوەی



وێنەو نەبوونی وێنەگری تایبەت بەو ڕۆژنامە یا ئەو گۆڤاری کوردی؛ بەڵکو بە هۆی سەختی بڵاوکردنەوەیش لەڕووی هونەرییەوە! ئەوەتا مامۆستا (صادق الازدی) کە ڕۆژنامەنووسێکی چلەکانە دەگێڕێتەوە: «لەبەغدا کەسێک نەبوو کلێشە بۆ وێنە دروست بکا، دەبووایە ڕۆژنامەنووس وێنەکە بە ئۆتۆمبیل بنێرێتە بێرووت[17] ئینجا کەی بۆی دەگەڕێتەوە خوا دەزانێ.. دیسان ڕۆژنامەکانی ئێراق لە شەڕی جیهانی دووەمەوە بەدوا کلێشەی پلاستیکیان بەکارهێناوە کە لە هی (دار) پێشکەوتووترە، لەگەڵ ئەوەی دەبوایە لەداریش چەسپ بکرابووایە کە ئەمەشیان وەختێکی دەوێ.. گرانی کلێشە دروست کردن و دەستکورتی ڕۆژنامەکانیش بووەتە هۆی ئەوەی گەلێ جار ڕۆژنامەی چلەکان و پەنجاکان وێنەی کەلیشەکراو لەیەکتر بخوازنەوە، بەتایبەتیش وێنەی سەرەک دەوڵەت و سەرەک وەزیر و پیاوەگەورەو زلەکانی تر، کە هەندێکیان هەر لە(بەڕێوەبەرایەتی پروپاگەندەی گشتی) سەر بە وەزارەتی ناوخۆوە پارێزرابوون تا لە کاتی پێویستدا ڕۆژنامەکان بەکاری بهێنن[18].

بارەکە بۆ ڕۆژنامەی کوردی سەخت ترو وێرانتر نەبووبێ چاکتر نەبووە، هەر بە نموونە کە شارەوانی سلێمانی ساڵی 1935 بەسەرپەرشتی(ساڵح قەفتان) ڕۆژنامەی(زبان) دەردەکا، کلێشە کۆنەکەی (ژیان)ی بۆ دەکڕێن و

دووخاڵی(ژ)و خاڵێکی (یـ)ی لێ لادەبەن و (ژیان) دەکەن بە(زبان)[19] بێگومـان ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کـە دروست کردنی کلـێشـە تاکو ئەوسایش کـارێکی ئاسـان نەبووەو تا ئەوسـایش پێ ناچێ لە بەغـدایش هەبووبێ دەنا لەوانە بوو بنێردرایەتە ئەوێ، جا ئەگەر بۆ ناونیشـانی سەرەکی وابووبێ بۆ کلێشەکردنی وێنە چۆن؟[20].

بەڵگەیەکی تریش هەر لەم بارەیەوە دوودێر شـیـعـری پیرەمێردی شاعیرە، پیرەمێرد لە سوپاسی شێخ لەتیفی سنەییدا کە کلێشـەیەکی بۆ(ژین) کردووە بەدیاری ئەم دوو دێرەی وتووە:

**شێخێکی لطیف بە لوطف کاری**
**کلیشەی ژینی ناردوە بەدیاری**
**ژین بەفەخرەوە نایەسەر وەک تاج**
**بەو خەتە جوانە ئەگاتە ڕەواج**

شـایانی باسـە ئەم شـێخ لەتیفـە جگە لەوەی قـەڵەمـبڕو دانسازێکی بەناوبانگ بووە، لەکاری قەڵەمبڕی و تفەنگی ڕاو دروست کردنیشدا دەستێکی باڵای هەبووە[21].

بەم پێ یە بڵاوکردنەوەی وێنە بە شێوەی ئێستا کە ڕۆژنامەو گۆڤار بە ئۆفسێت چاپ دەکرێن ئاسان نەبووە..

کەواتە شاباش بۆ ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکانمان کە بەو ئیمکانیاتە کەمەوە پەیامی خۆیان گەیاندووە.



ئێستا با بزانین یەکەم وێنە لە کوێدا، لەکام ڕۆژنامە یا کامە گۆڤاری کوردیدا بڵاوکراوەتەوە؟

با لە (کوردستان- 1898)ەوە دەست پێ بکەین؛ ڕۆژنامەی (کوردستان) بەدرێژایی ماوەی دەرچوونی لە(قاهیرەو لەندەن وفۆلکستۆن و ژنیڤ) هیچ وێنەی بڵاونەکردووەتەوە[22].

دوای(کوردستان)یش بە گوێرەی ئەوەی تا ئێستا باس کرابێ ڕۆژنامەی(کورد تەعاون و تەرەقی غـەزەتاسێ) ساڵی 1908 لە ئەستەمبۆڵێ دەرچووەو کە دکتۆر کەمال مەزهەر لە (تێگەیشتنی ڕاستی و..) و جەمال خەزنەداریش لە(ڕابەری




وێنەی (2)

ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا ناوی دێنن[23] ، هیچ وێنەیەکی تێدا نییە.

دوای دەرچوونی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتاسی)یش دەنگوباسی دەرچوونی هیچ چاپکراوێکی پێوەند بە ڕۆژنامەگەریی نە لەو دوو سەرچاوەیەو نە لە کتێبەکەی جەبار جەباری(مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی)دا نەهاتووە.

هەرلەوساڵەدا ڕۆژنامەی(شەرق ڤە کوردستان- ڕۆژهەڵات و کوردستان) لە ئەستەمبۆڵێ و ساڵی 1909یش ڕۆژنامەی(پەیمان) لە ئامەددا دەرچووە[24] ، هەر چەندە ئێمە شتێکی ئەوتۆ لە بارەی ئەم دوو ڕۆژنامەیە نازانین، بەڵام بە پێی ئەو سەرچاوەی کە باسی دەرچوونیان دەکا پێ ناچێ وێنەی تێدا بووبێ[25] .

پاش دەرچوونی(پەیمان)ی ئامەدیش، گۆڤاری (ڕۆژکرد- ڕۆژی کورد) ساڵی 1913 لە ئەستەمبۆڵ لەلایەن کۆمەڵەی(هیڤیا کورد)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژی کورد[26] کە تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە، یەکەمین گۆڤاری کوردی یە وێنەی بڵاوکردبێتەوە- بڕوانە وێنەی(3).

لەو سێ ژمارەیەی دا سێ وێنەی تێدایەو بەم جۆرە:

- ژمارە(1) کە لە 19ی حوزەیرانی 1913دا دەرچووە وێنەی سەلاحەددینی ئەیوبی لە لاپەڕەی یەکەم.






**وێنەی (3)**

**گۆڤاری (ڕۆژی کورد-١٩١٣)**
**یەکەم گۆڤاری کوردی کە وێنەی بڵاوکردۆتەوە**

- ژمارەی(2)ی هەر لە لاپەڕەیەکدا وێنەی -کەریم خانی زەند.

- ژمارە(3)یش وێنەی - بەدرخانی حسێن کەنعان پاشابڵاوکردۆتەوە[27] .

وێنەکان لە ڕووی هونەرییەوە لەو وێنانە دەچن کە لە ستۆدیۆی وێنەکێشاندا دەگیرێن، هەرچەندە هەردوو وێنەکەی(سەلاحەددین و کەریم خان) بەدەست دروست کراون، بەڵام ساف و ڕوونن و سیماکان ئاشکراو دیارن تەنانەت دوای ئۆفسێت کردنەوەیشی.



**وێنەی (4)**
**نموونەی چەند رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردی**

وەک لەبەراییشدا ڕوونمان کردەوە کە دروست کردنی کەلیشەی وێنە لە ئێراقدا چەند ئەستەم بووە لە کاتێکدا بە چەندین سالێش دوای دەرچوونی(ڕۆژی کورد)، ئەمەش بێگومان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاپ و چاپەمەنی لە ڕۆژهەلاَت دا لە تورکیا ڕا پەیدا بوو ئەو دەمەی لە«دوادواکانی سەدەی یازدەم زانایە جوولەکەکان چاپخانەیەکیان بە پیتی عیبری هێنایە(ئاستانە)»[28].

هەرچەندە سولتانیش نەیدەویست ئەم داهێنراوە نوێ یە (کە بە لاییەوە پەتایەکی ترسناک بوو) موسلمانەکانیش بگرێتەوە، بەلاَم گومانی تێدا نی یە لە ڕووی هونەری چاپەوە سوودی خۆی گەیاند[29]، کە پاشان ئەو پریشکە



ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەرییە کوردیشی لەو سەردەمەدا گرتەوە.. دیسان بلاوکردنەوەی وێنە هەر لەو سەردەمەدا لەڕووی هونەری ڕۆژنامەنووسییەوە مانای خۆی هەیە ئەگەر بزانین زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەی دیکە بە چەندین سالّ دوای(ڕۆژی کورد) دەرچوون وێنەیان تێدا نییە؛ هەر بە نموونە(ڕۆژی کوردستان- 1922)ی سلێمانی[30] یان (بانگی کوردستان)[31] بڕوانە وێنە(4).

تا ئەوەی گۆڤاری(ڕوناهی- Ronahi) شام، سالّی 1942 دەردەچێ ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەو ماوەیە هەر چەندە هێندێکیان خالّی نەبوون لە وێنەو قەلّەمکێش؛ بەلاّم لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تا سالاّنی دوای 14ی تەمووزیش هیچ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک ئەوەندەی گۆڤاری (روناهی/1942) بایەخی بە بلاوکردنەوەی وێنە نەداوە بە ڕادەیەک دەتوانین بە یەکەم گۆڤاری وێنەداری دابنێین لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا[32] بڕوانە وێنە(5).

تەنانەت هێندێ لەو چاپکراوە کوردییانەی دوای 14ی تەمووزیش دەرچوون ئەو بایەخەیان بە وێنە نەداوە وەکو(روناهی)ی شام پێی داوە، لەکاتێکدا ئەو بارە لەبارەی بۆ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپکراوانە هەبووە، بێگومان بۆ روناهی نەڕەخساوە، لێرەشدا مەسەلەکەمان پتر بۆ یەکالاّ دەبێتەوە؛ کە لە تەواوی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا

بایەخ بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەدراوە، ئەمەش بە بڕوای من بە هۆی دوو ئەگەران بووە:-

**یەکەمیان:** لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا، ڕۆژنامەگەریی کوردی نە ئەو هەل ومەرجە ماددی و هونەریی و تەکنیکییەی هەبووەو نە ئەگەر هەیشیبووبێ( سەبارەت بەگەلێک هۆی بابەتییەوە) بۆی ڕەخساوە.

**دووەمیشیان:** ڕۆژنامەنووسانی ئەو دەمە کە بە ئیمکانیاتێکی کەمەوە دەستیان دابووە ئەم کارە، بۆ ئەمەش ئەنگیزەی نەتەوەو نیشتمانپەروەری پاڵی پێوە نابوون، هەر خواخوایان بووە،، بەهەر شێوەیەک بێ دەربچێ و ئەوەندەی ناوەڕۆک و بڵاوبوونەوەیشیان مەبەست بووە ئەوەندە بەتەنگ لایەنی هونەرییەوە نەبوون، دیسان هوشیاریی هونەرییان لەو ئاستەدا نەبووە کەدەوری وێنە وەکو پێویستەو هەیە لە ڕۆژنامەدا بەهەندهەڵبگرن! تەنانەت ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکانی کورد، کە هەمیشە هەوڵیان داوە مینبەرێکیان هەبێ بیروڕاو دەنگی خۆیانی لەسەر دەربڕن، دەبینین لە زۆربەی قۆناخەکاندا کە ڕۆژنامەیەکیان دەرکردبێ بە زمانی کوردی نەبووە! هەر لێرەوەش کاتێ بە زمانەکانی تر بووە، لە ڕووی تەکنیکەوە ناچاربوون بیگەیێننە ئاستی ئەو ڕۆژنامەو چاپکراوانەی بەو زمانە دەرچوون، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی لەو ئاستە هونەرییەیان بە کوردی



بڵاونەکردووەتەوە، ئەوەیشی کراوە لە پەراوێزی ئەوانی دیکە دابووە کە بە عەرەبی دەرچوون و زمانی حاڵیان بووە، هەر بۆیەش دەبینین مێژووی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی لەچاو مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا دوێنێ یە!(برایەتی- 1974) تەنانەت (برایەتی)ش لە ڕووی هونەرییەوە چ وەک دەرهێنان یا بەکارهێنانی وێنەو تایپۆگرافیاوە لەچاو(التاخی) عەرەبیدا دواکەوتووبوو[33] ئەم دواکەوتنەیش ئاسایی دێتە بەرچاو ئەگەر بزانین ڕادەی تەرخان کردنی بودجەی تایبەتی بۆ لایەنی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە کوردی لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە تەواو کەمتربووە، لەوەی بۆ بەشە عەرەبییەکە دانراوە، بێگومان ئەم بەهەند هەڵنەگرتنەیش زۆر هۆی هەبووە لەوانە: ڕادەی خوێندەواری کۆمەڵگای کوردەواری و بەرتەسکی بڵاوکردنەوە، دیسان نەبوونی چاپخانەیش بەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەیە هۆیەکی تر بووە، بێجگە لە دەرک نەکردنی بەرپرسەکانی(مەبەستم بەرپرسی ئەو حزب و ڕێکخراوانەیە) بە بایەخ و گرینگی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی!

ئەمڕۆش بەهۆی ئەو شۆڕشە تەکنەلۆژییەی کە دنیای چاپیشی گرتووەتەوە گەلێ هۆی پێکگەیشتن و ڕاگەیاندنی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، پێویستە ڕۆژنامەکانمان هەوڵ بدەن خوێندەواری کورد بەشێوەو ناوەڕۆک بەلای خۆیاندا

رابکێشن، نەک تەنانەت نەتوانن سوود لەو بوارە وەرگرن کە پێشکەوتنی چاپ بۆ لایەنی هونەریی ڕەخساندووە.

ئێستاش لەگەڵ دابێ ڕۆژنامەگەریمان لەڕووی چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی وتارو لێکۆڵینەوەو ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیدا لاوازە.

ئێستاش کاربەدەستانی ڕۆژنامە لەبایەخی دەرهێنان و بڵاوکردنەوەی وێنەو گرینگی وێنە وەک بەڵگەنامەیەک نەگەیشتوون.

ئێستاش گەلێک لە هونەرکارانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان گرینگی مێژوویی و جوانکاری و دەروونیی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیان لەلادا ڕوون نی یە، بەقەد ئەوەی وەکو کارێکی میکانیکیان وەرگرتووە، ئەمانەیش هەموو لەکاتێکدا پێشکەوتنی چاپ کارەکەیانی ئاسان تر کردووە، کەواتە جارێکی تریش شاباش بۆ ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکانمان کە بەو ئیمکانیاتە کەمەوە هاتنە پێش و مێژوویەکیان بۆ دروست کردین.



## سەرچاوەو جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی

بۆ یەکەم جار کە تازە وێنەی فۆتۆگرافی پەیدا ببوو، وێنەگرەکان لەهەموو شتێک لاسایی هونەرمەندە شێوەکارەکانیان دەکردەوە تەنانەت لە چۆنیەتی بەرگ پۆشین دا (وەک هونەرمەندە شێوەکارەکان سەروپرچیان درێژ دەکردو بەرگی ئاڵ والایان دەپۆشی)[34].

لەسەرەتایشدا وێنەگرتن وەکو ئێستا نەبوو، هونەری ڕۆژنامەگەریش بەهۆی دواکەتوویی چاپ بەو چەشنەی ئێستا نەبوو، بەڵام کە فۆتۆگراف هاتە مەیدانی بەکارهێنان لە ڕۆژنامەداو لە پاڵ ئەوەی هونەری سینەمایش بەرەو پێشچوو و لە پاشانیش تەلەفزیۆن پەیدا بوو، بەرەبەرە بێنی ڕۆژنامەیان تەنگ کرد، بە گشتی ڕۆژنامەکان بیریان لە بڵاوکردنەوەی وێنەو نیگارو قەڵەمکێشی دی کردەوە، بەم کارەیشیان دەقی نووسراویان زیاتر هێنایەوە بەر سەرنجی خوێنەران و پتریشیان سەرنج بۆ خوێندنەوەیان ڕاکێشا، تا وای لێ هات وێنەو نیگارو کاریکاتێر هەر بە تەنیا وەک خودی خۆیان نەک وەکو کەرەستەی یاریدەدەر بهێنرێتە پێش و شوێنی تایبەتییان بۆ دیاری بکرێ لە ڕۆژنامەدا لە پاڵ نووسین و ریپۆرتاژی وێنەیی دا.

بەم جۆرە ئاسۆ بەرفراوانتر بوو، تاکو بەوە گەیشت ڕۆژنامە پێویستی بە سەرچاوەی دیاریکراوەوە هەبێ کە بەردەوام




**وێنەی (5)**
RONAHI **ی شام-1942-یەکەمین گۆڤاری وێنەدار بەکوردی**

وێنەی لێ دەست بکەوێ.

لەو سەریشەوە وێنەی فۆتۆگرافی گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی و وێنەکێش و کامیرای پێشکەوتووی وا داهێنران کە توانای وێنە گرتنی وردترین شتیان هەبێ.

لە هەمان کاتدا دیاریکردنی سەرچاوەی وێنە کە لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە خوێنەری زیاتر لێ نزیک دەکاتەوەو پتریش جێگای بڕواو متمانە دەبێ.



## سەرچاوەکانی وێنە

دەزگاکانی ڕۆژنامەنووسی لە پەیداکردنی وێنەدا پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوە دەبەستن کە دەتوانین لەمانەی خوارەوەیان کۆبکەینەوە:-

**یەکەم:** وێنەگرەکانی ڕۆژنامە یا گۆڤارەکە خۆی کە وەکو کارمەند و فەرمانبەر کاری تێدا دەکەن.

**دووەم:** ئاژانسەکانی دەنگوباس، کە هەندێکیان هەر تایبەتن بە وێنەو ئەوانی تریش بەشی تایبەتییان بۆ وێنە تەرخان کردووە. بەتایبەتیش ئاژانسە سەرەکییەکانی وەکو(یونایتد پرێس)و(ڕۆیتەر)و(AFP)و تاد....

**سێیەم:** ئەرشیفی ڕۆژنامەکە خۆی.

**چوارەم:** وێنەگرە ئارەزوومەندەکان کە حەزیان لە وێنەگرتنە.

**پێنجەم:** وێنەگرە پیشەوەرەکان.

**شەشەم:** هونەرمەندانی شێوەکار(بەتابلۆ و قەڵەمکێشەکانیانەوە).

**حەفتەم:** دایەرەو باڵوێزخانەو کۆمپانیاکان.

**هەشتەم:** نووسینگەکانی پێوەندی لە دایەرە ڕەسمییەکاندا، هەروەها بەشەکانی ڕاگەیاندن لەو دایەرانەدا.

**نۆیەم:** هەندێ ئاژانسی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە

ڕۆژنامە پشتیان پێ دەبەستێ وەکو: (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری- یۆنسکۆ UNESCO) یان (سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرپەرشتی کردنی منداڵان- یونیسێف UNICEF)و (دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراک و کشتوکاڵ - فاوFAO)و (بانقی بنیاتنان و پرۆگرامی بەهانا هاتنی نێودەوڵەتان)و..تاد.

**دەیەم:** نێردەکانی پشکنینی ئارکیۆلۆژی تایبەت بە پاشماوە دێرینەکان.

**یازدەم:** مۆزەخانەکان و هی تریش.

بێجگە لەو وێنەو نیگارانەی لە خەڵکییەوە بۆ ڕۆژنامە دەنێردرێن، تەنانەت گۆڤارو ڕۆژنامەکان خۆیشیان زۆر جار دەبنە سەرچاوەی یەکتری، هەروەها نیگارکێشەکانی ڕۆژنامەکە خۆیشی بۆ کاتی پێویست کاتێک فۆتۆگرافیان بۆ بابەتێکی دیاریکراوەوە دەست ناکەوێ، ئەو نیگارکێشانە قەڵەمکێشی پێویستیان بۆ ئامادە دەکەن، یاخود ئەو مۆنتیفانەی لەگەڵ بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دا بڵاودەکرێنەوە بروانە وێنەی(6).

لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەرچاوانەدا تەماشا دەکەین ڕۆژنامەگەریی کوردی لەسەرەتادا ئەگەر وێنەی بڵاوکردبێتەوە، پەیدا کردنی وێنە بەماندووبوون و کۆششی



تاکە کەسییەوە بووە، بە گوێرەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێستاشمان لە ئێراق تاکە سەرچاوەی وێنە ئاژانسی دەنگ وباسی ئێراقییە **(بێ گومان ئەو جاران بوو، پێش ڕاپەڕین و بەر لە ڕووخانی ڕژێمی ڕەشبووەوەی بەعس)**، لە پاڵ هەندێ وێنەی کە بە هۆی پەیامنێرو وێنەگرەکان خۆی دەستی دەکەون، یا ئەوەی نووسەران خۆیان لەگەڵ بابەتەکانیانی دەنێرن، تا ئێستاش ڕۆژنامەکانمان ئارشیفێکی لەباری وایان نییە پشتی پێ ببەسترێ، ئەگەر پشت بە ڕۆژنامەو گۆڤارە بیانییەکانەوە نەبەستن!!.

## جۆرەکانی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی

کە بۆ یەکەم جار ڕۆژنامە وێنەی بڵاوکردەوە قەڵەمکێشی بڵاوکردەوە، مەبەستمان لە قەڵەمکێش ئەو وێنانەیە کە نیگارکێش بە(هێڵ-line) دەیانکێشێ، واتە بەرزی و نزمی سێبەری تێدا نییە لەوەی لە وێنەی فۆتۆگرافیدا هەیە.

ئەو قەڵەمکێشانەش زیاتر بۆ نزیک کردنەوەی دەقەکەیە لە خوێنەر هەروەها بۆ «ڕوونکردنەوەی هیندێ بابەتی گرێچن و سەختیش ڕۆژنامە بەکاریان دەهێنێ» جگە لە مەبەستی جوانکاری و هاوسەنگی پێدان.

بە گشتیی ڕۆژنامە وێنە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا هەڵدێنجێ و بڵاوی دەکاتەوە.

جـۆرەکــانی وێنەی ڕۆژنامــەنووســیش لە چوارچێــوەی ئەم کۆمەڵانەی خوارەوەدا کۆدەبنەوە: بۆ نموونە بڕوانە وێنە(7).

**A- کۆمەڵەی وێنەکانی هەواڵ:** کە ئەو وێنانە دەگرێتەوە لەگــەڵ هەواڵێکدا پەیامنێــر یا ئاژانســەکــان دەینێــرن «ڕووداوێک دەگێڕێتەوە وا بــاویشە بە قەوارەیەکی گەورە بێ و لە ناوەڕاستی لاپەڕەشدا بڵاودەکرێتەوە»[35] وەکو:

- وێنەی کــۆبوونەوەو پەیمان بەستن و ڕێککەوتنی نێــو دەوڵەتان.
- وێنەی پێشهات و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان.
- وێنەی بۆنەو موناسەبەتە نیشتمانییەکان.
- وێنەی خۆ پیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین و تەئید کردن.
- وێنەی چالاکییە کۆمەڵایەتی و وەرزشی یەکان.
- وێنە هەمەجۆرەکانی بەرەکانی جەنگ.
- ئەو وێنانەی پێــوەندییــان بە چالاکی بازرگــانی و پیشەسازییەوە هەیە(دەرەوەو ناوخۆ).
- هەندێ لە نەخشــەی وڵاتان، هەروەها وێنەی ســەرۆک دەوڵەتەکان.

بەدەر لە چۆنیــەتی بڵاوکــردنەوەیش، ڕۆژنامــەگــەریی کــوردی کەم تا زۆر زۆربەی ئەم جۆرە وێنانەی بڵاوکردووەتەوە.



**B- کـۆمـەڵەی وێنەکـانی ریپـۆرتاژ:** ئەم کـۆمـەڵەیەش ئەو وێنانە دەگــرێتــەوە کــە لەگــەڵ ریپــۆرتاژ و دیداری ڕۆژنامەنووسیدا بڵاودەکرێنەوە.



**وێنەی (6)**
**دوو نموونە لەو قەڵەمکێشانەی لەگەڵ دەقی ئەدەبی و هونەری دا بڵاودەکرێتەوە**

وێنەی(ریپۆرتاژ) وەکو وێنەی(هەواڵ) نی یە باوەکو هێندێ جار هەمان وێنەکەی هەواڵە بۆ ریپۆرتاژیش بەکار دەهێنرێتەوە، دیارە لە ریپۆرتاژدا فەرمانی تایبەتی خۆی دەبێ لە پێشەوەی ئەو فەرمانانەش ئەوەیە؛ هەواڵەکە روونتر دەکاتەوە.

**کۆمەڵەی وێنەی ریپۆرتاژیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

– وێنەی جێگاو شوێنە جوغرافیەکان.

– وێنەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو رێ و بان کێشان و...تاد.

– وێنەی دۆزراوە ئارکیۆلۆژیەکان و شوێنەوارە دێرینەکان.

– وێنە هەواییەکان، ئەوانەی بە مەبەستی زانستی بە فڕۆکە دەگیرێن.

– ئەو وێنانەی پێوەندییان بە هەندێ لایەنی پزیشکی و داوودەرمانەوە هەیە.

– وێنەی تاقە کەسی(شخصی)– بە هەموو جۆرێکییەوە.

– ئەو وێنانەی پێوەندییان بە چالاکییەکانی ناو کۆمەڵ و ژیانی گەلەوە هەیە.

– ئەو وێنانەی پێوەندییان بە چالاکی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە.



– هەندێ هێڵکاری و قەڵەمکێشی دیکە لە شێوەی خشتەو دایەگرام و نەخشەی جوغرافیاو..تاد.

– فۆتۆگرافی تابلۆ و ئیشە هونەرییەکان.

– هەندێ لەو وێنانەی پێوەندییان بە هەندێ کەتن و تاوانەوە هەیە لەناو کۆمەڵدا.

ئەوانەو بێجگە لەو مۆنتیف و قەڵەمکێش و ئەو کارە هونەرییانەی بۆ مەبەستی ئاگاداری و ریکلام و جاڕدان لە رۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوەو هەروەها ئەو وێنانەی پێوەندییان بە گەشت وگوزارەوە هەیە.

## بڵاوکردنەوەی وێنە لە رۆژنامەگەریی کوردی دا

سەرەتا پێویستە خوێنەر لەوە باخەبەر بێ ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە وێنە تەواوی جۆرەکانیەتی کە لە گۆڤارو رۆژنامەکان دا بڵاودەکرێنەوەو دەورێکی تایپۆگرافی دەبینن، لە فۆتۆگرافەوە بگرە تا قەڵەمکێش و مۆنتیف و هەموو ئەو نەخشەو دایەگرام و وێنەی دیکەی روونکردنەوە، تەنانەت ئەو وێنەو پۆستەرانەیش کە بە هۆی هونەری کۆلاژەوە پێک دەهێنرێن و لە ریکلام و راگەیاندنی تردا رۆژنامە بەکاریان دێنێ.

هەڵبەت دەبێ ئەوانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانمان کار دەکەن لە پێشەوەی هەمووشیان سکرتێری نووسین بڕوای تەواویان

به دەوری وێنە هەبێت لە ڕۆژنامەدا؛ ئەمەیش مانای وایە کە وەکو پێویست لە هونەرەکە بگەن.



وێنەی (7)

نموونەی چەند وێنەیەکی ڕۆژنامەنووسیی



بەداخەوە ئێستاش لەگەڵ دابێ کە هونەری چاپ بەرەو پێشتر چووەو بڵاوکردنەوەی وێنەی ئاسانتر کردووە، لە ڕۆژنامەگەری کوردی دا ئەو دەورە نەدراوەتە وێنە، وەک ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەرودراوسێ پێی دراوە، با بەهەڵەیش نەچین هەرگیز وێنەی زۆر بڵاوکردنەوە ئەوە ناگەیێنێ کە ڕۆژنامەنووسەکانمان لەدەوری وێنە گەیشتوون!؟ کەواتە دەبێ دان بەوەدا بنێین وێنە لە ڕۆژنامەگەریی خۆماندا نەگەیوەتە ئەو بوارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەرێتی پێویستی پێی هەیە چ لە بارەی چۆنیەتی بڵاوکردنەوە یا تێکەڵوپێکەڵی دەرهێنان دا.. دەبینین هەندێ جار زۆر کەمتر لە پێویست وێنە بڵاودەکەنەوە، گەلێک جاریش زیاد لە پێویست؛ لەهەردوو بارانیشدا ئەو هاوسەنگیەی پێویستە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی بگاتێ، نایگەیەنێ و شیرازەی دابەش بوونی وێنەکان لەسەر لاپەڕەدا تێک دەچێ، خوێنەریش هەر بە سرووشتی خۆی بەلای ئەو لاپەڕانەدا دەچێ کە وێنەیان تێدایەو لاپەڕەکانی تر تاڕادەیەک وەلا دەنێ. ئەمەش بووە بەدیاردەیەک لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانماندا، تەنانەت ئەو لاپەڕانەی بۆ ڕۆشنبیری و ئەدەب تەرخان کراون و تێکستی ئەدەبی و ڕەخنەییان تیا بڵاو دەکرێنەوە سەیر دەکەین بەدەگمەن نەبێ وێنەو قەڵەمکێشێکی لەگەڵ دا نییە!! ئەوەیشی هەیە هیچ پێوەندییەکی بە تێکستەکەوە نییە بە نموونە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەوانەی کە لە دەقەکەدا ناویان

دێ یا نموونەی پەرەگرافێکی ئەو تێکستەی ڕەخنەی لێ دەگیرێ(بڕوانە وێنە(8)؛ یا بڵاوکردنەوەی وێنەو مۆنتیف و قەڵەمکێشی دی لەگەڵ شیعرو چیرۆک و ڕۆماندا، ئەگەرچی ڕۆمان کەمتر بەزنجیرە بڵاوکراونەتەوە.. یاخود نەخشەی ئەو وڵاتەی لەدەقەکەدا ناوی دێ و باسی دەکرێ[36].

هەر لە باسی چۆنیەتی بڵاوکردنەوەدا، دەبێ بەرپرسی لاپەڕە یا نەخشەساز شارەزایی لە هەڵبژاردنی وێنەدا هەبێ و تا بۆی بکرێ وێنەی سەرکەوتووترو لەبارترو گونجاوتر لەگەڵ دەقی بابەتەکەدا هەڵبژێرێ[37] بەو مەرجەی ئەوەندە پەنا بۆ ئەرشیف نەبا[38] ڕاستە ئەرشیف سەرچاوەیەکی گرینگ و حازر بەدەستە بۆ ڕۆژنامە، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە هەواڵێک یا ریپۆرتاژێک لە شوێنێکی دوورەدەستەوە دەگاتە ڕۆژنامە، یاخود بە هۆی تەلەفۆنەوە دەگات، بەرپرسی لاپەڕە پێویستە هەوڵبدات وێنەیەک یاخود چەند وێنەیەکی گونجاو لەگەڵ دەقەکە بڵاوبکاتەوە، لەوکاتانەدا پێویستی زیاتر بە ئەرشیف دەبێ، واتە لەڕووی ناچارییەوە، بەڵام ئەمەش بۆ هەموو بابەتێک نابێ، بە تایبەتی هەواڵێکی بەرەنگێک، یا ریپۆرتاژێکی تازە، بەوەی دیارە کە هەواڵ و ریپۆرتاژی سەرکەوتوو وێنەی خۆیشی لەگەڵدا دەبێ، کە خوێنەر هەر بە بینینی وێنەکان بزانێ مەسەلە چی یە.

جاری وایشە هەواڵ و ریپۆرتاژ و راپۆرتی ڕۆژنامەنووسی



دی بەوێنەوە دەگەنە ڕۆژنامە، بەڵام سەیر دەکەی بەرپرسی لاپەڕەکە یا سکرتێری نووسین وێنەکانی بەدڵ نی یە، لەوکاتەدا نابێ بەبێ وێنە بڵاویان بکاتەوە، پێویستە داوا لە نیگارکێشی ڕۆژنامەکە بکا بە قەڵەم وێنەی لەبارتری بۆ بکێشێ، یان ئەگەر تێیدابوو وێنەکان بەهۆی(فۆتۆمۆنتاژ)ەوە چارەسەربکرێن، کە ئێستا کۆمپیوتەر ئەمەیشی چارەسەر کردووە.

دیسان دەبێ هەر زوو قەوارەی وێنەکان دیاری بکا بەپێی گرینگی و بایەخیان لەگەڵ دەقەکەدا، هەروەها بە پێی ناونیشانی بابەتەکە کە بەپانایی چەند ستوون بڵاودەکرێتەوە کە لێرەشدا پێویستە قەوارەی ڕۆژنامەکە خۆیشی لەبەرچاو بگیرێ، داخۆ هەر قەوارەی ئاساییە یا (تابلۆید)ە، واتە قەوارەی پاشکۆی ڕۆژنامەی(عێراق)ی ئەوساو (هەولێرپۆست)ی ئێستا.

دەبێ ئاگاداری ئەو نووسینانەیش بێ کە پێویستە لەژێر وێنەکان دابنرێن بۆ ئەمەش باشتر وایە لە پشتی وێنەکە بنووسرێ، تاکو کە وێنەکە گەڕایەوە ئەرشیف (دوای بڵاوکردنەوە)بایەخی بەڵگەنامەیی بمێنێ[39]، باشتریشە کە نووسینەکە هەر لە دەقەکە وەربگیرێ، چونکە ڕۆژنامەکان(دەمێکە نووسینی ژێر وێنە هەر لەدەقەوە هەڵدێنجن)[40] ئەمەش وێنە زیاتر بەدەق دەبەستێتەوە.

سكرتێری نووسین لە ڕۆژنامەدا کە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی وێنەیشە پێویستە پێشەکی دەرک بەکاریگەری ئەو وێنەیە بکا لەسەر خوێنەر کە بریاری بڵاوکردنەوەی دەدا، چونکە وێنە لەگەڵ ئەوەی پێویستیش بێ بۆ ڕۆژنامە چەقۆیەکی دوو سەرەیە زۆر جار ئەگەر ئاگاداری هەڵبژاردنی نەبێ دەورێکی پاشڤەبری دەبێ، بە تایبەتیش ئەو وێنانەی پێوەندییان بەکەتنێک یا تاوانێک یاخود نەخۆشییەکی دیاریکراوەوە هەیە، هەروەها ئەو وێنانەی دەبنە هۆی توانج و پلارگرتنی تایبەتی بۆ کەسانی ناوکۆمەڵ یا بە پێچەوانەوە بۆ ستایش و ئافەرین کردن و دەست لە پشت دانی هی تر دوور لە پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەگەریی.

سەرەڕای وێنەی کەتنکەرو تاوانباران هەروەها وێنەی پێوەند بەسێکسەوە کە پێویستە بڵاوکردنەوەیان بە ئاگا لێبوون و شارەزاییەوە بێ و سرووشت و ڕادەی شارستانیەت و هۆشیاری ئەو کۆمەڵگایەی ڕۆژنامەکەی لێ بڵاودەکرێتەوە لەبەرچاو بگیرێ.



## بڵاوکردنەوەی وێنە
## لە نێوان ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب دا

با وەکو لە چۆنیەتی چاپ و بڵاوکردنەوەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان بڵاوکردنەوەی وێنە لە ڕۆژنامەوبڵاوکردنەوەی لە گۆڤاردا نەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤار بە(پێی ئەو لایەنەی تایبەتمەندی لێ وەردەگرێ) ماوەی لێ خەوتانی زیاترە، چونکە یەکەم وەختێکی زیاتری لە پێشەو، یەکی پاشیش بڵاوکردنەوەی تێدا ئاسانترە بەوەی ئەوەندە پابەندی ئەو سنوورانە نابێ کە بۆ ڕۆژنامە کێشراون.

دیسان گۆڤار هەیە وێنە هەر بە دوایی بڵاوناکاتەوە؛ وەکو هێندێ گۆڤاری ئەدەبی، بە نموونە(نووسەری کورد) وەک لە پێشەوەیش باسمان کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گۆڤار هەیە ئەگەر لە ڕۆژنامە زیاتر وێنە بڵاونەکاتەوە کەمتر نییە، وەکو زۆربەی ئەو گۆڤارانەی تایبەتن بە منداڵان و هەندێ گۆڤاری دیکەی تەندروستی و پزیشکی و ئەوانەی تایبەتن بە لقەکانی زانست کەبەبێ وێنەی ڕوونکردنەوە تێگەیشتنیان ئاسان نی یە.

وێنەیش لە گۆڤاردا تەنانەت لەڕووی قەوارەیشەوە لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە جیایە؛ بەهۆی ئەوەی ستوونەکانی ڕۆژنامە بەرتەسکترن لەهی گۆڤار، لە قەوارەی لاپەڕەکانیش دا جیاوازن، ڕۆژنامە کەمتر وێنەی



**وێنەی (8)**

**بەکارهێنانی وێنەی بابەتی رەخنەلێگیراو لەگەڵ وتاری رەخنەیدا**

ڕەنگاوڕەنگ بڵاودەکاتەوە، وەکی دی گۆڤار ئەگەر وێنەی ڕەنگاوڕەنگی هەر تێدا نەبێ بەرگەکەی ڕەنگاوڕەنگە.

بە گوێرەی کتێب و چاپکراوی تریشەوە: هەموو کتێبێک مەرج نییە وێنەی تێدا بێ، ئەو کتێبانەی کە پێویستە وێنەیان تێدا بێ زیاتر ئەمانەن:-

- کتێبەکانی خوێندن و پەروەردە.

- کتێبی تایبەت بە منداڵان

- ئەوانەی وێنەی ڕوونکردنەوەیان دەوێ، وەک کتێبە زانستییەکان فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی، ئەندازە، پزیشکی و..تاد.

- ئەتڵەس و نەخشەکان، کە هەر لە خۆیاندا کتێبی وێنەدارن.





**وێنەی (9)**

**بەکارهێنانی وێنە (قەڵەمکێش) بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە**

- ئەو کتێبانەی تایبەتن بە هونەرەجوانەکان؛ شێوەکاری، سینەما، شانۆ، مۆسیقا و..تاد.

- ئینسکلۆپیدیاو فەرهەنگەکانی زمان.

- ئەو باس ولێکۆڵینەوانەی لە دانشگاو لایەنی زانستی دیبیەوە لە شێوەی کتێب یا نامیلکە چاپ دەکرێن.

- ڤۆڵدەرو نامیلکەکانی گەشتوگوزارو ئەوانەی بۆ پیشانگایان لە چاپ دەدرێن.

- ئەو بڵاوکراوانەی بە مەبەستی پیشاندانی چالاکی دەزگایەکەوە دەردەچن.

– نامیلکەو ڤۆڵدەرەکانی کە بەمەستی راگەیاندن یا ریکلامێکی بازرگانی یا پیشەسازییەوە چاپ دەکرێن، بڕوانە وێنە(9).

بڵاوکردنەوەی وێنە لە کتێبی کوردیدا سایلی رۆژنامەو گۆڤارەکانی هەمدیس ڕەمەکی و بێ پلان بووە، سوێندی کتێبەکانی قوتابخانە ناخۆم کە ئەوانیش لەسەر بناغەی کتێبە عەرەبییەکانەوە چاپ دەکرێن[41]، هەروەها چەند کتێبێکی دیکە کە زیاتر بە کۆشش و ماندووبوونی خاوەنەکانیانەوە بووە!

وێنە لە کتێبەکانمان دا بەزۆری نەپێرستی بۆ دەکرێ نە هێمایەکی دەبێ پێی بناسرێتەوە! ئەوە روونی و سافیشی لەو لاوە بوەستێ، کە هەندێ جار بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی وەک یەکی لێ دێ!!

لەبەر ئەم چەند تاڵە رۆشناییەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین بڵاوکردنەوەی وێنە لە رۆژنامەگەریی و چاپکراوی کوردیدا هێشتا وەک پێویست بەهەند هەڵنەگیراوە، هەرچەندە هەندێ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم دواییە خەریکن نرخ و بایەخێک بە وێنە دەدەن، بە نموونە:-

رۆژنامەی(پاشکۆی عێراق) و گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)وگۆڤاری(کاروان)و (ڕەنگین)ی ئەوسا تاڕادەیەک و گۆڤاری (روناهی)و (کاروان)ی ئێستا بۆیەش



دەڵێم(تاڕادەیەک)، چونکە زۆربەی ئەم چاپکراوانە: یەکەم پشتی تەواویان بە ئەرشیف و چاپکراوی دیکە بەستووە، دووەمیش هەندێکیان وا دەزانن بەزۆری بڵاوکردنەوەیە.. کە ئەمەش دوورە لەوەی چاپکراوێک بایەخ بە وێنە بدا، مەسەلەکە لە چەندێتیدا نی یە لە چۆنیەتی دایەو هەر ئەویشە چەندێتی دیاری دەکا.

بەم جۆرە دەگەینە ئەوەی کە وێنە ڕەگەزێکی بنچینەییە لە رۆژنامەو گۆڤار و کتێبیش داو ئەمرۆیش بەدەگمەن هەڵدەکەوێ چاپکراوێک وێنەی تێدا نەبێ.

## کورتەیەک دەربارەی گواستنەوەو لەچاپدان و گەورەو بچووک کردنەوەی وێنە

### گواستنەوەی وێنە:

جیهان ئەمڕۆ وێک هاتووەتەوە.. بچووک بووەتەوە!! شۆڕشی تەکنەلۆژی کە هەموو بوارێکی گرتووەتەوە لەوەندەی پێوەندی بە داهێنانەکانی سەر بە پێکگەیشتن و ڕاگەیاندنەوە هەبێ ئەم جیهانەی پێک بەستووەتەوە؛ لەم سەری دونیا شتێک دەقەومێ لەوسەری دەبینرێ و لەهەمان دەقیقەدا!

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەگەریی سوودێکی تەواوی لەو داهێنانە بینیووە[42]، بە تایبەتیش لە گواستنەوەی وێنەدا؛ کە ئاژانسەکانی دەنگوباس لە چوار ئیقلیمی دنیایێ دا بڵاوی دەکەنەوە.





وێنەی (10)
ئامێری ناردن و وەرگرتنی وێنە



**A**

1- وێنە کە لە سلندەر گیراوە.
2- ئامێری وێنەگرتن کە بەها تیشکییەکانی تێدا دەبێتەوە شەپۆل و هێمای کارەبا موگناتیسی.
3- ئەو تەلانەی ئامێری وێنەگرتن بە ئامێری ناردنەوە دەبەستنەوە.
4- ئامێری بێ تەلی ناردن.
5- نێردە هەواییەکان بۆ ناردنی شەپۆلی کارەبای مۆگناتیسی.

**B**

1- تەلی هەوایی بۆ وەرگرتنی شەپۆلی کارومۆگناتیسی.
2- ئامێری وەرگرتنی شەپۆلەکان(رادیۆ).
3- چەند تەلێک کە ئامێری وەرگرتن پێک دەبەستێتەوە.
4- ئامێری وێنەگرتن کە هێماو شەپۆلی کارەبای مۆگناتیسییەکانی تێدا دەبێتەوە بەهای تیشکی.
5- کولانکەی تەختەی هەستتدار پێش و دوای وەرگرتن.

وێنەی (11)
قەڵەمکێشێک گواستنەوەی وێنە بەهۆی رادیۆوە روون دەکاتەوە

ئێستا «لەڕۆژێکدا هەژدە ملیار وێنە دەگوێزرێتەوە»[43] جا ئەگەر دوێنێ بەهۆی سەختیی دروست کردنی کەلیشەوە بڵاوکردنەوەی وێنە ئاسان نەبووبێ، ئەمڕۆ نەک هەر چاپ کردنی ئاسان بووە، بەدەگمەنیش نەبێ ناوی کەلیشە بۆ ڕۆژنامە لەناو ناوان نەماوە. هەر ئەوەش نا گواستنەوەیشی ئاسان بووە[44]، بۆیە جاران کە پێشبڕکێ لەسەر ناردنی هەواڵ و دەنگوباسەوە دەکرا، ئەمڕۆ فڕکێن فڕکێن لەسەرناردن و گواستنەوەیەتی.

ئێستا با بزانین وێنە چۆن دەگوازرێتەوەو چۆن دەگاتە ڕۆژنامە؟

وێنە بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەگاتە ڕۆژنامە:

**یەکەم/**

بەهۆیەکانی گواستنەوەی ئاسایی:

- بەدەست(کە ئێستا زۆر دەگمەنە).
- بە هۆیەکانی گواستنەوەی زەمینی وەک ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر.
- بەهۆیەکانی گواستنەوەی ئاسمانی(فڕۆکە).
- بەهۆی دەریاوە، کەشتی و پاپۆر.

**دیارە لێرەدا باسی ئینتەرنێت نەکراوە بەوەی باسەکە لە پێش بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە لە کوردستان دا نووسراوە.**





**وێنەی (12)**

**خولی وێنە لە ڕۆژنامەدا لە سەرچاوەوە تا چاپ و بڵاوبوونەوە**



**وێنەی (13)**
**بچووک کردنەوەو گەورەکردنی وێنە**

**دووەم/**

بەهۆی ئاژانسەکانی دەنگوباس، کە لقێکی تایبەتیان بۆ ناردن و وەرگرتنی وێنە تەرخان کردووە.

ئەم ئاژانسانەیش بەهۆی؛ ڕادیۆی تایبەت بە گواستنەوەی وێنە(ناردن و وەرگرتن).

گواستنەوەی وێنەیش بەڕادیۆ ئەمڕۆ بۆ ڕۆژنامەگەریی نوێ بووە بە پێویستییەکی پێویست.

جێی باسە کە(شەڕی دووەمی جیهان کارێکی باشی کردەسەر گواستنەوەو بڵاوبوونەوەی وێنە بەڕادیۆ)[45].

گواستنەوەی وێنەیش بەڕادیۆ چۆن دەبێ؟

ساڵی1928 توانرا وێنە بەبێ تەل بگوێزرێتەوە، ئەویش



| ڕەنگی خۆی | ئەو ڕەنگانەی دەیداتەوە | ئەو ڕەنگانەی هەڵیدەمژێ |
|---|---|---|
| ڕەش | | شین+سەوز+سوور |
| شین | شین | سەوز + سوور |
| سەوز | سەوز | شین + سوور |
| سوور | سوور | شین + سەوز |
| زەرد | سەوز + سوور | شین |
| مۆر | شین + سوور | سەوز |
| لازوەردی (لەپکەیی) | شین + سەوز | سوور |
| سپی | شین+سەوز+سوور | |

**وێنەی (14)**
**دەرکەوتنی وێنەو ڕەنگەکان لە ڕەنگڕشتن دا**

بەهۆی گۆڕینی بەهای تیشک لە سێبەر و نیمچە سێبەرو ڕوناهی بە شەپۆلی کارەبایی کە لەگەڵ تیشکە ڕووناکیەکاندا هاوڕێژە بن[46].

کارەکەیش بەکورتی بەم جۆرە ئەنجام دەدرێ، ئەو وێنەی مەبەستە بینێرن دێن لە لوولەیەکی دەگرن کە لە نێو ئامێرێکی تایبەتی دا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە، هەر بەهۆی ئەو ئامێرەیشەوە وێنەی شوێنە سپییەکان لە هاوێنەیەکی ورد لە شێوەی هێڵدا دەگیرێ پاشان بەها تیشکییەکان دەبنە شەپۆلی کارۆموگناتیسی بۆ ئامێرێکی دیکە دێن کە بە تەل بە ئامێری یەکەمەوە بەندەو لەهەمان کاتیشدا بەو نێردانەی شەپۆلەکان بەرەڵڵای هەوا دەکەن[47] بڕوانە وێنە(10).

ئامێرەکانی وەرگرتنیش هەر بەو چەشنەن بەڵام بە شێوەیەکی پێچەوانەیی؛ (ئەوان شەپۆلی کارۆموگناتیسی لە ڕێگای تەلی هەواییەوە(ئانتێنا) وەردەگرن، تەلەکانیش بەدەوری خۆیان بە ئامێری وەرگرتنەوە(رادیۆ) پێوەندن، ئەویش بە ئامێرێکی تر کە شەپۆلی کارۆموگناتیسی دەکاتەوە بە بەها تیشکییەکان و بەم جۆرە تیشکەکانیش دێنە سەر ڕوویەکی هەستتدارو ..تاد[48]. بڕوانە وێنە(11).

**سێیەم: بەهۆی تەلەفۆن:** ئەم ڕێگایەش زیاتر پەیامنێرەکانی ڕۆژنامە بۆ زووتر گەیاندنی وێنەو شتی تر بەکاری دێنن.

ئامێرێکی بچووکەو لە تەلەفۆنی دەبەستن، لەوسەریشەوە ڕۆژنامە بەهۆی ئامێرێکی پێشوازیکاری تایبەتی دیکەوە وێنەکان وەردەگرێ.

**چوارەم: بەهۆی ئامێری تەلفۆتۆی تەماتیکی؛** ئەم ئامێرەیش لەم دوادواییانە داهێنرا؛ لە خۆڕا وێنە وەردەگرێ بێ ئەوەی کەسی لەسەر بێ، بەڵکو بە پێی فەرمانەکانی ئامێری نێردەرەوە کار دەکا.

## چاپکردنی وێنە

لە چاپدانی وێنە بە ڕێگاکانی چاپ کردنەوە بەندەو دەگۆڕێ، بە کورتی لە جۆری چاپی(لێتەرپرێس)دا، وێنەو قەڵەمکێش و نەخشەو هەرچی بێ لە دەقەکە بترازێ پێویستە کەلیشە بکرێ واتە زەنگ بکرێ، لە هەندێکیان



دەبێ کەلیشەکان لەداریش چەسپ بکرێن تا بگاتە ئاستی دەقە چنراوەکە.

لەم جۆرەدا وێنەکە بەو تەرزە ساف و ڕوون دەرناچێ، مەگەر چاپکارێکی کارامەی لەسەربێ و چاپەکە یەکجار پاک بێ، دوای کەلیشە کردنیش ناکرێ دەسکاری بکرێ و گەورەو بچووک بکرێتەوە.

بەڵام لە جۆری ئەوچاپەی بە ئۆفسێت دەناسرێ و ئەمڕۆ زۆربەی چاپکراوەکانی دنیا پەیڕەوی ئەم ڕێگایە دەکەن جگە لەوەی لە چاپ دانی ئاسانترە، لەبارترو ساف و ڕوونتریش دەردەچێ، هەر وەختێ بشمانەوێ گەورەو بچووکی دەکەینەوە. دیسان ئەم ڕێگایە وەختیشی زۆر ناوێ.

چاپکردنی وێنەیش بە ڕێگای ئۆفسێت بەم جۆرە دەبێ:

با لەوە دەست پێ بکەین کە(وێنە) دوای ئەوەی لەسەرچاوە جیاجیاکانی باسمان کردن دەگاتە ڕۆژنامە.. دەرهێنەر یا سکرتێری نووسین، پێش هەموو شتێک دوای ئەوەی ئەو وێنەو قەڵەمکێشانە دیاری دەکا کە بڵاودەکرێنەوە، ئەوجار فۆتۆگراف و قەڵەمکێشەکان لێک جیا دەکاتەوە، چونکە هەر وێنەیەک هێڵکار بێ(Line) لەگەڵ دەقە چنراوەکەی وێنەی دەگیرێ، بەڵام فۆتۆگرافەکان لە نەخشەسازی و دەرهێناندا تەنها پێوەرەکانیان دەستنیشان دەکرێ و لە وێنەگرتن بەکوللەیی(شبک) وێنەیان دەگیرێ[49].

دوای ئەمانە وێنەکان دەنێردرێنە(بەشی وێنەگرتن) لەبەشی وێنەگرتنیشدا پاش ئەوەی وێنەی دەگیرێ و لەدەرمانی بەدیارخستن و چەسپ بوون هەڵدەکێشرێ و لەنێگەتیفەوە دەکرێ بە پۆزەتیف، یاخود هەروا دەهێڵرێتەوە(بەپێی پێویست و ڕاسپاردنی بەشی هونەریی یا سکرتێری نووسین) وشک دەکرێتەوەو دەنێردرێتە بەشی مۆنتاژ.

لە بەشی مۆنتاژیش بە پێی پێوەری چاپکراوەکە لەگەڵ دەقی وێنەگیراوەدا ڕێک دەخرێ و ئەوجار دەنێردرێتە بەشی وێنەگرتنی سەر پلێت(کۆنتاک) کە بەهۆی تیشکی ژوور وەنەوشەییەوە وێنەی دەگرێتەوە. دواجار دەنێردرێتە بەشی چاپ و لە لوولە(سلندەر)ی مەکینەی چاپکردن دەگیرێ و دەست بە چاپکردنی دەکرێ. لەم چەشنە چاپەدا دەتوانین تاڕادەی پتر لە(100) هەزاری پێ چاپ بکەین، چەندی چاپی لێتەرە توانای ئەو هەندەی نییە. بڕوانە وێنە(12).

## ***گەورەکردن و بچووک کردنەوەی وێنە***

هەر وێنەیەک کە دەگاتە ڕۆژنامە مەرج نی یە بە قەوارەی خۆی بڵاوبکرێتەوە، وێنە هەیە زیاد لە پێویست گەورەیەو بە پێچەوانەوەیش هەیە بچووکەو پێویست دەکا گەورە بکرێ؛ بۆیە دەرهێنەری هونەریی ناچار دەبێ بە پێی قەوارەی لاپەڕەکەو جۆروبایەخی وێنەکەو سیاسەتی دەرهێنانی چاپکراوەکە دەسکاری بکا.



ئاسانترین ڕێگای گەورەکردن و بچووک کردنەوەی وێنەیش (هەر وێنەیەک) بەم جۆریە: ئێمە دەزانین شێوەی وێنە لاکێشەیی و چوارگۆشەیی هەیە، جا بۆ نموونە ئەگەر وێنەیەکمان هەبێ بە پانایی 14سم و درێژایی 20سم، ویستمان ببێ بە 15سم، هێڵێک لەم سەرو ئەوسەری وێنەکە دەکێشین تا تەورەی وێنەکە پێک دەهێنێ. پاشان بە پانی15 سم دەپێوین و هەر لەو پنتەیشەوە هێڵێکی درێژ وەردەگرین، بەرزیی ئەم هێڵە دەکاتە بەرزی وێنەکە(پانی) دوای بچووک کردنەوەی.

گەورەکردنیشی هەر بەو جۆرەدەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە، ئەمجارە هێڵی تەوەرە بۆ دەرەوەی وێنە درێژ دەبێتەوە[50] تەماشای وێنە(13) بکە.

## ***نوێشکێک لەبارەی چاپکردنی وێنەی ڕەنگاوڕەنگەوە***

لە چاپدانی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ دیاردەیەکی دیکەی پێشکەوتنی چاپ و ڕۆژنامەگەرییە.. سەبارەت بەوەی کە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ پێویستی بە ڕەنگرێژی و تەکنیکێکی تایبەتی خۆی هەیە.

لەچاپکردنی وێنەی ڕەنگاوڕەنگدا(فۆتۆگراف بێ یا تابلۆ)، هەر ڕەنگێک دەبێ فلیمێکی هەبێ، هەر فلیمێکیش پێویستە بە پێی ڕەنگەکەیەوە تۆنێکی تایبەتی بدرێتی،

ئەمەش بەبەکارهێنانی فیلتەری تایبەتییەوە دەبێ کە لە هاوێنە(عدسە)ی کامیراوە دەگیرێ و بەم جۆرە تەنیا ئەو ڕەنگە تێدەپەڕێنی و ئەوانی دی هەڵدەمژێ؛ بۆ نموونە فیلتەری پرتەقاڵی ڕەنگی سوورو زەرد تێدەپەڕێنێ و شین هەڵدەمژێ، ئیتر شوێنە شینەکانی ناو وێنەکە دەرناچن و هەر بەسپی دەمێننەوەو ڕەنگەکانی تریش هەر بەو چەشنە(فیلتەری سەوز بۆ ئامادەکردنی ڕەنگی سوورو هی بنەوشەیی بۆ ڕەنگی زەرد بەکاردەهێنرێ[51] بڕوانە وێنە(14).

واتە هەر وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ چوار فلیمی دەبێ، لە هەموویان کراوەو سپیپات تر لە چاپکردندا بۆ ڕەنگی ڕەش بەکار دەهێنرێ، چونکە ئەو ڕەنگە لە چاپکردنی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگدا پتر بۆ دیاری کردنی پلەیی سێبەرو ئادگاری وێنەکەیە.

لە هەموانیش تۆختر بۆ ڕەنگی زەرد، چونکە زەرد هەر خۆی سپیپاتە، بۆیە دەبێ فلیمە تۆخەکەی بۆ بەکاربێ.

ئەم مەسەلەی ڕەنگ ڕشتنەیش بە پێی تۆنی ڕەنگەکانی وێنەکە دەگۆڕێ و لەهەمان کاتیشدا بە پێی شارەزایی و ئەزموونی وێنەگرەکە خۆی، هەرچەندە ئێستا لەگەلێک شوێندا ئامێری تایبەتی ئەم کارەی ئاسان کردووە.

پاشان فلیمەکان لەبەشی مۆنتاژدا چارەسەر دەکرێن،



مەبەستیشمان لەچارەسەرکردن ئەوەیە کە پێک دەگیرێن و پێوەرەکانیان دیاردەکرێ تاکو کە فلیمەکان دەخرێنە سەر پلێت ڕەنگەکان شوێنی خۆیان بگرن و لەکاتی چاپکردندا لەسەر یەک دانەکەلێن.

بەم پێودانگە دوای ئەوەی دەخرێتە سەر پلێت لە سلندەری چاپ کردن دەگیرێ و ڕەنگ، ڕەنگ، یا دوو، دوو، یا هەر چواری بەدوای یەکەوە بە پێی ڕادەی پێشکەوتوویی مەکینەی چاپ لە چاپ دەدرێ، دەبێ ئەوەش بزانین کە ڕادەی جوان دەرچوونی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لەچاپدا؛ ئەوەندەی بە چۆنیەتی ڕەنگڕشتن و کارامەیی کرێکاری چاپەوە بەندە، ئەوەندە بەجۆری مەکینەکەوە بەند نی یە، ئەگەرچی مەکینەی چاپیش گرنگ بێ.

# کامیرای ڕۆژنامەنووس یا قەڵەمی وێنەگر

## (دەربارەی بنەماو سیفەتی وێنەو وێنەگری ڕۆژنامەنووسیی)

**«دەبێ وێنە بە هەمان**
**بایەخ پێدانی لە ڕادەبەدەر لەدەربڕین و کارتێکردن بێ**
**کە هونەرمەندە مەزنەکان بە تابلۆیەکانیان داوە**
**مارسیل کارنێ»** [52]

وتمان ڕۆژێ(18) هەژدە ملیار وێنە دەگوێزرێتەوە، بەڵام داخۆ لەو(18) ملیارە چەند وێنە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، دەشێ بگاتە ئەوەی پێویستی بە چەندین لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی سیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی و تەنانەت هەندێ لێکۆڵینەوەی مەیدانیشەوە هەبێ.



لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەین، وەک ئەوەی سیفەتی وێنەگری ڕۆژنامە بخەینە ڕوو، هەروایش بنەماو سیفەتی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی دیاری بکەین، ئەوجار پێدەکەوین داخۆ تا چ ڕادەیێک ڕۆژنامەگەریی کوردی وێنەی وەک پێویستییەکی ڕۆژنامەنووسیی و ڕەگەزێکی تایپۆگرافی بەهەند گرتووە.

### ***بنەماو سیفەتەکانی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی لە بڵاوکردنەوەدا***

زۆر کەس کە وشەی(فۆتۆگراف) دەبینن یەکسەر بیریان لە قاوخێکی تەسک گیر دەبێ بەوەی فۆتۆگراف لای ئەو کەسانە گواستنەوەیەکی وشکی واقیعی دەوربەرەو هیچترا!

ئەوەی ڕاستە مەسەلەکە بە پێچەوانەوەیە، کە گوتراوە وێنەیەک لە ڕۆژنامەدا جێگای سەدان وشە دەگرێتەوە بە خۆڕایی نەگوتراوە، ئەگەرچی دەگونجێ هەندێ جار دەیان وێنە جێگای وشەیەک نەگرێتەوە ئەمەش هەیە، کەواتە مەسەلەکە ئەوەندەی بە چۆنییەتییەوە بەندە، ئەوەندە بەند نییە بە چەندیەتییەوە چونکە(وێنەی فۆتۆگرافی هەرگیز ڕەنگدانەوەیەکی سەراپاگیر و خڕگرەوەی واقیع نییە... فۆتۆگراف دەربڕی هەڵبژاردنی کۆمەڵێک سیفەت و بنەمای فیزیکی شتە وێنەگیراوەکەیە[53].

کەواتە لێرەدا قەڵەمی وێنەگر کە کامیراکەیەتی دەوری خۆی دەبینێ، وەلێ قەڵەم نەک وەک چیلکەدارێکی ڕەق و لووس، قەڵەم بەودەست و پەنجانەوە کە بیرو خەیاڵ ڕابەرایەتیان دەکا.

هەرلەو گۆشە نیگایەوە دێین ئادگارو سیفەتی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی دیاری دەکەین.

بەش بە حاڵ؛ بەقەد ئەو ئەزموونۆکەی خۆم لە ڕۆژنامەگەرییدا، بنەماو سیفەتی وێنەی ڕۆژنامەنووسیی، ئەوەی بشێ لە بڵاوکردنەوەیدا پەیامی خۆی بگەیێنێ لەم



**بڵاوکردنەوەی وێنە بە شێوەی لاونیو لەگەڵ هەواڵ دا بە پانی ستوونێک یا نیو ستوون**

**وێنەی (15)**



خاڵانەی خوارەوەدا دەبینم:-

**1-** پێویستە ڕوون و ساف و دەربڕ بی، واتە لێڵ و تێکەڵ و پێکەڵ نەبێ و یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشتنی تێکستەکە نەک سەری لێ بشێوێنێ.

**2-** مەبەستی تێکستە نووسراوەکە بگەیێنێ، واتە هەر تیرەو لە کەندالێک نەبێ، وێنەکە مەبەستێک بگەیێنێ، تێکستە نووسراوەکە مەبەستێکی دی[54].

**3-** بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نەبێ و بەس، بەڵکو وێنەکە ئەوەی دەبەردابێ ببێ بە تەواوکەری بابەتە چاپکراوەکە وەکو زۆرجار لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی خۆمان دەبینین کە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە وهیچیتر[55]!!

**4-** لە بابەتی دەقەکە دەرنەچێ بە شێوەیەک بیری خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا بەلایەکی دیکە ببا، بە پێچەوانەوە ببێ بە هۆی جێگیرکردنی دەقەکە لەبیردا.

**5-** کاریگەر بێ: بەو مانایەی ببێتە هۆیەک بۆ خوێندنەوەی بابەتە نووسراوەکە نەک لەبەر بێزرانی.

**6-** کەم تاکورتێکی بەڵگەنامەیی بنوێنێ بە گوێرەی دەورو بەهای ڕووداوەکان، هەروەها بە گوێرەی ئەو شوێن و کەسانەوە کەبەشداریان لەو ڕووداوانەدا هەیە.

**7-** بە ژیانەوە پەیوەست بێ و دەربڕی ژیان بێ.

**8–** نەبێتە هۆی رووشاندنی رەوشتی کەس وەک(تاقە کەس)و هەروەها بۆنی پیاهەڵدان وپڕوپاگەندەی بۆ کەسانی دیاریکراوەوە تێدانەبێ.

**9–** لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامە یا گۆڤارەکەدا بێتەوە، چونکە ئەگەر وا نەبێ خوێنەر بڕوای بە ڕۆژنامەکە لەق دەبێ، بەم پێ یە دەورێکی پاشڤەبڕی دەبێ و مەبەست ناگەیێنێ.

**10–** لەڕووی قەوارەوە تا بکرێ گەورە بێ و روون و ساف بێ.

**11–** لە گۆشەیەکی لەبارەوە گیرابێ و زادەی کاتی شیاوی خۆی بێ.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەدا، کەم وا ڕێک کەوتووە وێنەیەکی لەو شێوەو ڕەنگەمان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمان دا بەرچاو کەوتبێ.

ئەگەر هەندێ وێنەو قەڵەمکێشیش لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێک بڵاو کرابێتەوەو سەرنجی ڕاکێشابێ، زیاتر بە هۆی کارامەیی و وەستایی بووە لە نەخشەسازیدا نەک خودی وێنەکە، وەک ئەوانەی لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) ساڵانی حەفتاو گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) و زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری (کاروان)[56]، کە ئەوانیش زیاتر جێ پەنجەی هونەرمەند(محەمەد زادە)یان پێوە دیارە[57] ئەم هونەرمەندە



بێجگە لەوەی خۆشنووسێکی چاکە؛ وەک نەخشەسازێکی کارامەیش جێی خۆی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کردووەتەوەو زۆربەی ڕۆژنامەو کتێبە کوردییەکانیش جێ پەنجەی ئەویان بەسەرەوەیە.

## وێنەگر

لەژیاندا هەموو شتێک شایانی وێنەگرتنە، لەسادەترین شتەوە بگرە تا دەگاتە ئاڵۆزترینی، بەڵام گرینگ ئەوەیە وێنەگری ڕۆژنامە(بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بزانێ کامیراکەی (کەبۆ ئەو وەک قەڵەمی ڕۆژنامەنووس وایە) چۆن بەکاردێنێ و رووی لە چ گۆشەیەک دەکاو بۆچی؟ چونکە وێنەگریش وەک ڕۆژنامەنووس لەبەرابەر ڕای گشتیدا بەرپرسیارە، سەرەڕای ئەوەی دەبێ وەک هونەرمەندێک کەسایەتی خۆی بچەسپێنێ، بەڕادەی ئەوەی لەنێو وێنەکەیدا ببینرێتەوە، وەک چۆن نووسەر لە نووسینەکانیدا دەبینرێتەوە.

بەم جۆرە وێنەگری ڕۆژنامە دەبێ لانی کەمی ئەم سیفەتانەی خوارەوەی تێدا بێ.

**1–** ئاگاداریەکی تەواوی لە هونەری ڕۆژنامەگەریدا هەبێ و لە ڕادەی مەسئولیەتی ویژدانی و قانونی خۆی باخەبەر بێ و بزانێ چ دەکا؟

**2–** سەری تەواوی لە تەکنیکی وێنەگرتن و بەشەکانی



**وێنەی (16)**
**وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەڕێگای کۆلاژ بۆ ڕوونکردنەوە یاخود جاڕدان**

کامیراو فلیم دەربچێ و لەکاتی پێویستدا بتوانێ چاکی بکاتەوە، هەروەها لە شۆردنەوەو چاپکردنیش بزانێ.

**3**– لەخۆڕا پێدا نەدا وێنە بگرێ؛ هەمیشە هەوڵ بدا وێنەی ئەو شتانە بگرێ خزمەتی بابەتەکەی دەکەن[58] نەک وێنەی سەرقۆزی بن ئاڵۆز، لە ڕووکەشدا ساف و ڕوون وەکی دی هیچ نەگەیێنێ.

وێنەگری ڕۆژنامە دەبێ ئەوە بزانێ کە بە وێنەکانی دەچێتە مێژووەوە.

**4**– لانی کەمی هەستی ڕۆژنامەنووسیانەی تیابێ، ڕێزی پیشەکەی خۆی بزانێ وبگرێ. چونکە (وێنەگری بێ شعور کە ڕووداوە تراجیکۆمیدییەکانی ژیان کاری تێ ناکەن بۆ ڕۆژنامە دەست نادا)[59].

**5**– هەمیشە هەوڵ بدا لایەنی ڕاستەقینەی بابەتەکە بخاتە



ڕوو چونکە (وێنە هەر چۆنێک بێ حەقیقەت تەواو دەرنابڕێ بەڵکو دەربڕی بارێکی تایبەتی یە[60].

**6**– ئەوەی تێدا بێ پێش وێنەگرتن پلانێک بۆ خۆی لەبەرچاو بگرێ، بەتایبەتیش لەو کاتەیدا کە دەبەردابێ وێنەی کۆنگرەیەک یاخود کۆبوونەوەیەکی گشتی بگرێ، بەرێککەوتن لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەگەڵیدا دەبن.

7– بزۆز بێ و کامیراکەی هەمیشە سوارو ئامادە بێ.

8– لەگەڵ هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکانیدا بێتەوە و پێوەندی بە بەشەکانی ڕۆژنامەکەیەوە پتەوبێ، بەتایبەتیش بەشی وێنەگرتن لە چاپخانەداو هەروەها بەشی مۆنتاژ.

9– لەوە ئاگادار بێ ئەو وێنەی دەیگرێ نەچێتە قاوخی پروپاگەندەی تایبەتییەوە بۆ کەسێک یا کۆمپانیایەک و ..تاد.

دواجار «کارامەیی وێنەگر تەنیا لەدەرک کردنی نی یەو بەوەی بینراوان تۆمار دەکاو بەس، بەڵکو لە حەقیقەتی دەربڕینی هەڵوێستێکە، ئاخر وێنەگریش وەکو نیگارکێش و شاعیر پرسیاری هەیە..!»[61].

## لەنێوان لاسایی کردنەوەو داهێناندا
### (پێوەندی وێنە بەدەرهێنانی ڕۆژنامەنووسییەوە)

بەلای منەوە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەو گۆڤارو چاپکراوی دیکە هەمیشە لە ڕواڵەتی گرینگترو لەپێشترە، بەڵام ئەمە وا ناگەیێنێ لەسەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای تیژڕۆو داهاتنی چەندین هۆی پێک گەیشتن و ڕاگەیاندنی دیکە کە تەنانەت گەفی لە ڕۆژنامەگەریی هەرە پێشکەوتوویش کردووە چ جای ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لە زۆر ڕووەوە هەژارە، ئا لەم سەردەمەدا نەخشەسازی و دەرهێنانی هونەری ڕۆژنامەیش لە پاڵ ناوەڕۆکدا بایەخی خۆی دەسەپێنێ، کەلەمەشدا کەرەستەکانی دەرهێنان لە وێنەوە تاکو تایپۆگرافیاو هۆیەکانی لێکجوداکردنەوەی تێکستەکان و دەرخستنیان لەسەر ڕووپەری ماکێتی ڕۆژنامە دەورێکی باڵا دەبینن.

ئەگەر بەخێراییش بێ چاوێک بەو ڕۆژنامەوگۆڤارە



کوردیانەدا بگرین دەبینین لە ڕووی دەرهێنانەوە بە گوێرەی ڕۆژنامەگەریی ناوچەکە لاواز بوون، ئەوەش بێگومان بە هۆی بارودۆخی ئەوسای کورد خۆی بووە.. زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی بەرایێمان لەلایەنی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسییەوە زیاتر لە دەرهێنانی کتێبەوە نزیک بوون تا ڕۆژنامە، ئەوەش بەهۆی هەژاریان لە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی لە پێشدا باسمان کردن، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان سیستەمی ستوونیشیان بەکارهێناوە کە زۆر کەم لە کتێبان دا بەکاردێ لەوانەیش یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی؛ (کوردستان- 1898) و گۆڤاری وەکو (ڕۆژ کرد- 1913) و (ڕۆژ کردستان 1922).

ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمان لە پێوەندی وێنەیە (فۆتۆگراف و قەڵەمکێش) بە دەرهێنانی ڕۆژنامەوە، هاوڕێ لەگەڵ ئەوەشدا بە کورتی لە خودی دەرهێنانیش دەدوێین.

وێنە وەکو ڕەگەزێکی پێویست بۆ ڕۆژنامە لە پاڵ مانشێت و ناونیشان و تێکستی چاپکراو و کەرەستەکانی تایپۆگرافیاو بۆشایی نێوانیان لەدەق بترازێ دەوری لە هەمووان لە پێشترە، ئەگەرچی دەقی نووسراویش زۆر جار بەبێ وێنە ئەو کاریگەرییەی نابێ وەک ئەوەی لەگەڵ وێنەدا دەیبێ.

ئەگەر خوێنەر ڕۆژنامە هەمووی نەشخوێنێتەوە، چاو بە مانشێت و تایتلەکانیدا دەگێڕێ و وێنەکانیشی دەبینێ..

بۆیە هەڵبژاردنی لەبارو ڕێکخستن و هونەرکاری لە بڵاوکردنەوەی وێنە خزمەتێکی بەرچاوی ڕۆژنامە دەکەن و سەرنجیشی زیاتر بۆ ڕادەکێشن، دیسان وێنەی ڕۆژنامەنووسیی دەورێکی چاکیش لەدروست بوون و پێکهاتنی هارمۆنیای لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا دەبێ.

دەرهێنانی هونەریی ڕۆژنامە بەشێوەی چاپەوە بەندە، لەچاپی لێتەرەوە تا بە ئێستاڕا دەگا کە ئۆفسێتە.

جاران سکرتێری نووسین هەر خۆیشی دەرهێنەر بوو، لەم ڕووەوەیش کرێکارانی چاپخانە یارمەتیان دەدا، ئێستا ڕۆژنامەکان هونەرکاری تایبەتییان هەیەو لەوسەریشەوە هۆیەکانی چاپکردن، دەرهێنانی ڕۆژنامەیان ئاسانتر کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان باوەکو لەم بارەیەوە جۆرە پێشکەوتنێکیان پێوەدیار بێ نەیان توانیوە خۆیان لە لاسایی کردنەوەی ڕۆژنامەو چاپەمەنییە عەرەبییەکان ڕزگار بکەن، تەنانەت هەندێ لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بایەخیش بەم مەسەلەیە نادەن!!

لەوانەیە وەستایی و دەستڕەنگینی نەخشەساز سەرنجی خوێنەر بۆ نووسینێکی بێ پێزیش ڕابکێشێ، بەڵام گومانی تێدا نی یە دەقی بەپێزو بە بڕشت بەدەرهێنانی هونەری ڕەونەقدارتر دەبێ.

یەکێک لەو خاڵانەی کە پێم وایە تایبەتمەندییەک لە ڕووی



دەرهێنانی هونەرییەوە بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی پێک دێنێ چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی وێنەیە. بەتایبەتیش کە بواری ئەوەی تێدا هەیە شان بەشانی نووسین بڵاوبکرێتەوە.

دەرهێنەر دەتوانێ زۆر شێوە بە وێنە بدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی سیاسەتی ڕۆژنامە[62] بە نموونە:

* **شێوەی ڕاست و چەپ(لاونیو):** وێنەکە بە قەوارەی یەک ستوون بڵاوبکرێتەوە ئەم شێوەیەی بدرێتێ باشە، وەک ئەو وێنانەی لەگەڵ کورتە هەواڵدا بڵاودەکرێنەوە(کە زیاتریش لە ئەرشیفەوە دێن)، یان هەندێ لەو وێنانەی لەلاپەڕەی هەمەڕەنگ یا دوا لاپەڕە بڵاودەکرێنەوە- بڕوانە وێنە(15).

* **شێوەی دەرخستن(ابراز):** ئەم شێوە بڵاوکردنەوەیە بە زۆر بارولە زۆربەی لاپەڕەکانیشدا جێبەجێ دەبێ بەتایبەتیش لەلاپەڕەی یەکەم و دوا لاپەڕە و لاپەڕەی ریپۆرتاژدا.

دەرخستنیش لەم چەند شێوەی خوارەوەدا خۆی دەنوێنێ[63].

– بڵاوکردنەوەی بە پانایی(3 تا 4 و تا 6) ستوون هەندێ جار دەگاتە (8) ستوونیش.

– بەدووبارەکردنەوەی؛ واتە دووبارە کردنەوەی هەمان وێنە(جا چ شێوەی ئاسایی وەربگرێ یا پێچەوانەکەی بێ)، ئەمەش زیاتر لە چاوپێکەوتن و ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسییدا دەبێ.

– بە کۆکردنەوەی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی وێنەکە لەیەک وێنەدا.

– بە لێک دابڕاندنی.

– بەهێنانە پێشەوەی بەشێکی وێنەکە، بە نموونە سیمای پیرەمێردێکی ماندوو زۆر شت دەگەیێنێ  ئەگەر دەرهێنەر بەوەستایی دەری بخا.

– بەدانانی هەروایی(واتە بە پەرش و بڵاوی)، لەم کاتەدا دەبێ ستوونەکانی دەوربەری وێنەی لەو جۆرە و ناونیشانەکان و وێنەکانی تر بە ڕێکوپێکی دابنرێن.

– بەدانانی دوو قەوارەی جیاوازی هەمان وێنە لەتەک یەکدا.

– بە کێشانی هێڵێک بەدەوری وێنەکە.

– بە هۆی هونەری کۆلاژەوە– بڕوانە وێنە(16).

– بە بەکارهێنانی ڕەنگ.

– بە بەکارهێنانی کوللەیی(شبک).

*** شێوەی ئاسایی:** دەرهێنەر بەشێوەی ئاسایی دەتوانێ کەسایەتییەکی لێوەشاوە بە لاپەڕەکان بداو بیانڕازێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر لە پاڵ ئەوەشدا هەوڵ بدا هێمنی لاپەڕەکە بپارێزێ.



لە شێوەی ئاساییدا، دەرهێنەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی دەبێ ئەوەی لەبیر بێ کە چونکە بە تیپی عەرەبی چاپ دەکرێ، ئینجا بە پێی دەقی چاپکراو خوێنەر کە تەماشای ڕۆژنامە دەکا یەکسەر لە ڕاستەوە بۆ چەپ پێ دادێ، بە پێچەوانەی ئەو ڕۆژنامانەی بە پیتی  لاتینی چاپ دەکرێن و کە لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

ئینجا لە دانانی وێنەدا دەرهێنەر یا نەخشەساز پێویستە ئەوەی لەبەرچاوبێ.

نەخشەساز دەتوانێ سوود لە ڕێبازە هونەرییەکانیش وەربگرێ کە بێگومان کاریان کردووەتە سەر هونەری دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسیش، هەروەها دەتوانێ سوود لە هونەری پۆستەروریکلامیش وەربگرێ لە دانانی وێنەدا. بڕوانە وێنە(17).

پێویستە هاوئاهەنگییەک بۆ هەموو بابەتەکان پێک بهێنێ، لە هەمان کاتیشدا چەشەی گشتیی و پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەنووسی لەبەرچاو بێ، بەتایبەتیش کە ئێستاکە بە هۆی پێشکەوتنی ڕێگاکانی چاپ ئیشەکەی لە جاران ئاسانتر بووە. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ کە:

**1–** هەوڵبدا هەمیشە دەقەکە لەگەڵ وێنەدا بگونجێنێ نەک بە پێچەوانەوە، چونکە نووسین دەتوانرێ پاشماوەی هەبێ ئاشکرایە کە لە وێنەدا ئەمە ناکرێ.

**2–** ئەو وێنانەی بڕیاریان لەسەر دەدرێ بڵاو بکرێنەوە، هەوڵ بدا هەموویان بڵاوبکاتەوە، کە گەیشتە باری ناچاریش چەند وێنەیەک وەلا بنێ، پێویستە لەو وێنانەوە دەست پێ بکا کەمترین بایەخیان هەیە[64]، باشتریش وایە لەو حاڵەتانەدا بەهۆی بچووک کردنەوەی چەند وێنەیەک جێیان بکاتەوە لەوەی وەلایان بنێ.

**3–** دەبێ ئەوە بزانێ کە هەرگیز وێنە لەگەڵ پاشماوەی دەقدا نابێ.

**4–** لە هەڵبژاردنی وێنەدا( کە زۆرجار نەخشەساز خۆی وێنەی بۆ هەڵدەبژێرێ) هەوڵبدا ئەو وێنانە دابنێ کە دەبن بەهۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی دەق و پێدانی مەودایەک و خۆی لەو وێنانە بپارێزێ کە پێویست نین و خوێنەر هەمیشە لەبەرچاوینی؛ بۆ نموونە لەباسێکی زانستی دا کە ناوی پیاز یا تەماتەی تیا هاتووە پێویست ناکا وێنەکەی دابنێ چونکە هەموو کەس ڕەنگ و شێوەی تەماتەو پیازی لەکاتی خوێندنەوەدا دێتەوە بەرچاو.

**5–** کەمی بەسوود بەزۆری بێ فایدە نەدا، چونکە بەقەد ئەوەی هاوسەنگی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە سەرنج ڕادەکێشێ، هەرگیز بڵاوکردنەوەی وێنەی زۆر سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێ.

**6–** هەوڵبدا وێنەکان نەکەونە ڕاستی ئەو شوێنەی ڕۆژنامەی



لێ دەنوشترێتەوە.

لێرەڕا دەبینین پێوەندی وێنە بەدەرهێنانی ڕۆژنامەنووسییەوە پێوەندی گیان بەلەشە کە هەندێ جار جێگایشیان دەگۆڕنەوە ئەمیان دەبێ بەلەش و ئەوی دیان بەگیان!!

دەوری نەخشەسازیش کەم نی یە، تەنانەت مەسئوولیەتی نەخشەسازیش لەلایەنی هونەرییەوە ئەگەر بەقەد مەسئولیەتی سکرتێری نووسین نەبێ کەمتر نییە.

## * فەلسەفەی بڵاوکردنەوەی وێنە

**ئەگەر سی(30) ساڵ**
**لەمەوپێش کامیرا داهێنرابووایە**
**لەوانە بوو ژیانم بە پیت تر دەبوو**
**دێلاکروا**(65)

وێنە لە ڕۆژنامەدا بەهایەکی ئیستاتیکی دەداتێ و چالاکی وەبەر لاپەڕەکانی دەنێ.. ناوەرۆکی دەقە بڵاوکراوەکان لەباڵ خوێنەر دەکا، ڕای دەگرێ، پرسیاری دەخاتە پێش.

حەقیقەتە ڕاستەکانی بۆ یەکالا دەکاتەوەو پەیامی دەگەیێنێ و مەودایێکی دیکە بە تێکستەکانی داهێنان دەداو بزاڤێکی ئاهەنگدارتری پێ دەبەخشێ.

زەمەن دا دەکا...



تۆمارێکی مێژوویییەو دەچێتەوە نێو مێژووەوە.. بەڵگەنامەیە. زمانێکی سەرتاپاگیرە، هەموو تێی دەگەن، پرۆسیسی ڕاگەیاندن تێرتروتیژڕۆتر دەکاو کاری پێکگەیشتن و تێگەیشتن خێراتر.

(پێویستییەکی سایکۆلۆژی بۆ ئادەمیزاد زامن دەکاو پێداویستییە عەقڵی و ئاوەزییەکانی بۆ جێبەجێ دەکا..(تا ڕادەی ئەوەی) دەروونناسەکان لەوباوەڕەدان کە ئێمە بە وێنەیەکی عەقڵئامێز بیر دەکەینەوە(66).




**وێنەی (17)**
**بەکارهێنانی وێنە لە ڕیکلامدا بۆ خواردنەوەو کەل و پەل**
**(گۆڤاری پێشکەوتن)**

وێنە لە بەرابەر لێشاوی بێ ئامانی سینەماو تەلەفزیۆنیشەوە وەستاوە لێیان دەسەنگرێتەوەو تەواویشیان دەکا.

خۆڕایی نەبووە حەکیمێکی وەکو کۆنفۆشیۆس(551-479 پ.ز) بڵێ:

هەزار وشە ناتوانێ بەڕەوانی وێنەیەک بێتەگۆ!

بەڵام بڵاوکردنەوەی وێنە چەکێکی دووسەرەیە.. خەنجەرە! ڕای گشتی لەباڵ یەک دەردێنێ.. ڕاستییەکان دەخاتەڕوو لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی شێواندنیشیان.. چەواشەکردن! گەلۆ! تۆ بڵێی ڕۆژنامەنووسەکانمان لەم حەقیقەتە گەیشتبن؟

من پێم وایە فەلسەفەی بڵاوکردنەوەی وێنە بەمانا خڕگرەوەکەی لە چوارچێوەو سنووری ئەو دیتنانەدایە.



## دووەم: کاریکاتێر

# کاریکاتێر چییە؟
# (پەنجەنماییێکی مێژوویی)

وەهام دێتە بەرچاو کە هەر لە کۆنی کۆنەوە، ئەگەر لە شێوەی ئێستایشیدا نەبووبێ کاریکاتێر هەبووە، چونکە هەمیشە کاریکاتێر چ بە قەڵەم و چ بە وێنە چەکێکی تەنزئامێزی بێ هێزو ستەم لەسەربووە بەرامبەر هێزی ستەمکار!..

لەگەلێک ڕووی ژیانی ئەو کۆنی کۆنەی مرۆڤیش کەشوهەوای ئەو تیز پێ کردنە هەست پێ دەکەین چ وەک نووسین یا لەکارە هونەرییەکان، بە تایبەتیش لە هونەری سەنگتراشی (نحت)دا، ئەوەی تا ئێستاش بەدەست کەوتبێ وەک تێکستی کارکاتێری زیاتر بەسەر زمانی گیاندارانەوە



له هونەری کۆنی هیندییه سوورەکان



خومبابا

وێنەی (18)

بووە، بەڵام بەدەریش نەبووە لە باسکردنی مرۆڤ، وەرە با پێکەوە ئەم یەک دوو تێکستە بخوێنینەوە کە هی وەختی سۆمەرییەکانە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایین بەڵکو زیاتریش.

ـ «جارێکیان فیلێک بەرێگاوە بوو مێشوولەیەک چووە سەرپشتی و پێی وت: ئەرێ برا خۆ گرانم نەکردووی؟ ئەگەر گرانم کردووی زۆر نامێنمەوە لەسەرچاوەکە دادەبەزم.

فیل وەڵامی دایەوە تۆ کێیت؟ چما ئەمن هەستم کردووە لەسەر پشتمی تا کە دابەزی هەستت پێ بکەم؟!![67]» .



یان

ـ «لە نامەی مەیموونێکدا کە بۆ دایکی ناردووەو باسی ئەو ئەشکەنجەیە دەکا کە لە هەردوو شاری(ئور)و(ئەریدۆ) دووچاری هاتووە.

بۆ(لودی- لودی) دایکم، پێی بڵێ(ئوکو- دل بی) دەڵێ: ئور شاری شادی و خۆشیان و (ئەریدۆ)ی شاری ئاسوودەیی.. لەگەڵ ئەوەشدا من لە پشت دەرگای هۆڵی مۆسیقادا پاشماوان دەخۆم و هەر خواخوامە لە برسان نەمرم، نەنان و نەبیرەم تام نەکردووە، بەزوویی کەسێکم بۆ بنێرە[68]» .

ـ «ڕیبوێیەک جارێ میزی بەدەریادا دەکرد، پاشان بە فیزێکەوە تەماشای دەکردو بەسەر سوڕمانەوە دەیگوت، عەجەب ئەو هەموو دەریاییە لە میزی منە؟[69]» .

هەر چەندە ئەم نموونانە مشتی خەروارن، بەڵام خەونە مۆرکراوەکان دەبینرێن و شێوەی کاریکاتێر ئامێز دەردەکەوێ.

ئەم مێخنووسە کاریکاتێریانە لە تێکستە سۆمەرییەکان زێتر بووە، لەکاری هونەریشدا هەر بەو شێوەیە بووە، هێزی شەڕو ستەمکار، باوەکو وێنەشیان کێشرا بێ یا تراشرا بێ، بە درێژایی مێژوو هونەرمەندی دێرین بە پێی هوشیاری هەل ومەرجی ئەوسا وێنەی کێشاوە یا لە بەردی تراشیوە، هەر بە

نموونە وێنەی شەیتان یاخود وێنەی خومباباو.. هی تر بڕوانە وێنە(18).

لە میسری کۆنیشدا هەر بەو چەشنە بووە، کاریکاتێر لە میسردا ئەوکاتە زیاتر بەدیارکەوت کە فیرعەونەکان دەستیان دایە داگیرکردنی وڵاتانی ترو گەلێکیان لێ بەدیل گرتن؛ هونەرمەندی میسری تەماشای کرد ئەو دیلانە نە لە فیرعەونەکانن و نە لە کاهینەکان و نە نەجیم زادەشن، بەڵکو تەنها پیاون!!، بە تەنیا دیلن، بۆیە نەیدەتوانی بەبێ ترس و بە سەربەستی تێیانەوە ڕامێنێ!! لێرەدا بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا بەکاریکاتێر بیانبینێ ئیتر هات(بۆ نموونە) ئەو دیلانەی لە شێوەی دەسکە پیازێک کۆدەکردەوەو کەزیان بەدەستی فیرعەونەوە بوو، دەستەکەی تریشی بە شوارکێکەوەیەو بەریان بووەتێ[70]!!

لە وڵاتی گریکیش دا ئەرستۆ باسی کابرایەک دەکا بە ناوی (بۆسۆن) کە بە وێنە گاڵتەی بەخەڵکی کردووەو بەو هۆیەوە ئازارێکی زۆریان داوە تا مردووە.

هونەرمەندانی مەزن(داڤنیشی) و(گۆیا)و(دۆمێ)ش ئەو جۆرە وێنانەیان کردووە. بەڵام ئەمڕۆ کاریکاتێر مەودایێکی دیکەی وەرگرتووەو پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێ یەو بە تەنها ئەوە نییە هەر هێڵکارییەکی شێوێنراو بێ وەک هەندێ دەستیان داوەتێ و وای تێ دەگەن!!



بەڵام با بێین بزانین وشەی کاریکاتێر چییەو چی دەگەیێنێ؟

کاریکاتێر لەبنەڕەتدا وشەیەکی ئیتاڵییە؛ (کاریکاتۆرا- Caricatura).

بەواتا ئەو وێنانەی زیادەڕۆیی لە کێشانیدا کراوە[71]، لە فەرهەنگی (الفرید)ی (ئیتاڵی- عەرەبی) یشدا بە(ڕەسمێکی گاڵتەئامێز)هاتووە[72].

هەرچی چۆنێکە، من پێم وایە وێنەی کاریکاتێری لەو مانایە گەورەترە کە لە قامووس و فەرهەنگاندا پێی دەناسرێتەوە، مادەم لەبنەڕەتدا بابەتی جیددی و ئادەمیانە دەردەبڕێ و مادەم گیانی ڕەخنەی بنیاتنەری لەبەرە.

کاریکاتێر هێڵکارییەکی گاڵتەئامێزیش بێ و هونەرمەند زیادەڕۆیش لە کێشانی دا بکا؛ ڕەنگدانەوەی واقیع و شڵەقاندنی وەستاوی و جۆشدانی بزاڤی پێوەند بە ژیانە.. هاوارێکە بەڕووی کپی و خامۆشی و تێوەڕامانێکی تیزئامێزیشە بەڕووی هاوارە قیژاوییەکان!

هەرلەبەر ئەوەیشە کە لە هەموو هونەران زیاتر مەیانەی لەگەڵ کاری سیاسیدا هەیە، بەوەی بیروبۆچوون و هەڵوێست لە وێنەدا دەتوێنێتەوە، بەو ڕادەیەی زۆر جار نەخوێندەواریش تێی دەگەن.

کاریکاتێر بابەتەکانی بە جۆرێک فراوان بووە کە زۆر لە ئادگارو خاسیەتی قوتابخانەکانی شێوەکاری تێدا دەبینرێتەوە.

## کاریکاتێر لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی دا

کاریکاتێر بەم بارەی ئێستای زادەی پێداویستی ڕۆژنامەگەرییە[73] هەرچەندە ڕۆژنامەگەریی کوردی تا ئەم دوادواییانەیش ئەو بایەخەی پێ نەداوە وەک پێویستە پێی بدا!

ئەو بایەخ پێ نەدانیشی زیاتر پێوەندی بەو ڕادە دیاریکراوەی سەربەستی ڕۆژنامەگەریی و هونەرمەند خۆی هەبووە، ئەمەش لە خۆیدا دەوری کاریگەری ئەو هونەرەمان لە نێو کۆمەڵ بۆ دەردەخا، کە ئەگەر سادەترین هۆی دەربڕینی ڕۆژنامەنووسی بێ، بەڵام بەهێزترینیشیانە، تەنانەت زۆرجار کاریکاتێرێک جێی چەندین لاپەڕەی نووسین دەگرێتەوە، بێجگە لەوەی لە نووسینیش گەیێنەرترەو هۆیەکی دەربڕینی میللی یە بەو بارەی خەڵکی سادەیش تێی دەگەن، لەکاتێکدا لە بەهای هونەریشی کەم نابێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین کە ئەم هونەرە دەورێکی بەرچاوی(لە چاوئەو مێژووە کورتەیش دا) لە ڕۆژنامەگەریی دنیادا دیوەو خزمەتێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئینسانیشی کردووە.

بەداخەوە، وەک ئاماژەیشمان بۆ کرد، ڕۆژنامەگەریی کوردی



ئەو بایەخەی بەم هونەرە نەداوەو لەچاو ڕۆژنامەگەریی دەرودراوسێ، بڵاوکردنەوەی کاریکاتێری تێدا دوێنی یە؛ یەکەم کاریکاتێر لە گۆڤاری (ڕوناهی-Ronahi)شام 1942- بڵاوکراوەتەوە[74] کاریکاتێرەکەیش زیاتر لەوەدەچێ لە گۆڤارێ یا ڕۆژنامەیەکی بیانییەوە وەرگیرابێ(؟) - بڕوانە وێنە(19)- ئەمەش بۆ گۆڤارێکی وەکو ڕوناهی شتێکی ئاسایی بووە ئەگەر بزانین زۆربەی زۆری ئەو وێنانەی تیای بڵاوکراونەتەوە لەسەرچاوەی بیانییەوە وەرگیراون.

دوای(Ronahi)یش تادەگاتە ناوەڕاستی شەستەکان پێم



**وێنەی (19)**
**یەکەم کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا گۆڤاری (RONAHI– شام – 1942)**

شک نایێ هیچ ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێکمان کاریکاتێری بڵاوکردبێتەوە ئەگەرچی وێنەی هێڵکاریشی تێدا بووبێ[75].

تەنانەت لە ماوەی نێوان ساڵانی(1909-1932) هەر لە ئێراق تاکو(30) ڕۆژنامەو گۆڤاری کاریکاتێری بەعەرەبی و تورکی هەبوون؛ تاقە چاپکراوێکی لەم بابەتە بە کوردی

نەبووە[76]!! ئەمڕۆیش کە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان تازە خەریکن لا لەم هونەرە دەکەنەوە بەداخەوە زۆربەیان مەگەر تاک و تەرا و جاروبارنەبێ تەماشا دەکەین زیاتر بۆ ڕاکێشانی خوێنەرەو هیچی تر یا بابەتی سادەو ڕۆژانە!! دیسان ئەو ڕووپێوەی کاریکاتێری لێ بڵاودەکرێتەوە بە گوێرەی وێنەو قەڵەمکێشی دوور لە بابەت لە 10٪ تێ ناپەڕێ!

ئەوە لە کاتێکدا گەلێک لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی چ لە ئێراق، یا لە دەرەوەی دەردەچن و دەگەنە ئێراق شوێنی تایبەتی و هەمیشەییان بۆ ئەم هونەرە تەرخان کردووە[77]، تەنانەت زۆر ڕۆژنامە کاریکاتێر لەگەڵ گرینگترین نووسینی ڕۆژنامەکە کە(سەر وتارە) بەیەک چاو تەماشا دەکەن، شان بەشانی سەروتاریش لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوی دەکەنەوە، لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەشدا وا دیارە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان ئەوەندەیان بەهەند هەڵنەگرتووە، ئەوە ئەگەر چاو لە لایەنی هونەری و بابەتە ساوەکانیشیان بپۆشین، دیسان پێوەندییەکی ئەوتۆیش لە بەینی نووسەری ڕۆژنامەو بەرپرسیاری نووسین و هونەرمەندی کاریکاتێر هەستی پێ ناکرێ، کە ئەمەیش ئەم بارەی ئێستای کارکاتێری کوردی تێدا گیرساوەتەوە دروست کردووە، تەنانەت لە(علی المندلاوی)یەوە بترازێ کە ئەویش جاروبار ئیش بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکات و بەم دوادواییانەیش(دارا



محەمەد عەلی) و (محەمەد ساڵەیی)و(ئازا حسیب قەرەداخی) و یەک دوویەکی تر دەنا ڕۆژنامەگەریی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانییوە شەخسیەتێکی کاریکاتێری ناسراو دروست بکا، وەک ئەوەی هونەرمەندی فەلەستینی شەهید(ناجی العلی و بهجوری و صبان وصلاح جاهین) و چەندین کاریکاتێرستی دیکەی عەرەبی بۆ ڕۆژنامەگەریی خۆیانیان دروست کردووە[78].

بێگومان نابێ ئەوەمان لەبیربچێت کە دوای راپەڕین، ژمارەیەک کاریکاتێرستی دیکەمان هاتنەپێش و هەندێکیان نیشانە بەو بەرهەمانەی بڵاویان کردووەتەوە جێی ئومێدن، بەتایبەتیش کە گۆڤارو ڕۆژنامەی تەنزئامێزیش پەیدا بوون.

## کاریکاتێر بۆ ڕاگەیاندن و هوشیارکردنەوە یا ڕابواردن و پێکەنین؟!

**«ئامانجی کارکاتێر هەر پێکەنین نی یە**
**بە چەمکی باوو ڕووکەشییەوە،**
**نوکتەیەکی کێشراویش نییە،**
**بە پێچەوانەوە هونەری کاریکاتێر،**
**داهێنانێکی هونەرییە.. شێوەو ناوەڕۆکی هەیە..**
**ئەم هونەرە چەمکە بەرەواژەکان لای**
**بینەر ڕاست دەکاتەوە**
**کاریکاتێرستی مەغریبی (صبان)»** (79)

ڕاستە هێلکاری کە لە شێوەی کاریکاتێردا دەبێ بینەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، بەڵام ئەو بەلای خۆ ڕاکێشانە ئەگەر مەبەست و ئامانجێکی پێوەند بە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵەوە نەبی چ سوود؟! کەواتە هونەری کاریکاتێر جگە لەوەی پەیامێکی هونەری دەگەیێنێ، پێش ئەوە پەیامێکی (کۆمەڵایەتی- سیاسی) پێ یە؛ ئەگەر چی زۆر جار لەدەربڕین دا پشت بە زیادەڕۆیی و وروژاندنیش ببەستێ.



جا ئەگەر هونەرمەند لە ئاستی ئەو مەسئولیەتدا نەبێ وا چاکە ڕەسم نەکا لەوەی کاریکاتێری ڕووکەش و سادەو بێ مەبەست بکێشێ، ڕۆژنامەیش ئەو جۆرە کاریکاتێرانە بڵاو نەکاتەوە.




**وێنەی (20)**
**نموونەی چەند کاریکاتێرێکی بیانی**

بەڵام بەداخەوە ڕۆژنامەگەریی ئێمە، ئەو بایەخەیان پێ نەداوە.

کە مەسەلەکەیش دەگاتە ئەو ئاستە، گومانی تێدا نی یە حاڵەتەکە لە هونەرمەندەکان خۆشیان ڕەنگ دەداتەوە؛ ئەوەتا شاعیرو کاریکاتێرستی میسری(صلاح چاهین) کارمەندی ڕۆژنامەی(الاهرام) بەومانایەوە دەڵێ: ئێمە خەریکە لە قاڵبی خۆمان دەردەچین و وامان لێ هاتووە بووین بە زیادە!! هونەرەکەمان نەمەودایێکی تێدا ماوەو نەقووڵی و کاریگەریش و کاریکاتێرەکانیشمان بێ مانان[80]!!

لێرەشدا ئەوپێوەندییە پتەوەی نێوان کاریکاتێریست و ڕۆژنامە زیاتر دەردەکەوێ کە یەکیان تەواوکەری ئەوی ترە.. کەچی لای ئێمە ئەوە هیچ ئەو سەنگە نەدراوەتە کاریکاتێر، لە هەمان کاتیشدا خوێنەرانیشمان ئەم هونەرە زیاتر وەکو هۆیەکی پێکەنین و ڕابواردن و نوکتە سەیر دەکەن کە کاتی دەسبەتاڵی پێ پڕ دەکرێتەوە!!

ئەمڕۆکە کاریکاتێرێ کە هونەرمەندێکی هونەرمەند وێنەی دەکێشێ، ئەگەر پێکەنیناویش بێ، ئەو پێکەنینە پاشڤەبڕە نی یە گیانی چەواشەکردن و پشت شل کردنەوەی وەبەربێنێ.

کاریکاتێرستی مەغریبی(صبان)دەڵێ: «زۆرجار بە چاوێکی گریانایییەوە گاڵتەم بە ژیان کردووە»[81]، ئەڵبەتە مەبەستی صبان لە ژیان ئەو ژیانەیە کە بەرەواژ بووەتەوە!!





**وێنەی (21)**
**نموونەی چەند قەڵەمکێشێکی بیانی لە شێوەی کاریکاتێر کە بۆ چیرۆک و شیعری منداڵان کێشراون**

هەر بۆیەش دەبینین بە درێژایی مێژووی ڕۆژنامەگەریی، لە گەرمەی هەراو هەڵلایان دا ڕۆژنامەگەریی گاڵتەجاڕو تەنزئامێز بە گوڕتر هاتوونەتە مەیدان، هەر لەو مەیدانەشدا هونەرمەندی کاریکاتێری وا پەیدا بوون کە هونەرەکەیان لەمەسەلەی ڕەوای ئینسان لە ژیانێکی ئادەمیانەدا جیانەکردووەتەوە، ئەگەر وانەبێ بۆچی هونەرمەندێکی وەکو(ناجی العلی) بەدەیان جار گەفی کوشتنی لێ دەکرێ، تا دواجاریش هەر کوژراو شەهید کرا... بڕوانە وێنە(20).

کاریکاتێر یانی داماڵین، داماڵینی پەردە ئەستوورو تەنکەکان، پەرت کردنی چڕەدووکەڵە ڕەشەکانی سێبەریان

هاویشتووەتە سەر ڕێی ژیان.. کاریکاتێر نە جوێنەو نە تیزو گاڵتە پێکردنێکی ئیفلیجانەی تاقە کەسییە.. لە ڕاگەیاندنیشدا تەنانەت لە پۆستەری گەشتوەرو نەخۆشخانەو کارخانەو قوتابخانەو بڵاوکراوەکانی فێرکردنیش کاریکاتێر ڕووی جوانی خۆی دەنوێنێ.

مەگەر هەموومان نابینین لە چیرۆک و حیکایەتی منداڵان، لە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنیش دا کاریکاتێر چ کار دەکا؟ بڕوانە وێنەی(21).

کاریکاتێر هۆیەکی هوشیارکردنەوەیە، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدا هیوای گەش دەقەبەری خەونە مۆرکراوەکان بکا.. هۆیەکی ئەفسوناوییە بەدەستی زوڵم لێکراو.. دژی مەنتیقی شتەکان دەوەستێ بۆ هێنانەدی مەنتیقی ژیان، ژیانی تژی ژیان.



## باخچەی بەردراو
## دەربارەی هونەرمەندانی شێوەکاری کوردو هونەری کاریکاتێر

**« زەمان گۆڕاوە..**
**هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکیش بەرامبەر کاریکاتێر گۆڕاوە..**
**ئەمڕۆ داوایەکی زۆر لەسەر ئەم هونەرەیە،**
**لەسەر هونەرمەندە ڕەسەنەکانییێتی،**
**بە ڕادەیەک مەسئولیەتێکی نوێی خستووەتە**
**ئەستۆی هونەرمەندانی هاوچەرخ»..**
**«لە ڕاپۆرتی دیاهی لیژنەی نێو دەوڵەتان**
**بۆ لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی**
**پێکگەیشتن لە یۆنسکۆدا»** (82)

هونەرمەندانی شێوەکاری کورد بۆچی ئەو باخچەیەیان بەرداوە، زۆر جار وەک ڕۆژنامەنووسێک کە مەبەستیەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو قاوخە تەقلیدییەی بیست سی



**وێنەی (22)**
**نموونەی چەند کاریکاتێرێکی کوردی**



ساڵی لەمەوبەری و لە پەتای لاسایی کردنەوە ڕزگاری بێ لە خۆم و لە برادەرانی تریشم پرسیوە: ئەم باخچەیە بۆچی بەردراوە؟؛

بۆچی ئەم هونەرە هیچ بایەخێکی پێ نادرێ؟ تۆ بڵێی کاریکاتێر پێویست نەبێ؟!! بڵێی ئێمە ئەوەندە جیددی بین و بەو پێوانە شێواوە وابزانین کاریکاتێر ئەنتی جیددیەتە!!؟

باشە ئەدی سەبەب؟

عەجایب ئێمە لە شێوەکاریدا کەلەپورێکمان هەیە، بۆچی هونەرمەندانمان بایەخێکی ئەوتۆیان بە کاریکاتێر نەداوە!!؟

لە ئاکامی زۆر پرسیارودانوستاندنی لەو بابەتە گەیشتمە ئەوەی؛ زۆربەی هونەرمەندە شێوەکارەکانمان (بەداخەوە) هونەری کاریکاتێر بە هونەرێکی بازاڕی دەزانن و پێیان وایە ئەگەر کاریکاتێریان دروست کرد لە هونەرمەندییێتی دەشۆرێن.

ئەو بە چاو سووک ڕوانینە کە هونەری کاریکاتێر ژێراتری هونەری شێوەکاری دەبینێ، بە بڕوای من زیاتر ئەو وێنە سادەو ڕووکەشانەیە کە هیچ گیانێکی هونەرییان تێدا نییەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش بڵاوی دەکەنەوە، کە ئەوانیش بە هۆی کەمی و نەبوونیەتی.

هونەرمەندێکی وەکو (دۆمێ–1808–1879)، سەدەیەک زیاترلەمەوبەر کاریکاتێری بۆ تێکستی چاپکراو دروست کردووە، لە پاڵ ئەوەی هونەرمەندێکی لێهاتووی قوتابخانەی ئینتیباعیش بوو، باشە هونەرمەندەکانمان بۆچی لە دروست کردنی قەڵەمکێش و وێنەی دیکەی ڕوونکردنەوە ناسەنگرێنەوە بەڵام لەکاریکاتێر دەسەنگێرێنەوە؟ تۆ بڵێی دەرەقەتی ئەم هونەرە نەیێن؟ ئەدی کە وا نەبێ بۆچی بە هونەرێکی لابەلاو کاتی دەزانن..؟

لام وایە گەلێ هۆی دیکەیش هەن بێجگە لەوانەی باسمان کردن کە هونەرمەندانی شێوەکاری لەکاریکاتێر سارد کردووەتەوە.

بۆنموونە:

ــ دووری زۆربەیان(بەهەر هۆیەک بێ) لە کەش وهەوای شارستانیەت کەئەمەش لە خۆیدا بووەتە هۆی کەمی ئاگاداریان! دەنا کە سەرنج دەدەینە هونەری میللیمان ئەوەندەی پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە هەبووەو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای کشتوکاڵیمانە جا چ وەک نەخش و نیگاری سەر پیشەسازییە دەستییەکانمان لەسەر مافوور بێ یا لەسەر زین و کورتان و قاپ و ئامان و خشڵی ژنان بێ، زۆربەیان ئەبستراکت کردن(تجرید)و زیادەڕۆییان تێدایە، جگە لە حیکایەتە دەماودەمەکانمان، کە دەبووایە



هونەرمەندی کورد لەم بارەیەوە سوودی لێ وەرگرتبان.

ـ سەبارەت بە گەلێ هۆی دەرەوەی قاوخی هونەرییەوە کە لەوانەیە هونەرمەند دووچاری حەفت و هەشت بکا.. بە هۆی ئەو حەساسیەتەی کاریکاتێر دەیخولقێنێ.

ئەوەندە بەسە هونەرمەندی کورد عەلی مەندەلاوی بڵێ:

«مستت مەکەرەوە ڕومانەیەکی تەقیوی تێدایە ناوی کاریکاتێرە»[83] هەر ئەم هۆیانەشن مەیدانیان بۆ کاریکاتێرستی وا چۆڵ کردووە کەبەداخەوە لە سادەترین بنەمای هێڵکاریش نەگەیشتوون چ جای هونەری کاریکاتێر!!

## ***گیروگرفتەکانی کاریکاتێر***

هونەرێکی وەکو هونەری کاریکاتێر کە بە هۆیەکی گرینگی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و پێکگەیشتنەوە بەندە ئەویش کە ڕۆژنامەگەرییەو هەر لە خۆیشیدا توانای ئاراستەکردنی ڕای گشتی هەیە، ئاساییە گیروگرفتی گەورەیشی بێتە ڕێ، جا ئەو گیروگرفتانە پێوەندییان بە بڵاوکردنەوەو بڵاونەکردنەوەی بێ، یاخود هونەری بن.

لە بارەی چۆنیەتی بڵاوکردنەوەیش؛ تەنانەت هەندێ جار چۆنیەتی کێشانیشی، ئەمڕۆ کاریکاتێری کوردی پابەندی کۆمەڵێک گیروگرفتی لاوەکییە کە پێوەندییان بە

تێنەگەیشتنی ئەوانەوە هەیە مەکینەی بڵاوکردنەوەیان بەدەستە، ئینجا بە پلەی دووەم هەلومەرجی بابەتی.

لەم بارەیەوە کاریکاتێرستی عێراقی(موئەیەد نەعمە) دەڵێ:

«گرنگترینی ئەو هۆیانەی کاریکاتێریان لە ڕۆژنامەگەریی ئێراق دابڕیوە زیادەڕۆییە لە لێکدانەوەیدا»[84]، هەر ئەمەش بووە بە ئەگەری ئەوەی زۆر لە کاریکاتێرستەکان ماوەیەک بەردوام بن و پاشان وازبێنن! کەواتە کاریکاتێر بمانەوێ و نەمانەوێ بەو کەش و هەوا لەبارەوە بەندە کە بەڕاستی ڕۆژنامەی تێدا هەمەلایەنە بەرەوپێش دەچێ، ئەم مەسەلەیەش کۆنە، هەر لەو کاتەوە کاریکاتێر هەیە، لەلایەکی دیکەوە هەندێ هۆی هونەریش هەیە کە پێوەندی بە چۆنیەتی ڕەسم کردن و لایەنی هونەری بڵاوکردنەوە هەیە؛ بە نموونە کاریکاتێریست نەزانێ بە چ و بۆ چ مەبەستێک ڕەسم دەکاو یاری بە ئادگاری وێنە مەنتیقییەکانەوە دەکا، یا لە هێڵکاریدا لاوازە، یا ئەو تالیقەی بەنووسین دەیخاتە سەر کاریکاتێرەکەی زۆر لە وێنەکە خۆی سەرنجڕاکێشترە کە ڕاستەکەیشی ئەوەیە کاریکاتێر تا کەمتر نووسینی لەگەڵدا بێ بەهێزترە، چاکتریشە ئەگەر هەر نووسینی لەسەر نەبێ بەمەرجێک مەبەست بەدەستەوەبدا.

یاخود هونەرمەند ناتوانێ لە گۆشەنیگایەکی لەبارەوە کەسەکانی بخاتە ڕوو..تاد.



لە هەموو ئەمانەیش بەربادتر ڕاستەوخۆییە لەدەربڕیندا، بەداخەوە هەندێ لە کاریکاتێریستەکانمان پێیان وایە کاریکاتێر یانی ئەوەی هەیە لەسەر بەری دەست بێ!! بڕوانە وێنە(22).

لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەشدا کە زیاتر بەلایەنی ڕۆژنامەنووسییەوە بەندە؛ دەبینین زۆرجار کاریکاتێرەکە لە شوێنی خۆیدا بڵاوناکەنەوە، یا لە ڕادەی پێویست زیاتر بچووکی دەکەنەوە یا دەیخەنە پەنایەک و لەچوارچێوەی ناگرن، ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژنامەو گۆڤاری وا هەیە لەدنیادا زۆر جار کاریکاتێر لەلاپەڕەی یەکەمدا بڵاودەکاتەوە.

ئەمانەو زۆر گیروگرفتی دی(کەلێرەدا جێی باس نین)، بۆیە لەهەل ومەرجی ئێستایدا وا پێ دەچێ ئاسان نەبێ ڕۆژنامەگەریی کوردی وەک پێویستە کاریکاتێر لەباوەش بگرێ![*]

(*) دیارە ئەم وتارە باس لە پێش راپەڕین دەکات، هەر ئەو کاتەش بڵاو،کراوەتەوە، وەک لە پێشدا ئاماژەی پێدراوە.



**وێنەی (23)**

**وێنە تابلێتێکی قوڕی کە پەیمانەکەی نێوان ئاشوور - ئەسەرحەدون و میری میدیان لەسەر تۆمار کراوە، سەرنج دەدەین بەهۆی جیاکردنەوەی بەندەکان و مۆری لوولەیی هەردوولاوە شێوەی ڕۆژنامەی ئێستای وەرگرتووە.**

## سێیەم: تایپۆگرافیا

### *** تایپۆگرافیا چی یە و بۆچی؟**

تایپۆگرافیا، وشە یا زاراوەیە کە(-Typography - لە فەرهەنگی- المورد-)دا بە(کەرەستەی چاپ- [illegible]) هاتووە[85] خۆی هەروایشە چونکە ئەو کەرەستانەن کە سیماو ئادگاری چاپکراو پێک دێنن تەنانەت ئەوانەی لە شێوەی کتێبیش دان.

بەڵام داخۆ ئێمە لێرەدا مەبەستمان لەکەرەستەی چاپ چییە؟

داخۆ بە چ نیازێک و بۆچی لە چاپکراوان دا بەکاردێن،



بەتایبەتیش لە ڕۆژنامەو گۆڤاراندا.

محمود علم الدين لە کتێبەکەیدا( [illegible] ) دا تایپۆگرافیا بەم جۆرە دەناسێنێ: زانست و هونەری ئادگارە چاپییەکانە کاری بە شێوەی مادییەوە هەیە لەو شتانەی پێوەندی بەڕووپێو و ڕێکخستنەوە هەیە[86].

کەواتە تایپۆگرافیا هونەری کەرەستە و ئادگارە چاپییەکانە کە ناکرێ ڕۆژنامەو گۆڤارو هیچ چاپەمەنییەکی دی دەسبەرداری بن چونکە ئادگارە چاپییەکان هەموو لایەنێکی هونەری و تەکنیکی چاپکراو دەگرێتەوە لە تیپی چاپەوە بگرە تا دەگاتە وێنەو قەڵەمکێش و کاریکاتێرو هێڵ و



**وێنەی (24)**

**نموونەی هەندێ لە کەرەستەی جیاکردنەوەو جوان کردن کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان دا بەکار هاتوون**




**وێنەی (25)**

**بۆشایی لە نێوان پیت و رستە لە دوو تیلمەی کوردی و بیانی دا**

خشتە و مانشێت و تایتڵ و کەرەستەی نەخشەسازی و کەرەستەکانی لێک جودا کردنەوەو ڕازاندنەوە..تاد

ئادەمیزاد هەر بە سرووشتی خۆی حەزی لەوەیە ئاهەنگ و ئیقاعێک بۆ ئەو دەوربەرە دروست بکا کە تێیدا دەژی چ جای ئەوەی ئەو ئیقاع و ئاهەنگە پێوەندی بە نووسین و چاپەوە هەبێ کە دیاردەیەکی شارستانییە، هەر بۆیە چاو دەدەینێ نووسەری کۆن کە هاتووە تێکستێکی لەسەر قوڕ یا بەرد نووسیوەتەوە هەمیشە ویستوویەتی برگە جیاوازەکان بە هۆیەک لێک جیابکاتەوە، لەمەشدا پەنای بۆ هێڵ و نەخش و نیگارو وێنە بردووە (کە هەندێ جار ئەو نەخش و نیگارانە هێمایەکیشیان نواندووە) لە هەوڵی بەردەوامیدا بۆ دروست کردنی گونجان بڕوانە وێنە(23).



ئەو وێنەیە، کە تەماشای دەکەین وادەزانین کۆنە ڕۆژنامەیەکی دڕاوە! لە حاڵێکدا تابلێتێکی قوڕی سوورەوە کراوە کەدەقی پەیمانەکەی بەینی پاشای ئاشوریان ئەسەرحەدون (681-649پ.ز)و میرێکی میدییە وێنەکانی سەرەوەیش چاپی مۆر لوولەیی هەردوولایە.. زۆربەی هەرە زۆری تێکستە کۆنەکان بەو ڕەنگەن؛ وەرە سەیری قانوونەکانیان بکە، لە (ئورنەمۆ)وە بگرە تا حامورابی.

تەنانەت لەو سەردەمانەیشدا کە دەق لەسەر پێستە نووسراونەتەوە، لە نووسینەوەو پەراوێزو دامەننووسیشدا نووسەرانی ویستوویانە ئەو هاوئاهەنگییە بە هۆی ڕەسم کردن و کێشانی ئەو هێڵ و ئەستێرۆکەو بازنەو چوارگۆشەو...تاد بۆ دەقەکە پێک بێنن.

دوای داهاتنی چاپخانەو چاپ کردنی کتێب و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەیش تایپۆگرافیا بوو بە یاریدەدەرێکی گرینگ بۆ دەرهێنەری ئەو چاپکراوانە بە تایبەتیش دەرهێنەری ڕۆژنامەو گۆڤار کە ئەو دەمە زیاتر هەر کرێکاری چاپخانە ئیشە هونەریەکانی ڕادەپەڕاند.

لە سینەمادا دەڵێن ئێکسسوار، ئێکسسوار گرینگە چونکە مەودایێکی شوێنکاتی و سرووشتی بۆ دیمەنەکان دەخوڵقێنێ، من پێم وایە تایپۆگرافیا بۆ ڕۆژنامە و

چاپکراوی دی دەوریان لە ئێکسسوار زیاترە، چونکە (دەق) کـە گـرنگتــرین بابەت و مـاددەی چاپکراوە لەخـۆیدا لەسەررووپەڕی لاپەڕەدا کەرستەیەکی تایپۆگرافییە.

## ***کەرەستەکانی تایپۆگرافیا و دەوریان لەدەرهێنانی ڕۆژنامەدا***

ڕووپەڕی لاپەڕە لاڵە؛ مادەم هێشتا هیچی لەسەر چاپ نەکراوە! وام دێتەبەرچاو بە چاپکراویش هەر بە لاڵی دەمێنێتەوە ئەگەر دەستی هونەری لێ نەخرێتە کار کە تایپۆگرافیا دەورێکی بەرچاو و گرینگی تێدا دەبینێ، بۆیە هەوڵدەدەین لەمە بەدوا ئەو کەرەستانە بناسین و دەوریان لەدەرهێنانی هونەری ڕۆژنامەدا بخەینە بەرچاو.

لە پێشدا گوتمان تایپۆگرافیا کەرەستەی چاپە، ئەگەر ڕوونتری بکەینەوە مەبەستمان لەو کەرەستانەیە کە تێکڕا بەشداری لە پێکهێنانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا دەکەن و سیماو ئادگارێکی پێ دەدەن کە ئەمانەن:

**1-** دەق(تێکستی چاپکراو)

**2-** وێنە(قەڵەمکێش و فۆتۆگراف)

**3-** مانشێت و تایتڵەکان.

**4-** کەرەستەکانی لێک جودا کردنەوەو جوانەکاریی وەکو(هێڵ) تۆڕ یا(کوللەیی) - ئەستێرە- چوارگۆشە(پڕو بۆش)- لاکێشە -چوارچێوە- هێڵی زنجیرەیی- نیوە



چوارچێوە-..تاد) بڕوانە وێنە(24).

5- کاریکاتێر

6- ڕەنگ

7- بۆشایی

## ***(دەق) یا تێکستی چاپکراو***

(دەق) لەکەرەستەو ڕەگەزە هەرە گرینگەکانی ڕۆژنامەیەو دەورێکی پێش چاویش لەدەرهێنانیدا دەبینێ و شێوەیەکی لەبارو مەنتیقیشی دەداتێ و زیاتریشی دەسازێنێ.

ڕاستە وێنە و قەڵەمکێش و کەرەستەکانی تر بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام هەموو ئەوانە یارمەتی ڕوون کردنەوەو نزیک کردنەوەی دەق دەدەن، ئەگەرچی هەندێک لەو کەرەستانە لە ڕۆژنامەگەربیە پێشکەوتووەکاندا بە تەنهایش دەوری خۆیان دەگێڕن، ئێمە لێرەدا(دەق) پتر وەک ڕەگەزێکی تایپۆگرافی وەردەگرین: لەم ڕووەوەیش(دەق) لەسەرێکەوە پابەندی بۆشایی نێوان ڕستەو وشەو قەبارەی ئەو پیتەیە پێی ڕیز دەکرێ، لەسەرێکی تریشەوە پێوەندی بە جۆری چاپەوە هەیە، بۆ خاڵی یەکەم وەک دەستوورو ڕێسایەک قەبارەی پیت سنووری بۆ دادەنێ[87].

قەبارەی پیتیش پێوەندی بە جۆری ڕێگاکانی چاپەوە هەیە؛ چەندی پیت گەورەتر بێ بۆشایی نێوان(ڕستەکانی دەق)

دەبێ زیاتر بێ لە چنینی ئەلکترۆنیدا ئەم مەسەلە تەماتیکی جێبەجێ دەبێ دوای ئەوەی قەبارەی پیت دیاری دەکرێ- بڕوانە وێنەی(25) بەڵام لە چنینی دەستیدا کرێکاری چاپخانە بەهۆی خستنەبەری (ڕاستە)ی یەکسان ڕستەکان بۆشاییان بۆ پێک دەهێنرێ، لە چنینی(لاینۆ)یش (ڕاستە) دادەنرێ بەتایبەتیش لە نێوان دەق و تایتڵی دەقدا.

لەهەر حاڵێکدا بێ زیادەڕۆیی لە بۆشایی و قەوارەی پیت چ بە بچووکی بێ یا بە گەورەیی کاری خۆی لەدەرهێنانی هونەرییدا دەکا. هەر بۆیەشە دەرهێنەری هونەریی ڕۆژنامە دەبێ هەر لە پێشدا ژمارەی بۆنتی پیتەکان دیاریی بکا تا هاوسەنگییەک لە بەینی دەقەکان بە گشتی پێک بهێنێ، چونکە دەرهێنەر لە ژمارەی وێنەو قەڵەمکێش و گرینگی دەقەکان ئاگادار دەبێ.

لە ڕۆژنامەگەریی خۆماندا تا ئەم دوادواییانەیش یان دەرهێنەر بەو مانایە نەبووە یا کە هەبووە ئەوەندە دەست ڕەنگین و لێوەشاوەو تێگەیشتوو نەبووە لەکاری ڕۆژنامەگەرییدا.

(دەق)ی کوردی بە هەموو جۆرە چاپێک دەرچووە لەدەست چینەوە بگرە تا دەگاتە باری ئێستای کە بە(چنینی وێنەیی - تنضید تصویری) ریز دەکرێ و بە ئۆفسێت چاپ دەبێ.



## ***وێنەو قەڵەمکێش***

وێنەو قەڵەمکێشیش کەرەستەی تایپۆگرافین، تۆ بیر لە دەقێکی بێ وێنە بکەوە بزانە چ وەڕەسییەکی لەگەڵدا دەبێ بە تایبەتی لە ڕۆژنامەدا کە هەموو جۆرە خوێنەرێکی هەیە.

لەبەشی یەکەمدا ئەم مەسەلەیەمان ڕوون کردەوە ئەوەندەی پێوەندی بە وێنەو قەڵەمکێشەوە هەبێ، بڕوانە وێنە(26).

## ***مانشێت و تایتڵەکان***

مانشێت و تایتڵەکانی تری ڕۆژنامە وەک کەرەستەی تایپۆگرافی هاوسەنگی بۆ لاپەڕەکان دابین دەکەن و ڕادەی گرینگی تێکستەکانیش دەردەخەن لە پاڵ وێنەو کەرەستەی تر، جگە لەوەی جوانی و مەودایێک بەدەرهێنانی هونەریی سەرجەمی لاپەڕە دەدەن بەتایبەتی مانشێت کە تایتڵی سەرەکییەو بەزۆری بەڕەنگێکی جیاواز یا بە کوللەیی چاپ دەکرێ یاخود هەندێ جار بە نێگەتیف.

مانشێت و تایتڵەکانیش بە جۆری چاپەوە بەندن، تا ئەو چەند ساڵەی دوایيش کە ڕۆژنامەو گۆڤارمان بە (لاینۆ) دەچنراو بە(لێتەرپرێس)چاپ دەکرا مانشێت و تایتڵەکانی بەخەت دەنووسران و پاشان کەلیشە دەکران، کە ئەم ڕێگایەش جگە لەوەی وەختێکی زۆری دەویست لەهەمان کاتدا دەرهێنەری ڕۆژنامە دووچاری هەندێ گیروگرفت دەبوو بەهۆی گەورەو بچووکی و درێژی و کورتییەوە[89] ئێستا لە

چاپی ئۆفسێتدا ئەم گیروگرفتانە نەماون، نەخشەسازی ڕۆژنامە دەتوانێ تەنانەت ڕاستەوخۆ لەسەر ماکێتی ڕاپەڕاندن تایتڵ و ناونیشان و مانشێت بنووسێ، دیسان ئامێری چنین هەر خۆی ناونیشان بە پێی ویستی نەخشەساز دەردەچوێنێ. ئەمڕۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردی تایتڵ و ناونیشان بەم جۆرە چاپ دەکەن.

مانشێت و تایتڵێش ئەو دەمە دەوری تایپۆگرافی خۆیان دەبینن کە دەرهێنەر بە پێ ی بایەخی تێکستەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.. هەر چەندە زۆر جاریش دەرهێنەری هونەریی ناتوانێ دەسکاری تایتڵەکان بکات بە تایبەتی مانشێت کە تا کورتتر بێ کاریگەرترە بەڕادەیەک هەندێ جار لەدوو وشە ڕەت ناکا.

## کەرەستەکانی لێک جوداکردنەوە

نووسینەکانی ڕۆژنامەو گۆڤار کە لە پێش دا ناومان لێ نان(دەق) یا تێکست، لەکاتی دانان و ڕیزکردن و سازاندنیان پێویستیان بە هەندێ کەرەستە هەیە نەخشەساز نووسینەکانی پێ لێک جیادەکاتەوە تا لە کاتی خوێندنەوەدا تێکەڵ نەبن بەتایبەتیش لە ڕۆژنامەدا کە لە چاپکردنی دەقدا(سیستەمی ستوون) بەکاردەهێنرێ.

ئەو کەرەستانە سەرەڕای ئەوەی سنووری بابەتەکان دیاری دەکەن هۆیەکی تایپۆگرافیشن هاوسەنگی و ئیقاعێک بۆ





**وێنەی (26)**
**بەکارهێنانی وێنە وەک کەرەستەی تایپۆگرافی لەسەرەتای پرتێکی تایبەتی دوو گۆڤاری هەفتانەی عەرەبی دا**

ماکێتی ڕۆژنامە پێک دێن بەو مەرجەی بە چەشنێک دابنرێن کار نەکەنە سەر ڕەونەقی دەقەکەو چاوی خوێنەر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن زیاتر لەوەی بەلای دەقەکەدا بچێ.

کەرەستەکانی لێک جودا کردنەوەیش دوو پرتن:

**پرتی یەکەم:** ئەو کەرەستانەن بۆ لێک جودا کردنەوەی دەقەکان بەکاردەهێنرێن وەکو:

– **هێڵ:** بەهەموو جۆرە قەبارەو درێژییەک،(هێڵ)یش هەمدیس بە پێی جۆری چاپەوە دەگۆڕێ.

له چاپی لاینۆدا له(کانزا-مادەن) دەبێ، بەڵام له ئۆفسێتدا بەقەڵەم (ڕۆترینگ) دەکێشرێ، هی حازریش هەیە، ئاشکرایه که ڕێگای دووەم ئاسانتره.

- **چوارچێوە:** چوارچێوە هەر هێڵە بەڵام شێوەی چوارچێوە وەردەگرێ و بەزۆریش بۆ وێنەو قەڵەمکێش بەکاردێ.

له چاپی لێتەردا دەبێ کەلیشه بکرێ و له چاپی ئۆفسێتدا هەڵبەت ئاسانتره.

هەندێ جار لەوانەیه نیوەبێ به پێی ویستی دەرهێنەر...
- **لاکێشه و بازنه.**
- **کوللەیی یا تۆڕ( شبک) کوللەیی فلیمێکی ئەتەمی جۆراوجۆره.**

درشت و وردی هەیه[90] بەسەر دەق دادەدرێ بۆ دەرخستن و لێک جودا کردنەوەی لەدەقێکی دی. کوللەیی لەکەرەسته تایپۆگرافییه پێویستەکانه بۆ ڕۆژنامه به تایبەتیش بۆ ئەوانەی بەدوو ڕەنگ دەردەچن یا هەر بەڕەنگێک، له حاڵەتی یەک ڕەنگیشدا کوللەیی لەگەڵ(تۆن)ی هەمان ڕەنگ بەکاردێ تاکو وەکو دوو ڕەنگ پیشان بدا، جگه لەوەی سەنگێکیش دەداته ڕۆژنامه یا گۆڤار و دەبێ به هۆیەکی دەرخستنیشی (ابراز).

کوللەیی بەسەر هێڵ و چوارچێوە و بازنەو پێوەره ئەندازەیی و نائەندازەییەکانیش دادەدرێ.



- **نێگەتیف،** واته دەقێک یا وێنەیەک نەکرێته پۆزەتیف له مۆنتاژدا وەکو خۆی دوای چارەسەر کردنی دادەنرێتەوە بەمەیش له دەقەکانی دی جیا دەبێتەوە.

- **ئەستێره، بازنه (پڕو بۆش) چوارگۆشه(پڕو بۆش)هەروەها نیشانەی ئاراسته(پڕو بۆش)- بڕوانه وێنەی(24).**

ئەم نیشانانەیش جگه لەوەی کەرەستەی لێک جوداکردنەوەن لەهەمان کاتدا کەرەستەی جوانکاری و رازاندنەوەیشن.

بۆ نموونه: گەلێ جار دەرهێنەر لەبازنه یا چوارگۆشەی پڕوبۆش دا هێڵێکی زنجیرەیی پێک دێنێ بۆ جوداکردنەوەی دوو دەق وەکو ئەوەی له(هاوکاری) و (عێراق - پاشکۆ)و هەندێ له ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێستادا بەکاردێن.

ئێستاکه زۆربەی ئەو کەرەستانەیش به ئامادەیی هەیەو بەکارهێنانی ئاسانه، ئامێری چنینی ئەلەکترۆنیش قالبی هەموو ئەمانەی تێدایه.

ئەوەنده هەیه له چاپی دەستچین و لاینۆدا کەمترن[91].

هەندێ جاریش نەخشەساز بەهۆی ڕاستەی نەخشەسازییەوە (ڕاستەی ستێنسڵ) دەیانکێشێ[92].

## بۆشایی

مەبەستمان له بۆشایی سپیایەتی کاغەزه لەسەر چاپ.. ئەوی ڕاست و بەرچاویشه ئەو سپیایەتییه ئەگەر بایەخدارتر

نەبێ لەکەرەستەکانی دیکە بە بایەخترە! بۆشایی لە ڕۆژنامەدا وەکو ئەو وەستانەی شاعیرو خوتبەخوێنە لەکاتی خوێندنەوەی شیعرو وتاردا کە لە ناخی مەسەلەی دەربڕینەوە ئاهەنگێک بە وشەدەدا مەودای تێگەیشتن و کاریگەریی فراوانتر دەبێ.

لە مۆسیقایش دا وەک ماوەی(بێ دەنگی)یە[93].

بۆشایی جوانی و هێمنیش بە لاپەڕە دەداو بۆ چاویش باشەو وشەو ڕستەی دەق و وێنەو کەرەستەی دیکەیش لەبەرچاودا ئاشکراو ڕوونتر دەکا، بڕوانە وێنە(25).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆشایی پێویستە سنووردار بێت، ئەگەر لەڕادەبەدەر بێ پەرشوبڵاوییەک دروست دەکا، کەمیش بێ چڕوپڕ پیشان دەداو چاو ماندوو دەکاو دەقەکان بەتێکەڵیی دێنە بەرچاو، بۆیە پێویستە لە سنوورێکی ماقووڵ دابێ، بێگومان نەخشەسازی زیرەک و دەست ڕەنگین لە دانانی بۆشایی دۆش دانامێنێ... بۆشایی دەبێ تاڕادەیەک لەهەموو دەقەکاندا یەکسان بێ تا لەڕەگەزەکانی دیدا هاوئاهەنگییەک پێک بێنێ.

## کاریکاتێر

کاریکاتێریش وێنەو قەڵەمکێش ئاسا کەرەستەیەکی تایپۆگرافییە، پێویستە ئەو گۆشەی بۆی هەڵدەبژێردرێ کە لێی بڵاوبکرێتەوە لەباربێ و لەگەڵ بابەتەکانی تر لەبەریەک



ڕانەچن، هەوڵیش بدرێ وێنەی تری لە تەنیشت نەبێ و هەمیشەیش لە چوارچێوە بگیرێ.

## ڕەنگ

ڕەنگ بۆ لێک جیاکردنەوەی دەقەکان و دەرخستنیان سوودی لێ دەبینرێ هەروەها بۆ دەرخستنی ناونیشان و مانشێتیش.

ئاشکرایە ڕەنگ لە ڕۆژنامەو گۆڤاری ڕەنگاوڕەنگ دەوری پتر دەبێ.

ڕەنگ لەگەڵ کوللەیی(شبک) ولەگەڵ نێگەتیفیش بەکاردێ هەر بۆ هەمان مەبەست، جیاکردنەوەو دەرخستن، جگە لەوەی دەبێتە هۆی پێکهێنانی هارمۆنیای لاپەڕەکەیش، بەتایبەتیش لەڕۆژنامەیەکدا کە بە دوو ڕەنگ دەردەچێ، تەماشا دەکەی بەڕەنگی دووەم ئەو هارمۆنیایە دروست دەبێ چونکە(ڕەنگی یەکەم) کەدەقەکانی پێ چاپ دەکرێ دیارە کە ڕەش دەبێ.

## تایپۆگرافیا و ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان

هەموو چاپکراوە کوردییەکان بەدەر لە جیاوازییان سوودیان لە کەرەستەی تایپۆگرافیا لە ڕۆژنامەوە بگرە تا گۆڤارو کتێب و نامیلکەی تر(کۆن و تازە) وەرگرتووە.

ئەوەی کە ئەمڕۆیش هەیە هەمووی بە ڕێگای ئۆفسێت چاپ دەکرێ و ڕێگاکانی دی وا دیارە بەرەو نەمان دەچن.

لەگەڵ ئەوەشدا تەماشا دەکەین تاک و تەرا نەبێ ڕۆژنامەو چاپکراوەکانمان بەو ڕەنگە سوودیان لەو کەرەستانە وەرنەگرتووە بەتایبەتیش لەبەکارهێنانی کوللەیی و تایتڵەکان دا، هەروەها لەبارەی پاک وخاوێنی بەکارهێنانیشدا![94] بێجگە لەوە هەندێ کە مانشێت و تایتڵیان پێ ڕیز دەکرێ بەچاوپۆشین لە بچووکیان بەو ڕادەیە بۆ نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی لەبارنین، دیسان حیسابێکی ئەوتۆیش بۆ(بۆشایی) نەکراوە.

ڕاستە هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان ویستوویانە لەم ڕووەوە شتێک بکەن بۆ نموونە گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)و گۆڤاری (روناهی)، بەڵام گەلێک جار لە چۆنیەتی بەکارهێناندا زیادەڕۆیی تێدا کراوە بەو بارەی لەباتی ئەوەی ئەو کەرەستانە جوانی و هاوسەنگییەک دروست بکەن، بوونەتە هۆی ئەوەی چاوی خوێنەر لە(دەق) بترازێنن.

لە مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ(ڕەنگ)یش هەر بەو ڕەنگەن، زۆر جار ڕەنگ بەهۆی کوللەیی دەخرێتە سەر دەق کە خوێندنەوەی ئەستەم دەبێ؛ هەر بە نموونە دەبینی دەقەکە بە پیتی ورد چنراوە سەرەڕای ئەوەش دەخرێتە ژێر تۆڕەوە، لە هەمووی ویرانتر لە پاڵ دەقێک دا بڵاودەکرێتەوە کە بە پیتی درشت و ڕەش ریز کراوە!!

لەم حاڵەتانەدا ئەگەر دەقە وردەکەی ژێر کوللەیی(شبک)



بڵێین بشخوێندرێتەوە بەهۆی دەقە دڕشت و ڕەشەکەی تەنیشتی چاوی لەسەر دەترازێ و ئاهەنگ و هاوسەنگ بوونی لاپەڕەکەیش تێک دەدا.

بۆ زۆربەی ئەو کەرەستانەیش کە لە جوانکاریدا بەکاردێن هەر بەو چەشنەیە، لە ئەستێرۆکەو چوارگۆشەو بازنەو زنجیرو هێڵ و...تاد، ئەوانیش سەیر دەکەین زۆر جار هەروایی دادەنرێن.

## پەراوێز

(1) من پێم وانیە جیاوازی نێوان ڕۆژنامەگەریی دوێنێ و ئەمڕۆ هەر بە تەنیا وێنە بێ، چونکە پێشکەوتنی چاپخانەیش کۆمەڵێک نوێکاری هێنایە ناودنیای ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەگەر چی وێنە لە پێشەوەی ئەو نوێکاریانەشەوەبێ- بڕوانە(طلعت همام- مائة سؤال عن التحرير الصحفي)دار الفرقان- عەممان 1984 ل150.

(2) بڕوانە -محمود علم الدين- الصور الفوتوغرافية في مجالات الاعلام - قاهیرە 1981 ل15.

(3) بڕوانە- نووسەری کورد-(گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد) خولی یەکەم و دووەم.

(4) بەرایی نووسین لای سۆمەرییەکان و نووسینی هیرۆگلۆفی لەمیسر.

(5) سمير صبحى كامل(صحافة تحت الطبع) چاپی- دار المعارف- قاهیرە1974 ل171.

(6) بڕوانە: د. محمد محمود شلبى و د. ابراهيم امام - فن التصوير الضوئي وتطبيقاتة في الصحافة- بڵاوکردنەوەی- دار النهضة العربية- قاهیرە 1960 ل3.

(7) هەر ئەو سەرچاوەیە ل5 دەشڵێن کە(حەسەنی کوڕی هەیسەم)یش باسی ئەو سندووقەی کردووە.

(8) عبدالجبار محمود على- التصوير الصحفي- بڵاوکردنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی ـ بەغدا 1980ل9.

(9) د.سنان سعيد ـ چەند موحازەرەیەک بۆ قوتابییانی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلیژی ئەدەبیات ـ دانشگای بەغدا.

(10) واتە بەرەواژی وێنەکە لەدار هەڵدەکەنرا، ئینجا چاپ دەکرا، ئاشکرایە کە ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو وەختێکی زۆریشی دەویست، بۆیە گەلێ جار وێنەکە دوای ئەوەی لەسەر شەپکە دارێک ڕەسم دەکرا، دەکرا بە دوو یا چوار لەت و هەر لەتێ دەدرایە نیگارکێشێک پاشان بۆ چاپ پێکەوە دەنرایەوە.

(11) وێنە ئەگەر هێڵکاری-(Line) بێ ئەوا یەکسەر لەگەڵ دەقە چنراوەکەدا(منضد) وێنەی دەگیرێ، وەکی دی فۆتۆگراف دەبێ بەتەنیا وێنەی بگیرێ ئینجا لە مۆنتاژدا لەجێیی خۆی دادەنرێ.

(12) بڕوانە د. ابراهيم امام - دراسات في الفن الصحفي- کتێبخانەی (انجلو المصرية) قاهیرە 1972 ل293.

(13) تەنانەت گۆڤارێکی کوردی وەکو(Ronahi-1942) بەو ئیمکانیاتە کەمەیشەوە کە لەوکاتەدا دەرچووە بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی وێنەداوە بەو



ڕادەیەی دەتوانین بە یەکەمین گۆڤاری وێنەداری کوردی لەقەڵەم بدەین.

(14) بۆ زانیاری زێتر لەم بارەیەوە بڕوانە(عبدالجبار محمود على) التصوير الصحفى- بەغدا1980.

(15) هەر ئەو سەرچاوەیە ل18.

(16) چونکە  لە وەختێکدا زیاتر وەک هۆیەکی زەخرەفی بەکار دەهات تەنیا بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و هیچیتر!!

(17) صادق الازدي- الصور الفوتوغرافية في الصحافة- گۆڤاری (المصور العربى) ژمارە1 بەغدا ل28.

(18) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، شایانی باسە نووسەر هەر لەو وتارەدا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکا کەوا ئەو ڕۆژنامانەی لە بەغدا دوای کودەتای دەستووریی عوسمانلی ساڵی1908 دەرچوون و لە پێش ئەوانیش(زوراء)ی مدحت پاشا ساڵی1869 وێنەیان تێدا نەبووە.

(19) لەنامەیێکی ئەحمەد شوکری شاعیر کە بۆ کەمال ڕەئووف محەمەدی ناردووە دەربارەی گۆڤاری(زبان) کە ئەوکات ئەو پیتچنی بووە.
بڕوانە- کەمال ڕەئووف محەمەد- یەکەم گۆڤاری سلێمانی - گۆڤاری کاروان - ژمارە78 هەولێر 1989هەروەها بڕوانە:د.کمال مظهر احمد - مێژوو- چاپخانەی (افاق عربيه) بەغدا1983 ل150.

(20) هەرچەندە بە ماوەیێکی زۆریش لەوەوبەر(زاری کرمانجی) هەندێ وێنەی تێدایە، واپێ دەچێ خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی خۆی یا بە یارمەتی هی تر کەلیشەکانیان دروست کردبێ.

(21) بڕوانە - محمد ڕەسول هاوار- پیرەمێردی نەمر- چاپخانەی (العاني) بەغدا 1970 ل305.

(22) بڕوانە د. کەمال فوئاد -کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی - بەغدا1972.

(23) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا 1977 بڕوانە پەراوێزی ل217.
هەروەها بڕوانە: جمال خەزنەدار- ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی- بەغدا 1973.

(24) بڕوانە: ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکوورو  ل ترکییێ- گۆڤاری(چوارچرا) سوید/ژمارە(2) ساڵی (1) نیسانی 1986 ل7.

(25) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل1.

(26) لەهەندێ سەرچاوەدا ناوی گۆڤارێک دێ کە هەر لە ساڵی1913دا دەرچووە بەناوی(هەتاوی کورد) ەوە، بەڵام ئەوی ڕاستە هەر ئەو(ڕۆژی کورد)ەیە کە لە

دواییدا بووە بە(هەتاوی کورد)، بڕوانە:
- عەلائەددین سەجادی- مێژووی ئەدەبی کوردی- بەغدا 1952 ل552.
- جەبار جەباری- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی- کەرکووک1970.
- جەمال خەزنەدار- رابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی- بەغدا1973
- گۆڤاری -چوارچرا- سوید ژمارە(2) 1986.

(27) بڕوانە: ڕۆژی کورد-1913 بڵاوکردنەوەو پێشەکی و لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار- بەغدا1981.

(28) د. خليل صابات - تاريخ الطباعة في الشرق العربي - دار المعارف قاهیرە1966- چاپی دووەم ل18.

(29) هەر سەبارەت بەمەیشەوە بوو کە چاپخانە لە تورکیادا بە پیتی عەرەبی تەواو دواکەوت، تاکو سەرەتای سەدەی هەژدەم، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(30) بڕوانە: ڕۆژی کوردستان- بڵاوکردنەوەی جەمال خەزنەدار بەغدا 1973.

(31) بڕوانە- بانگی کوردستان- ئۆفسێت کردنەوەی جەمال خەزنەدار- بەغدا1974.

(32) روناهی-Ronahi- گۆڤارێکی مانگانە بووە، ژمارە1ی لە 1/نیسانی 1942 لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە بە ئەلفوبێی لاتینی دەرکراوە، تاکو مارتی 1945(28) ژمارەی لێ دەرچووە، بەشی زۆری ئەو وێنانەی تێیدا بڵاوکراونەتەوە وێنەی بەرەکانی جەنگن.

(33) نووسەری ئەم وتارە دەمێکە لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە(کە یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردییە) ئامادەیە بۆ جاپ لەگەڵ ئیندێکسی بابەت و نووسەرانی هەموو ژمارەکانی دا (لە پاشاندا چاپی یەکەمی 1991 و چاپی دووەمی1998 دەرچوو).

(34) د. محمد محمود شلبي و د. ابراهيم امام- فن التصوير الضوئي وتطبيقاتة في الصحافة- دەزگای (النهضة العربية) قاهیرە1960 ل240.

(35) بڕوانە - محمود علم الدين- الصور الفوترغرافية في مجالات الاعلام ، ل40.

(36) لێرەدا ئێمە مەبەستمان ئەوە نی یە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە بە وێنە پڕ بکەینەوە بەقەد ئەوەی مەبەستمان وێنەی پێویستە لە سنووری پاراستنی هاوسەنگی لاپەڕەکاندا.

(37) لە ڕۆژنامە بەربڵاووپێشکەوتووەکاندا بایەخی تەواویان بە هەڵبژاردنی وێنەداوە بەڕادەی ئەوەی مەسەلەکە بووە بە هۆی دانانی سیستەمی(بژارکاری وێنە Pictureeditor) کە ئیشی هەڵبژاردن و داروبەشکردنی وێنەیە بەسەر



بەشەکانی ڕۆژنامەدا، بڕوانە د. صلاح قبضايا- تحرير واخراج الصحف قاهيرة 1985 ل145.

(38) ئەوەندەی من ئاگام لێیە، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان ئەرشیفێکی بەو جۆرەشیان نییە کە لە کاتی پێویستدا بۆی بگەڕێنەوە(!؟) هەر بە نموونە(هاوکاری) بگرە، کە ئەوە خۆی لە بیست ساڵ دەدا بەبەردەوامییەوە دەردەچێ ئەرشیفێکی بەو تەرزەی نییە!!؟

(39) ئەوەی لە ڕۆژنامەگەریی خۆمان دا سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە وێنە هیچی لەژێر نانووسرێ ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە بڵاوکردنەوەی وێنەی تێدا هەروایییەو وەک پێویستە ئەو دەورەی نەدراوەتێ، ئەوە بێجگە لەو هەڵانەی لە بڵاوکردنەوەیدا ڕوودەدەن بەوەی دەبینی وێنەی ئەحمەد دەبێ بەهی مەحمود و هی ئازاد بەهی نەوزاد!! یاخود دەبینی دەقەکە باسی شتێک دەکا، وێنەکان لەشتێکی دیکە دەدوێن!!

(40) فليب گايار- تقنية الصحافة- وەرگێڕانی: فادى الحسينى- بڵاوکردنەوەی عويدات- بێروت1983ل119.

(41) بەڵام چ چاپێک هەر خوا بەخۆی بزانێ چەند بێ فەیزو شەپڕێون.

(42) ئێمە کە دەڵێین ڕۆژنامەگەریی سوودی لە داهێنانەکانی تەکنەلۆژیاوە بینیووە، نابێ ئەوەیش فەرامۆش بکەین کە ئەم سوودە نە هەموو ڕۆژنامەگەرییەکی گرتووەتەوە، نە ئەوانەی توانیویانە سوود وەربگرن مەرجە بیان توانیبێ بیگەیێنن! ئەمەش سەبارەت بە زۆر ئەگەران بووە، سەرەڕای باروبۆچوون و جۆری ڕژێمی ئەو وڵاتە.

(43) محمد رشاد- التصوير الضوئي-گۆڤاری المصور العربى - ژمارە(5)ل15.

(44) ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراقدا تاکە سەرچاوەی بۆ وێنە، ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی و ڕۆژنامە و گۆڤارو چاپەمەنی دیکەی بێگانەیەو هیچ ڕۆژنامەیەکمان تاحاڵی حازریش نی یە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاژانسێکەوە هەبێ جگە لە(ئا.د.ع).

(45) بڕوانە: د. ابراهيم امام- دراسات فى الفن الصحفى ل291.

(46) بڕوانە: محمد محمود شلبي و د. ابراهيم امام- فن التصوير الضوئي ل251.

(47) عبدالجبار محمود علي - التصوير الصحفي ل36.

(48) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(49) جاری وایە هێڵکاری بەتەنێ وێنەی دەگیرێ، ئەمەش ئەوکاتە دەبێ کە قەڵەمکێشەکە گەورەکردن و بچووک کردنەوەی بوێت.

(50) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سمير صبحي كامل- صحافة تحت الطبع - دار المعارف-

قاهيرة1974 ل174.

(51) د. سنان سعيد- الاخراج الصحفي- چەند محازەرەیەک بۆ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندنی سەر بە کۆلیژی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدا.

(52) لوی دی جانیتی- فهم السینما-وەرگێڕانی جعفر علی-دار الرشید- بەغدا 1981ل75.

(53) هەر ئەو سەرچاوەیە ل15.

(54) هەندێ جار ئەمە بەهۆی هەڵەی چاپ ڕوودەدا، بەوەی دەبینی وێنەکان جێیان دەگۆڕێ، ئەم هەڵەیەش زیاتر لەبەشی(ڕاپەڕاندن) و(مۆنتاژ)دا دەکرێ.

(55) هەر بە نموونە بڕوانە زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)و(پاشکۆی عێراق) و گۆڤاری(ڕەنگین).

(56) ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ گۆڤاری(کاروان) تا ئێستا نەیکردووە بەعادەت ئەگەر نووسینەکە خۆی وێنەو قەڵەمکێشی لەگەڵ دانەبێ، وێنەی ئەگەرلە ئەرشیفیش بێ بۆ پەیدا بکا، هەرچەندە جاروبار مۆنتیفی بۆ هەندێ دەقی ئەدەبی کردووە. بەڵام(کاروان) سیفەتێکی باشی هەیە بەوەی ئەو وێنانەی لەگەڵ نووسینەکان دێن هەموویان بڵاودەکاتەوە، وەکی دی(تەندروستی و کۆمەڵ) بە پێچەوانەوەیە ئەگەرچی پشتی تەواویان بە ئەرشیف بەستووە.

(57) محمد عوسمان زادە- ساڵی1946 لەهەولێر لەدایک بووە، دەرچووی کۆلیجی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدایە/ بەشی کوردی، لە سەرەتای ساڵی1970 وەک نەخشەسازو خۆشنووس لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کاردەکات.
ئێستا بەڕێوەبەری هونەری هەردوو گۆڤاری(کاروان) و (تەندروستی و کۆمەڵ)ـە.

(58) هەندێ جار وێنەگر هەر خۆی هەواڵێک بەزنجیرە وێنەیەکی یەک بەدوای یەک دەگەیێنێ بێ ئەوەی نووسینی لەگەڵدا بێ.

(59) د. ابراهیم امام- دراسات فی الفن الصحفی ل305.

(60) د.محمود ادهم- الصورة الصحفية. دراسة في المصادر والمؤثرات- چاپخانەکانی دار البیضاء- قاهیرة 1988 ل123.

(61) عادل کامل- افکار حول الفوتوغراف- گۆڤاری(المصور العربي) ژمارە(٤)ئەیلوولی 1985 ل14.

(62) سیاسەتی ڕۆژنامە، لەزۆر شوێنی ئەم نووسینەماندا هاتووە؛ لێرەدا پێویستە بڵێین کە ئێمە مەبەستمان لە سیاسەتی ڕۆژنامە کۆمەڵێک بنەماو ڕێڕەو سازاندنە ڕۆژنامە لەوەڵامی ئەوەی چی بڵاوبکاتەوە و چۆنی بڵاوبکاتەوە پێوەی بەند دەبێ.

(63) لە هەر حاڵەتێکیشدا بێ دەرهێنەر نابێ ئەوەی لەبیر بچێ کە دەرخستنی وێنە پێویستە لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکەدا بێتەوە ئەگینا کارەکەی بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە.



(64) ئەوەی جێی داخە هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان نەک هەر وێنە کەم بایەخە کە وەلادەنێن، بەڵکو ئەو وێنانەیش بڵاوناکەنەوە، کە نووسەر خۆی دەینێرێ، بەتایبەتیش ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ئەوە بێجگە لەوەی هەمیشە وێنە لەگەڵ دەق دەگونجێنن، جا بە بچووککردنەوەی لەڕادەبەدەر بێ یا بە بڕین!!

(65) بڕوانە: نوری الراوی- نبؤات لمستقبل الة التصویر- گۆڤاری(المصور العربی) ژمارە (5) تەموزی 1986 ل27.

(66) محمود علم الدین- الصور الفوتوغرافية في مجالات الاعلام- ل34.

(67) طە باقر- مقدمە فی ادب العراق القدیم - بەغدا1976 ل182.

(68) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(69) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(70) سمیر صبحي کامل- صحافة تحت الطبع- قاهیرە 1974 ل117.

(71) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(72) بڕوانە: ریاض جید- القاموس الفرید- (ایطالی- عربی) دار الجیل- بێروت 1975 ل101.

(73) لە هەندێ چیرۆک و حیکایەتی کاریکاتێری بترازێ، کەم واڕیک کەوتووە کاریکاتێر لە شێوەی کتێبدا بێ، ئەگەر هەشبێ زیاتر دوای بڵاوکردنەوەیەتی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان.

(74) بڕوانە- ژمارە-15-ی حوزیرانی1943 ل11.

(75) دەگونجێ نووسینی کاریکاتێر ئامێز بڵاوکرابێتەوە بەڵام وێنەی کاریکاتێری کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بڵاونەکراونەتەوە.

(76) بۆ نموونە: (مرقعة الهندي) لە شاری بەسرا ساڵی 1909 و (بالک) لە بەغدا ساڵی 1911 و(چنەباز) لە موسڵ هەر ئەو ساڵەو چەندانی تر کە هەندێ لە خاوەن و بەرپرسیاری ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە کوردبوون وەکو خاوەنی(حبزبوز)- نوری ثابیت- بڕوانە: جمیل جبوری حبزبوز- فی تاریخ صحافە الهزل والکاریکاتور فی العراق- بەغدا ل22.

(77) هەر بە نموونە گۆڤاری(الف باء)لە ئێراق و(الدوحة)ی قەتەری و(یوم السابع)ی فەلەستینی کە بەڕاستی ئەمەی دوایی، کاریکاتێرەکانی هونەرمەند بهجت جێی سەرنج و تێڕامانن....

(78) زۆرجار هونەری ئاگاداریی و ڕیکلام و جاڕدان لە ڕۆژنامەدا بەهۆی کاریکاتێرەوە دەبێ، ئەمەیشیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا دەگمەنە، هونەری ئاگاداری وجاڕدان ئێستاش لەگەڵ دابێ نەچووەتە ئەو قاوخە هونەرییەی لە ڕۆژنامەگەریی دەرودراوسێ دا باوە.
لێرەدا پێویستە بڵێین دیاردەیەکی سەیر هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو

ڕۆژنامانەی کورد بە زمانەکانی تر دەری کردوون لەم بارەیەوەو هەموو لایەنە هونەرییەکانی تر پێشکەوتووتر بووە لەوەی بە کوردی دەرچووە کە زۆرجار وا ڕێککەوتووە لەهەمان وەختیشدا دەرچوون!! دیسان حاڵی حازر ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان بە دەگمەن جاڕدان بە کوردی بڵاودەکەنەوە.

(79) بڕوانە- WOd U˙- بەغدایی(گۆڤار) ژمارەی شوباتی 1987 ل130.

(80) بڕوانە- گۆڤاری(الصحفي العربي) - گۆڤاری نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب- ژمارە/11/4ی نیسانی 1983 ل36.

(81) گۆڤاری( افاق عربيه) هەمان ژمارەی پێشوو ل131.

(82) بڕوانە: (دراسات اعلامية) گۆڤاری بنکەی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن، ژمارە 48/1987 ل415.

(83) بڕوانە: ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی بەغدایی ژ113/1989/3/6 ل3.

(84) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(85) بڕوانە: (المورد) ئینگلیزی - عەرەبی- نووسراوی منیر البعلبکی دار العلم للملایین- بێروت - چاپی16-1982ل1003.

(86) بڕوانە: محمود علم الدين(التصوير الفوتوغرافي في مجالات الاعلام ل35.

(87) لێرەدا پێویستە بڵێین کە شێوەی(پیت)یش دەوری هەیە ئەگەر چی بەقەد دەوری قەبارەکەی نەبێ.

(88) (ڕاستە): پارچە پلێتێکە، پانی بەقەد پانی پیتەو درێژیشی بەقەد درێژی ڕستەیە، بەڵام ئەستوراییی لە(1) تا(3) ملم دەبێ و هەندێکیان زیاتریش بە پێی ئەو بۆشاییەی دەرهێنەری هونەری دەیەوێ یان ڕێکخەر(مداور) دەخرێتە نێوان ڕستەکانەوە، هەر بۆنتێکیش ڕاستەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە بە پێی گەورەیی و بچووکی و ویستی دەرهێنەری هونەری.

(89) کە ئێستا تایتڵی هەندێ ڕۆژنامە دەبینم دەڵێم سەت خۆزگە بەوکاتە، لە کاتێکدا کە ئەو گیروگرفتانە لە چاپی ئۆفسێت دا نی یە هەر بە نموونە ڕۆژنامەی(هاوکاری) کە هیچ بایەخێک بە تایتڵ نادات، تەنانەت هەندێ بابەت لەنیولاپەڕە زیاتر دەگرێ کەچی ناوی نووسەر بەقەد تایتڵی نووسینەکەیە!!(؟)

(90) کوللەیی بە هەموو جۆرە ئەتەمێکیەوە بە حازریش هەیە، هی حازریش فلیمی نی یە نایلۆنێکی کاغەزییەو لە کاغەز گیراوە.

(91) لە چاپی دەستچین و لاینۆ ئەم کەرەستانە بەوجۆرە جوانییەش نین، دیسان بواری ئەوەیشی تێدا نابێ دەرهێنەر بەو ڕەنگەی لە چاپی ئۆفسێت دا بۆی ڕێکدەکەوێ مامەڵەیان لەگەڵ بکا.

(92) ڕاستەی نەخشەسازی(ستێنسڵ): ڕاستەیەکە هەموو ئەو نیشانانەی باسمان کردن لەسەر هەڵکەندراون و دووبەدەرە جا کە دەرهێنەر نیشانەیەکی ویست دێ



ڕاستەکە لەسەر شوێنی پێویست دادەنێ و بەقەڵەمی ڕۆترینگ بەسەریدا دەچێتەوە.

(93) بڕوانە: د. ابراهيم امام- دراسات في الفن الصحفي- ل256.

(94) هەڵبەت لێرەدا ئێمە مەبەستمان هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان نی یە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهای هونەریی ئەو کەرەستانە بۆ ڕۆژنامە دەزانێ، ئەوەیش دیارە زیاتر پێوەندی بە نەخشەسازی ڕۆژنامەکەوە هەیە.

**سەرچاوەکان:**


- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد- تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی دا بەغدا- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد1977.
- جەمال خەزنەدار: ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی- بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردی بەغدا1973.
- جەبار جەباری- مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی کەرکووک1975.
- محمود علم الدين- الصور الفوتوغرافية في مجالات الاعلام بەغدا1981.
- د. سنان سعيد-الاخراج الصحفی- چەند محازەرەیەک بۆ قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندنی سەر بە کۆلیجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا-1984.
- عبدالجبار محمود علی -التصوير الصحفی- بڵاوکردنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی - بەغدا1980.
- د. فتح الباب عبدالحليم سيدو د.ابراهيم ميخائيل- وسائل التعليم والاعلام قاهيرە1968.
- د. ابراهيم امام- دراسات فی الفن الصحفی- قاهيرە-1972.
- د. اشرف محمود صالح- WUD˙- قاهيرە1984.
- کۆمەڵێک ڕۆژنامەی کۆن و نوێی کوردی.

# گۆشەو ستوون
# لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا[*]
## ـ چەند سەرنجێکی ڕۆژنامەنووسیانە ـ

ڕەنگە نووسینی گۆشەو ستوون لەکاری ڕۆژنامەنووسی دا سەختترین هونەری نووسین بێ..

مەسەلەکە بێگومان بە کورت و درێژی نی یە، ئەوەندەی کە زیاتر پەیوەندی بە دوو هۆی سەرەکییەوە هەیە:

**یەکەمیان:** بەردەوامی نووسین.

**دووەمیان:** ئەو تەقسە تایبەتیەیە کە لەنووسینی ستوون یا گۆشەیەکی تایبەتیدا پێویستە هەبێت.

لێرەشدا مەبەستمان لە گۆشە یا ستوون ئەو وتارانە نین کە

* لە ڕۆژنامەی (برایەتی) هەردوو ژمارەی ڕۆژانی 14و15ی /نیسانی/1998بەدوو ئەڵقە بڵاوکراوەتەوە.



لەهەندێ ڕۆژنامەو هەفتەنامەو مانگنامەدا بە ئیمزایەکی دیاری کراو یاخود بەبێ ئیمزا، (وەک سەر وتاری زۆربەی ڕۆژنامەکان) بڵاو دەبنەوە، باوەکو هەندێ لەو وتارانە لە شێوەی بڵاوبوونەوەشیان دا جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ شێوەی بڵاوبوونەوەی گۆشە یا ستوونی بەردەوام دا نەبێ، چونکە گۆشە یا ستوون، وای دەبینم گۆشە بێ بۆ ژیان، تەنانەت هەن گەیاندوویانەتە ئەو ڕادەیەی بە دانشگایەکی گەڕۆکی خوێنەرانی دەبینن..

بۆیە لە پێش دا جوانووسی و چڕوپڕنووسی بەمەرجی پێویست دەزانن لە نووسینی گۆشەدا..

گۆشەیش دیارە لە ڕۆژنامەگەریی ڕۆژئاوادا نەریتێکی ڕۆژنامەنووسیی لە مێژینەیەو تەنانەت هەر لە خۆیدا داهێنانێکی ڕۆژئاوایەو (نووسەری ستوون – Columnist) لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتووەتە ناو عەرەبی[1].

لە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا، تەنانەت لەچاو سەرهەڵدانیشیەوە گۆشەو ستوون ئەوەندە لەمێژ نی یە.. سەرەڕای ئەوەی زۆر لەو وتارو بیرە ڕاگوزارییانەی بەناوی گۆشەو لەشێوەی ستوونی ڕۆژنامەگەریی دا بڵاوکراونەتەوە، مەرجی ستوون یا گۆشەی ڕۆژنامەنووسییان تێدا نەبووە.

ئەمڕۆش ستوون و گۆشەی بەردەوام خەریکە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیش دا ببێ بە دیاردەیەک و

پێویستییەکی سەردەمیش کە هێزو جوانیەک بەکاری ڕۆژنامەنووسیی دەدا، بەڕای من تاکە هونەرێکی ڕۆژنامەنووسیشە قەڵەمی کارامە بتوانێت لە داڕشتەیەکی مەحکەم و مەبەست پێک و قاوخێکی ڕووناهیداردا هەموو هونەرەکانی تێدا کۆبکاتەوە.

## گۆشەو ستوون
## دەنگی نووسەر یا دەنگی ڕۆژنامە

لەڕووی شێوە، ئەگەر بەو مانایەی تەماشا بکەین، ستوون بریتی بێت لە چەند دێڕێک، بە ستوونێک یا دوو ستوون لە ڕۆژنامە یاخود هەفتەنامەیەک دا بڵاوبێتەوە، ئەوە هەر گۆشەیەکی لە ڕۆژنامەدا دووبارە دەبێتەوە، بە نموونە سەروتار، یا گۆشەیەکی تری خودی ڕۆژنامەکە لە یەکێک لە لاپەڕەکانی دا..

ئەمەش هەرگیز لەگەڵ مەبەستی ئێمەدا تێک ناکاتەوە، چونکە وەک لەپێش دا ئاماژەمان پێکرد، گۆشەو ستوونی بەردەوام تایبەتایەتی خۆی هەیە چ لەڕووی شێوەی نووسین (کە لەدوایی دا دێینە سەری)، یا لەڕووی هونەری چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی گۆشەنووسان دەیخەنە ڕوو.

لێرەدا ئەگەر مەرجی گۆشەنووسیی تێدابێ، هیچ جیاوازییەک لەنێوان گۆشەو ستوون دا هەستی پێ ناکرێ..

تەنانەت وا دەبینرێ ئێمە لە کوردی دا گۆشە لەباتی ستوون



بەکار بهێنین، چونکە ستوونیش هەر گۆشەیەو بەپێچەوانەوەش...

ئەگەر لێشم بپرسی بۆچی (گۆشە)ت پێ چاترە، پێت دەڵێم، چونکە ستوونیش هەر گۆشەیەکی لاپەڕەی ڕۆژنامەیە(هەر لاپەڕەیەک)، چەندی (گۆشە)یە ڕەنگە هەندێ جار چوار ستوون یا سێ ستوون بگرێتەوە.

بەهەر حاڵ گۆشە یا ستوون، گرینگ ئەوەیە ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە وتارو نووسینی دیکەی ڕۆژنامە لێکیان بکاتەوە.

### ئێستا با بزانین گۆشە یا ستوون لە ڕۆژنامەدا چی یە؟

لەپێش دا پێم باشە خوێنەر لەوە ئاگادار بێ کە گۆشە بەو چەمکەی بۆی چووین، جیایە لەگەڵ سەروتارو هەندێ گۆشەی وەک سەروتار لە ڕۆژنامەدا، هەرچەندە دووبارەش بینەوەو بەچەند ستوونێکی دیاریکراویش بڵاوبکرێنەوە.

لەم ڕاستەدا دەتوانین گۆشە یا ستوونی ڕۆژنامە یا هەفتەنامە بەوە بناسین کە بریتییە لە: نووسراوێکی ڕۆژانە یا هەفتانە بەناونیشانێکی دیاریکراو و ئیمزایەکی دیاریکراو لە کات و شوێنێکی (شوێنی ڕووپەری ڕۆژنامەکە)دیاریکراودا لەڕووی مەبەست و بۆچوون و سرووشت و تەقسی نووسین کە بێگومان جیایە لەگەڵ وتاری ئاسایی.. کە زیاتریش

دەنگی نووسەرە لەوەی دەنگی ڕۆژنامە یا هەفتەنامەکە بێت؛ تەنانەت ئەگەر خودی سەرنووسەریش بینووسێ، یا بەناوی خوازراوەوە بێت[2].

(گۆشە)یش لە ڕۆژنامەدا هەمیشە ئەوانە پێیان دەنووسرێ و دەتوانن لەسەری بەردەوام بن کە تاقیکردنەوەیەکی تێریان لەکاری ڕۆژنامەنووسیی دا هەیە و لەو زمانەی پێی دەنووسن شارەزاو لێزانن و زانیاری تەواویان لەو بوارەدا هەیە کە دەیکەنە سیماو ئادگاری ئەو گۆشە یا ئەو ستوونەی دەینووسن.

بۆیە دەبینین گۆشە سەرکەوتووەکان ئەو گۆشەو ستوونانەن، ڕۆژنامەنووسە ناودارەکان دەینووسن و ڕۆژنامە بەربڵاوەکانیش لەوێنەی ڕۆژنامە ناودارەکانی وەکو «گاردیان، تایمزو، کریستیان ساینس مۆنیتێر»و ڕۆژنامەی وەک «الحیاة»و «الشرق الاوسط» و گۆڤاری لە وێنەی «تایم»و «نیوزویک»و «المجلة»و «الوسط»و «الاهرام»و.. هی تری لەو جۆرە کە بە بەرفراوانی بڵاو دەبنەوەو گۆشەنووسی تێدا ڕەنج بەخەسار ناچێ و دەخوێندرێتەوە بڵاودەکرێتەوە.



## جۆرەکانی گۆشە..
## شێوازی نووسین ..
## هونەری بڵاوکردنەوە..

لەباسی ناسینی گۆشەدا وتمان؛ (گۆشە بۆ ژیان)لەو لێڕوانینەڕا گۆشەو ستوونووسیی لە دووبارە بوونەوەی بۆچوون و زمانی دەربڕین دا جۆری گۆشە یا ستوونەکە دەردەکەوێ، بەواتا ستوونێک لەلاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو مانگنامەیەکی کولتووریی یا لە ڕۆژنامەگەریی منداڵان یاخود وەرزش دا جیاواز دەبێ، لەگەڵ ئەوەش دا بێگومان خوێنەر گۆشەی سیاسی و ئابووری یا وەرزشی پەتی لێک جیادەکاتەوە، ڕەنگە ستوونووسێک گۆشەیەکی سیاسی بە زمانێکی نیمچە ئەدەبی ناڕاستەوخۆ بنووسێ یا ڕۆژنامەنووسێکی تر تەنزئامێز و ڕاستەوخۆ.. لێرەوە دیاری کردنی جۆرەکانی ستوون یا گۆشە بەو وردییە پێم وانییە نیشانە بپێکێ.. بەڵام بە گشتی لەڕووی جیهانبینی و چارەسەرکردنی بابەتەکانی ستوونووس دەتوانین چەند جۆرێکی لێ دیاری بکەین؛ بە نموونە گۆشە یا سیاسییە کە ڕۆژانە بە پشت بەستن بەهەواڵ و پاشخانی هەواڵەکان و ڕوونبینی خۆی مەسەلەیەکی گرنگ و شایان بە لێ وردبوونەوە دەخاتە ڕوو..

ئەم جۆرە گۆشانە زیاتر لە ڕۆژنامە ناودارو بەربلاوەکان دا دەبینرێن..

یا کۆمەڵایەتی، کە ڕاستەوخۆ بایەخ بەکێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدا، یاخود وەرزشی یا زانستی... و تاد...

لەوانەیە گۆشە هەبێت، نووسەرەکەی هەموو ئەو لایەنانەی لە دەربڕین دا تێدا کۆبکاتەوە، ئەمەش زیاتر ئەو ڕایە دەچەسپێنێ کە ستوون یا گۆشە بەردەوام و جێگیرەکانی ڕۆژنامەو هەفتەنامەکان هەمیشە دەنگی نووسەرن نەک دەنگی ڕۆژنامەکە، با لەگەڵ ڕوانینی ڕۆژنامەکەش دا ناکۆک نەبن..

لەڕووی شێوازی نووسین، گومانی تێدا نییە، گۆشەو ستوونووسیی لەگەڵ نووسینی وتاردا جیاوازە، گریمان ئەو وتارە کورتیش بێ و لە شێوەی ستوونیش بلاوبکرێتەوە، چونکە وەک وتمان گۆشەنووسین جگە لەوەی هونەرێکی ئاسان نییە هەموو ڕۆژنامەنووسێک پێی بوەستێ، دیارە بەردەوامی نووسینیش دەوێ..

لە کلاوڕۆژنەی جیهانبینینی نووسەرەکەشیەوە زمان و کەشێکی تایبەتی دەوێ کە بەهۆی چەند کۆڵەکەیەک ڕادەوەستێ لەوانە بە نموونە:

– پێویستە دوور بێ لە ڕاستەوخۆیەتی و پەندو ئامۆژگاری



دان، لەهەمان کاتدا بەزمانێکی شەفاف بنووسرێ.

– دەستەواژە لە نووسینی ستوون دا، تا بکرێ باشترە لە شێوەدا سادەو لەمانادا قووڵ و ئیحایی بێ و بە زمانی سەردەم بنووسرێ.

– ماکی نوێ بوونەوەی تێدا بێ تا بە دووبارەبوونەوە سیلاک نەبێ.

– بابەتی بێ، بەڵام بە دەربڕینێکی گەرم بنووسرێ، بەواتا خاڵی نەبێ لە هەست و سۆزو نیگاو ڕوانینی ڕۆمانسیانەی ئامانجدار..

– گوزارشت لە ناوەڕۆک و بۆچوونێکی دیاریکراو بکاو ڕەئی تێدا بێت.

– پەراوێز و زیادنووسی لەدەربڕیندا تێدا نەبێ.

– بنیاتی وشە بەپێی دەربڕین و ئەندازەی ڕستەو دەستەواژەکان مانا ببەخشێت، نەک وشەیەک بەکار بهێنرێ لە مانایەک زیاتر هەڵبگرێ لەکاتێک دا مانایەکی دیاری کراو پێویستەو بە پێچەوانەشەوە، وشەیەک لە مانایەک زیاتر نەدا کە وایش پێویست بکا، لە مانایەک زیاتر هەڵبگرێ، بەپێی وشەبازی لە نووسینی ستوون دا کە لەوانەیە بۆ هەندێ ستوون پێویست بێ.

– ڕوو شکاندن و سەنگەرگرتنی سیاسی بێ فکر، لە

ستووننووسیی دا پەسند نیە، وەک ئەوەی پڕوپاگەندەش لە لیاقەتی ستوون دادەبەزێنێ.

– تا پیتی پەیوەندی کەمتر تێدا بێت باشترە.

بێگومان چۆنیەتی بڵاوکردنەوەکەش تەواوکەری مەرجەکانی دیکەیە، لە تایتڵەوە بگرە تاکو قەوارەی ئەو پیتەی پێی دەنووسرێ و ئەو لاپەڕەی لێی بڵاودەکرێتەوەو لە لاپەڕەش دا ئەو شوێنەی بۆی تەرخان دەکرێ.

بۆ **نموونە:** بایەخی هەڵبژاردنی تایتڵ چەندە، چۆنیەتی دەسنیشان کردنی، جۆرو قەوارەی ئەو پیتەی پێی لە چاپ دەدرێ و قەوارەی ئەو ڕووپێوەی لە لاپەڕەی ڕۆژنامەدا بۆی دیاری دەکرێ پەسندترە نەگۆڕ بێت، بەوەی ستوون لەخۆیدا بارستێکی سەربەخۆیە، لەبەر ئەوە لەڕووی دەرهێنانی ڕۆژنامەنووسییەوە یەک ئەنوایی پتر لێ دێت.

دیسان لە بڵاوکردنەوەی گۆشەو ستوون دا جۆری لاپەڕەو شوێنی بڵاوکردنەوە کاریگەریی لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی گۆشەدا دەبێت..

**بە نموونە:** لاپەڕەی یەکەم و دوا لاپەڕە بە بەرچاوترین لاپەڕە دەژمێررێن، لەگەڵ ئەوەش دا گۆشەو ستوونی سەرەنج ڕاکێش لەهەر لاپەڕەیەک دا بێ دەخوێندرێتەوە.



## ***گۆشە یا ستووننووس***

ئەوەی جێی وەبیرهێنانەوەیە لێرەدا، نووسەری گۆشە پێشەکی وا پێویست دەکا تاقیکردنەوەیەکی تێری لەکاری ڕۆژنامەنووسی دا هەبێت، ئەمەش بەڕای من (بەشێکە) لە پێداویستی گۆشەنووسی سەرکەوتوو.

کە دەشڵێم بەشێکە، زیاتر مەبەستم لەوەیە وا ڕێک دەکەوێ ڕۆژنامەنووسی خاوەن تاقیکردنەوەش ستووننووسی چاکیان لێ هەڵناکەوێ..

دەگونجێ هەندێ جار ناوی نووسەر لەخۆیدا بەس بێ بۆ ئەوەی گۆشەکەی بخوێندرێتەوەو سەرکەوتن وەدەست بێنێ..

هەمیشەش هەروا کەوتۆتەوە، ناوی نووسەر لە ناوەڕۆکی گۆشە زیاتر دەچەسپێ، تەنانەت ئەگەر ناوەکە خوازراویش بێت.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی گۆشەیەک دەنووسێ، ڕەنگە وا پێویست بکا هەندێ سیفەتی دیاری کراوی تێدا بێ، هەرچەندە من وەکو خۆم باوەڕم بەوە نی یە ڕۆژنامەنووس لە جوغزێکی دیاری کراوەوە تەماشا بکرێ..

بەڵام دیارە کەش و هەوای دیاری کراوی ستوونووسیی کە لەوتاری ئاسایی جیای دەکاتەوە بوویێتە هۆی ئەوەی ستوونووس پێویستی بە زەوینەیەکی پتەوتر هەبێ تابتوانێ بە بڕواوە لەسەری بوەستێ.

وەک ئەوەی ڕۆشنبیریەکی هەمەلایەنی هەبێ و لە زمان و دەربڕینی سەردەم دا بەڵەد بێ و لەگەڕان و بەدواداچوون دا ماندوو نەبێ و پەیوەندی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵەوە هەبێت و لەسەرچاوەکان دا نزیک بێ، خۆ ئەگەر سەرچاوەی تایبەت بە خۆیشی هەبێ باشترە.

هەروەها تا ڕادەیەکی باش شارەزایی مێژووی گەل و وڵاتەکەی بێت و خێرایی تێگەیشتن و دەربڕینی تێدابێ و لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی دەیاننووسێ وریا و لێزان بێ.

بە کورتی ستوونووس کە دەنووسێ بزانێ ستوون دەنووسێ نەک وتاری ئاسایی.

## گۆشەو گۆشەنووسیی
## لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا

سەبارەت بەزۆر ئەگەران، ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە وەکو پێویست نەیتوانیوە سوود لەو هونەرو تەکنیکە جیاجیایانە وەربگرێ کە لە ڕۆژنامەگەریی میللەتان و وڵاتانی تردا هەبووە، کە بێگومان گۆشەو گۆشەنووسیش یەکێک بووە لەو هونەرانە.

ئەو ئەگەرانەش بەڕای من لەو خاڵانەی خوارەوە خۆ دەنوێنن:

1- سەرەتا ڕۆژنامەگەریی کوردی بە کۆششی تاک و شەخسی لەدایک بووە کە پێداویستی سەردەمی خۆی سەپاندوویەتی.



2- بەگوێرەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان لە درێژایی تەمەنی ڕۆژنامەگەریمان (تا ڕادەیەکی زۆر) لە پلەی یەکەم دا گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆک بووەو لە پلەی دووەمیش دا (زمان) کە لەهەست کردن بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و گەمارۆی ڕۆشنبیری نەتەوەی باڵادەستەوە هەمیشە سەرچاوەی گرتووە.

3- چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی، لەڕووی کادری ڕۆژنامەنووسییەوە هەر لەسەرەتاوە پشتی بە ئەدیبان بەپلەی یەکەم و سیاسییەکانیشمان بە پلەی دووەم بەستووە..

دیارە هەردوو گرووپیش ئەوەندەی بەتەنگ بڵاوکردنەوەی دەق و گەیاندنی پەیامەکانیان بوون، ئەوەندەیان خەمی ئەوە نەبووە سوود لە تەکنیکێکی نوێی ڕۆژنامەگەریی وەربگرن، بەتایبەتیش گۆشەو گۆشەنووسی.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی خاڵی نەبووە لە گۆشەو ستوونی بەردەوام، ئەگەرچی ژمارەیەکی کەم نەبێ، دەنا ئەوانی تر چ لەڕووی بەردەوامی و چ لەڕووی هونەری گۆشەنووسییەوە کە لەپێش دا باسمان کرد لە ئاستی پێویست دا نەبوون.

باری ناهەمواری ڕۆژنامەگەریی کوردی لەم ڕووەوە تا دوا دواکانی ساڵانی شەست هەروا ماوەتەوە..

بەڵام لەوساوە، ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەهەل ومەرجێکی

گونجاو کە ڕێککەوتنی حکومەتی ئێراق و شۆڕشی کورد لە ئان و ساتی دەرچوونی دا بوو هاتە بڵاوکردنەوە.

ئەم ڕۆژنامەیەش هەرچەندە وەک زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێش خۆی لەڕووی کادرەوە پشتی بە نووسەرو ئەدیبان بەستبوو، بەڵام دیسان کۆبوونەوەی ژمارەیەک لە لاوانی ڕووناکبیر، بەتایبەتیش ئەوانەی پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 لە کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا دەستیان بەخوێندن کردبوو، بوو بە هۆی پێگەیشتنی کۆمەڵێک کادری ڕۆژنامەنووسیی، ئەنجامیش هەروا کەوتەوە، (هاوکاری) بوو بە قوتابخانەیەک بۆ ئەو لاوانەو زۆر کادیری ڕۆژنامەنووسیی پێگەیاند کە هەندێکیان تا ئێستاش بەردەوامن.

لەسەرێکی ترەوە ڕۆژنامەی (التآخي) ش کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە جارێکی تر هاتە بڵاوکردنەوە، هەندێ لەو لاوانەی گرتە باوەش، بەمەش توانیان سوود لەهەندێ لایەنی هونەری ڕۆژنامەنووسیی عەرەبی وەربگرن کە لە (التآخي) و ڕۆژنامەکانی دیکەی ئێراق و ئەوانی تری لە دەرەوە دەگەیشتنە ئێراق پیادە دەکران و کە گۆشەنووسی لایەنێکی بەرچاو بوو تێیان دا.

ئەمەش بەڕوونی لە ڕۆژنامە کوردیەکانی ئەوسادا دەرکەوت کە لە بەغدادا بڵاودەکرانەوە،.. وەکو ڕۆژنامەی (برایەتی) و



(بیری نوێ)..

تەنانەت کە پاشان (برایەتی) بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا بوو بە ڕۆژانە زیاتر لە چوار گۆشەی ڕۆژانەی تێدابوو!!

گۆشەنووسی لەو ڕۆژنامەگەریەش دا هاتە نووسین کە بە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دەناسرێتەوە، ئەوەی لە شاخ، لە پێشمەرگایەتی بڵاودەکرایەوە.

دیارە کە (ڕاپەڕین)یش وەک چۆن لە زۆر لایەنەوە سەردەمێکی نوێی لە مێژووی گەلەکەماندا دەسنیشان کرد، زەمینە خۆشکەریش بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد (ڕۆژنامەگەریی حزبی) و تا ڕادەیەکیش پێشکەوتوو لە تەکنیک..

بێگومان لە سوود وەرگرتنیشی لە هونەرەکانی ڕۆژنامەنووسیی.. ڕاپەڕین قۆناخێکی نوێی هێنا کە هەردوو ڕووی ئاستی کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدەرخست..

گۆشەو ستوونووسیش یەکێک بوو لەو هونەرانەی بووە جێی بایەخی زۆر لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی دوای ڕاپەڕین و ئێستاش کەم وا ڕێک دەکەوێ ڕۆژنامەیەک ببینی گۆشەو ستوونی تایبەت بەخۆی نەبێ.

**پەراوێز:**

(1) عبدالرحمن الراشد – ڕۆژنامەی «الشرق الاوسط» 1996/5/13.

(2) وا باوە زۆر لە نووسەرانی گۆشەو ستوون، ناوی خوازراو دادەنێن، هەرچەندە هەندێکیان بەناوی خۆشیان دەنووسن یا بەشێک لەناوی خۆیان..

ئەمەش نەریتێکە زۆر لە ڕۆژنامەنووسان پەیڕەوی دەکەن و پێیان وایە ئەگەر ناوی خوازراویان دانا، قەڵەمەکانیان ئازادتر دەبێ و هیچ ناوبڕێک لەنێوان خۆی و خوێنەرانی دا ناهێڵێ.



## پاشکۆو دیاردەی پاشکۆ دەرکردن لە ڕۆژنامەگەریی کوردی دا (*)

دیارە (پاشکۆ) دەرکردن لە ڕۆژنامەگەریی دا هونەرێکە لە پێویستی لایەنێک یا بابەتێکی دیاری کراوەوە دەرکەوتووە، دەگونجێ ڕووپەڕی ڕۆژنامەکە یا ئەو گۆڤارەی دەری دەکا، ڕادەی ئەو بایەخەی پێ هەڵنەگیرێ کە دەخوازێ پێی بدرێ... یا هەندێ جار بەڵگەیەک بێ، یان بکرێ بە بەڵگەیەک بۆ بەر فراوانی سنووری بڵاو بوونەوەو زۆری خوێنەرانی...

زۆر جاریش(پاشکۆ) بە شێوەیەک جێگای ڕۆژنامەگەریی(یەک بابەت) دەگرێتەوە، بەوەی تایبەت دەبێت بەلایەنێک لە لایەنەکانی ژیان یا بابەتێک...

* لە ڕۆژنامەی(برایەتی) ژمارەی ڕۆژی 1998/4/19دا بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام لەڕووی یاساییەوە، بێگومان سەربەو ڕۆژنامە یا ئەو گۆڤارە دەبێت کە بڵاوی دەکاتەوە.

ئەم دیاردەیەش لە ڕۆژنامەگەریی هەندەران و ڕۆژنامەگەریی دەوروبەر(عـــەرەبی و فـــارسی و تورکی)دا، تا ڕادەیەک مـێژوویەکی هەیە... کـە لە ڕۆژنامـەگـەریی کوردی دا جگە لەوەی ئەو مێژووەی نی یە، لەهەمان کاتیش دا ئەو(پاشکۆ) یانەی تا ئێستا بڵاو کراونەتەوە زۆربەیان ئەدەبی بوون.

وەکو خۆم، پێم شک نایێ پێش حەفتاکان، ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێکی کوردی(پاشکۆ)یەکی تایبـەتی سـەربەخۆی بڵاو کردبێتەوە، ڕەنگرێژی(پاشکۆ)ی نواندبێ...

لەڕووی یاسای چاپەمەنییەوە ڕەنگە(برایەتی)و(ڕووناکی) بە پاشکۆی(التآخي)و (النور)ی عەرەبی حساب کرابن، بەڵام جگە لەوەی ئەوانە پاشکۆی بەکوردی ڕۆژنامـەی عـەرەبی بوون، وەکـو هونەری(پاشکۆ)دەرچوواندنیش دوورن لەوەی بچنە ناو ڕۆژنامەگەریی پاشکۆ یا(پاشبەند).

دیسان ئێمە مەبەستمان لەو جۆرە پاشکۆیانەیش نی یە کە بەکوردی(وەک وتمان) لە ڕۆژنامەیەک یا گۆڤارێکی عەرەبی بەوەڵەد بووبن، وەکـو گـۆڤـاری(شـۆڕشی کـشـتـوکـاڵ) کـە پاشکۆی گـۆڤـاری(الثـورة الزراعـيـة) بووە، یا(هوشـیـاری کرێکاران)ی پاشکۆی گۆڤاری (وعی العمال).

کەواتە پاشکۆ، ئەو بڵاو کراوانە دەگرێتەوە بەو مەبەستەی گوتمان خودی ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی کوردی دەری دەکا، کاتێ






ئاسـتی گـرینگی و بایەخ پێـدانی لایەنێک یا بابەتێکی دیاری کراوی پێ هەڵنەگیرێ.

دیاردەی پاشکۆ دەرکـردنیش لە ناوەڕاستی حـەفـتـاکـانەوە هەستی پێ دەکرێ، کە گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) پاشکۆی لەشێوەی کتێب و نامیلکە بۆ شیعرو چیرۆکی کوردی بڵاو کــردەوە، هەر چەندە من لەو باوەڕە دام ئەوکــاتـیش بەهۆی(ڕزگــار بوون لە ســانســۆری دەوڵەت) بوو نەک بەمەبەستی پاشکۆ دەرکردن...

لە هەشــتــاکــانیش دا گــۆڤــاری(کــاروان) مــاوەیەک پاشکۆی(کاروانی وەرزش)ی دەرکرد...

دوای(ڕاپەڕین)یش کـە ڕۆژنامـەگـەریی کـوردی پێی نایە قـۆناخـێکی نوێ هەندێ لە ڕۆژنامـەکـان(پاشکۆ)یان بڵاو کردەوە...

وەکـو پاشکۆی (ئەدەب و هونەر)ی ڕۆژنامـەی(برایەتی)و (ڕێگای کـوردسـتـان) و (کـوردسـتـانی نوێ) و (برایەتی

وەرزش)و (خەباتی وەرزش)و (سەنتەری برایەتی) کەلە شێوەی گۆڤارێکی وەرزی دا دەردەچێت...

بەڵام ئایا دەرکردنی(پاشکۆ) پێویستە؟

وام دێتە بەرچاو، بەتایبەتیش بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئەگەر ڕۆژنامەیەک، یا گۆڤارێک توانای ماددی و هونەری، بە کادیری ڕۆژنامەنووسیشەوە هەبێت، دەرکردنی(پاشکۆ) پێویستیەکی سەردەم بێت، بەتایبەتیش ئەمڕۆ... مەیدانەکانی زانیاری تا دێ فراوانترو فراوانتر دەبن، ئاسان نی یە بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، یا هەفتەنامەیەک، یا گۆڤارێکی دیاری کراو، کە لەسەری نووسراوە(سیاسی)، یا(سیاسی ـ کلتووریی گشتی) ئەو بارە گرانەی پێ هەڵبگیرێ و حەقی خۆیشی بداتێ، لەهەمان کاتیش دا پێویستە بایەخی پێ بدا... بەنموونە چاوەڕوان بووم لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان، بەتایبەتیش ئەوانەی تا ڕادەیەک وەک دەزگایەک خۆیان ناساندووە، پاشکۆی تایبەتیان بە(ئاوەدان کردنەوە)و (پەروەردەو فێرکردن)و (زانست و تەکنەلۆژیا) و هی ترو مەسەلە پەیوەندارەکان بەم بوارانەیان هەبووایە، کە باس کردن و لێکۆڵینەوەی یەکێکە لە پەیامە بایەخدارەکان بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەڵام وەک دەبینین زۆربەیان بەلای ئەدەب دا شکاونەتەوە.



## ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا [*]

ئەگەر مێژووی چاپ لەوکاتەوە دەست پێ بکات گۆتنبێرگ پیتی تێدا داهێنا، سەرهەڵدانی پیشەی ڕۆژنامەگەریش لە(ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە)وە دەست پێ دەکات[1]، بەوەی یەکەم چەکەرەی هەستی ڕۆژنامەنووسی لە قوتابخانەدا تەرز داوێ، ئەگەرچی لە شێوەی بەهرەی ئەدەبی و ئینشا نووسینیشدا دەربکەوێت.

بۆیە بە بڕوای من لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا سوودی تایبەتی

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ژمارەی (67)ی ئابی 1988 ی گۆڤاری (کاروان) بڵاکراوەتەوە.

خۆی هەیە، چونکە زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەمڕۆ کوڕی ئەو ڕۆژانەن، کە لە قوتابخانەدا چالاکی ڕۆژنامەنووسیان نواندووە لەو کاتەیدا بۆ یەکەم جار ئەم هەستەیان تێدا بزواوە...

لەسەرێکی دیکەیشەوە(ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە) هەر دێتەوە نێو دنیای بەربڵاوی ڕۆژنامەگەریی، بەم واتایە ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە منداڵیی ڕۆژنامەگەریی گشتی نییە، کە لە هەل ومەرجێکدا سەری هەڵداوەو ئیتر پێویستیمان پێ نابێ وبەڵکو (چالاکییەکی لابەلایی بەرنامەی خوێندن و پەروەردەیە لەگەڵیدا دەڕواو لێی جیانابێتەوە)[2].

ئەگەر دوێنێ ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە سەبارەت بە کەمی، یا نەبوونی ڕۆژنامەگەریی بەربڵاوهەوڵێک بووە لە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە[3]، ئەمڕۆ پێویستییەکە دەبێ بە نەخشەو پلانێک بواری دەرچوونی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندندا بۆ بڕەخسێندرێ بە شێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکانیدا بێتەوە نەک جێی ڕۆژنامەگەریی دی بگرێتەوە، یا وەک کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و ئینشایی دوو توێی چەند لاپەڕەیەک، دوور لە ئامانجی ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییە بڵاوبکرێتەوە[4].

### ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە:

«لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، ئەم چالاکییە بەو شێوەیە سەیر نەدەکرا، کە ئیشی قوتابخانە بێ»[5] و دەورێک لە



پەروەردەکردن و پێگەیاندنی قوتابیان دا ببینێ، بەڵکو واسەیر دەکرا وەخت بەفیڕۆدەداو لە بایەخدان بە دەرسەکانیان دووریان دەخاتەوە، بەڵام لە ئاکامی تاقیکردنەوەی زۆر لە ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕانی بواری پەروەردە پێچەوانەی ئەم ڕایە سەلمێندراوە. خۆی هەروایشە، چونکە ئەو قوتابییانەی کاری وا دەکەن ئەو قوتابییە هەڵکەوتووانەن هەستی خوێندنەوەو نووسینیان تێدا وروژاوە، پێشم وایە ئەو جۆرە چالاکیانە پتر بەدەرسەکانیان دەبەستێتەوەو لەبەرچاویان ئاسانتریشیان دەکا.

دیسان، ئەگەر لە قۆناخی بەرایشدا سوودێکی بەو ڕەنگەی لێ نەبینێ بەلای کەمەوە شارەزای ژان و موعاناتی ڕۆژنامە دەرکردن دەبێ.

وەکو چالاکی نێو قوتابخانەیش پێشبڕکێ ولێک لێکانەیەکی چاک لە نێو قوتابییاندا دەخولقێنێ، بێجگە لەوەی بوارێکی لەباریشە قوتابی تێدا فێری یەکەمین هەوڵی نووسین دەبێ، کە لە قۆناخە لەپێشەکانی خوێندنی دا سوودی لێ دەبینێ، بەتایبەتیش لەوکاتەیدا نووسینی لێکۆڵینەوەیەک یاخود ڕاپۆرتێکی پێ دەسپێررێ.

دیسان هەر لەو ڕێگایەیشەوە ئاشنای چاپ و چاپخانەو وێنەو کاریکاتێرو...تاد دەبێ، هەر لە خۆیشدا، چونکە کاری ڕۆژنامەنووسیی کارێکی هەرەوەزییە، بۆیە قوتابی پێ فێری گەلەکاری و پشت بەخۆبەستن دەبێ و، پەنجەرەیەکیشە

لێی دەڕوانێتە دنیای دەرەوەو تێکەڵ بە کۆمەڵەکەی دەوروبەری دەبێ.

**بەڵام با بێین بزانین داخۆ ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە چی یە؟**

ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە هەموو ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە، کە دەچنەوە ناو دنیای ڕۆژنامەگەریی نووسراو و بیستراو و بینراو(دیارە بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردیی بیستراو و بینراوی لە قوتابخانەکاندا بە خۆیەوە نەبینیوە[6] ، ئەگەر هەندێ لە چالاکی دیکەی وەکو شانۆ و ئاهەنگی دیکەی وەکو یەکترناسینی لێ دەربکەین.

ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بە تەنیا چاپکراو ناگرێتەوە،(ڕۆژنامەگەریی دیوار)یش دەگرێتەوە، کە ئەویش بەشێکە لە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە باوەکو (ڕۆژنامەگەریی دیوار) لە دەرەوەی قوتابخانەیشدا هەرهەبووبێ، وەک ئەوەی هەندێ لە کارگەو یانەکان و تەنانەت هەندێ لە دایەرە ڕەسمییەکانیشدا هەیانە، بەڵام من بە خۆم ڕۆژنامەی دیوار زیاتر بە چالاکی قوتابییان دەزانم لەوەی بە هی گرووپ و توێژی دیکە[7].

دیسان دەتوانین ڕابەری قوتابخانەکە وەک ئینسکلۆپیدیایەکی قوتابخانەیەو، هەروەها کتێبی ساڵانەی قوتابخانە(ئەگەر هەبن) هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕۆژنامەگەرییەی دابنێین[8].



کەواتە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە پێش ئەوەی ڕۆژنامەگەریی چاپکراوبێ، ڕۆژنامەگەریی دیواربووە، کە ڕۆژنامەی دیواریش بریتی یە لە کارتۆنێکی سپی قوتابییان بەشداری لە نووسین و دەرکردنی دا دەکەن و ئاشکرایە لەسەر ڕوویەکی دەنووسرێتەوەو ناوی تایبەتی خۆی دەبێ[9] و مینابەند دەکرێ و (جاری وایە نایلۆن بەند، یا هەر ناکرێ) لە شوێنێکی دیاریکراوی قوتابخانەدا، لە بەرزاییەکی دیاریکراویشدا هەڵدەواسرێ بڕوانە وێنە(1و2).

زۆر جاریش مامۆستای زمان و ئەدەب، یا مامۆستای ڕەسم و هونەر سەرپەرشتی دەکاو بەناوی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەوە دەردەچێ[10].

بەم پێیە(ڕۆژنامە- بڵاوکراوە)ی دیوار، ئەگەر لە هەندێ لایەنیشدا پێک بچن لە زۆر لاوە لەگەڵ ڕۆژنامەی چاپکراودا جیاوازە[11].

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانەیە کە چۆن لە ڕۆژنامەگەریی دیوارەوە دەست پێ دەکا، تا ئەوەی دەبێ بە کۆمەڵێک وتارو دەچێتە دوو توێی چەند لاپەڕەیەک و چاپ دەکرێ و بازنەی بڵاوکردنەوەیشی فراوانتر دەبێ بەوەی دەکەوێتە بازاڕی چاپەمەنییەوە[12]، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی دیوار تەنیا بە یەک دانە دەبێ و لە سنووری قوتابخانەکە خۆی دەرناچێ.

کەواتە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە ئەو بڵاوکراوە دیوارییە و



وێنەی (1)

چاپەمەنیانە دەگرێتەوە، کە بە هەوڵ وکۆششی قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەیەکی دیاریکراوەوە دەردەچن، هەروەها ئەو چاپەمەنیانەیش، کە ڕێکخراوێکی پیشەیی قوتابیان دەری دەکات[13].

### هەل ومەرج و بەهرەی ڕۆژنامەنووسیی

بە پێچەوانەی ڕۆژنامەگەریی لەم چەشنە، کە بە زمانەکانی ئەو دەورو پشتانە دەرچوون، هەل ومەرجی دەرکردنی گۆڤارێک، یا بڵاوکراوەیەکی قوتابخانە بە کوردی دەوری



زیاتری دیوە لەوەی بەهرەی ڕۆژنامەنووسیی دەورببینێت، ئەگەرچی بەهرەی ڕۆژنامەنووسیش مەرجە لەدەرکردنی ئەم جۆرە بڵاوکراوانەدا.

بێگومان مەبەستیش لەهەل ومەرج و باروزروفی لەبارو نالەباری سیاسی بووە لە وەختێکەوە بۆ وەختێکی دی.

چاوگێڕانێکی خێرایش بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەوە ڕوونتر دەکاتەوە، کە ساڵانێک بووە لە پاڵ بووژانەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دەرچوونی زیاتر لە ڕۆژنامەیەک و پتر لە گۆڤارێک و دوو، هاوشان لە پاڵ ئەوانەیشەوە چاپەمەنی و بڵاوکراوە لە قوتابخانەکاندا هەبوون.. وەختیش بووە بە پێچەوانەوە بووە، بەم جۆرە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە بارێکی ڕاستەوانەیی لەگەڵ مێژوویی خۆیدا پێک نەهێناوەو هێڵێکی بەیانی ڕاست ودروستیشی نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندابووە، بۆیە سەیر دەکەین زۆربەی گۆڤارو چاپەمەنی قوتابخانەکان لە ساڵێکدا لەیەک تا دوو ژمارەیان زیاتر لێ دەرنەچووە، تەنانەت هەندێکیان تەنیا ژمارەیەکیان لێ دەرچووە[14].

لە هەمان کاتدا ناشتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، کە زۆر لە ڕۆژنامەنووسان لەبەشداری کردنیاندا لەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییەدا بەهرەیان چەکەرەی کردووەو هەستی ڕۆژنامەنووسیان وروژاوەو کاری ڕۆژنامەنووسیی بەلای

| گۆڤارەکان | «دەنگی قوتابیان» بەغدا - 1959 | «ڕەهێڵە» هەولێر - 1971 | «نۆبەرە» بەغدا - 1970 |
|---|---|---|---|
| چەند ژمارەی لێ دەرچووە | 4 | 1 | 1 |
| ئەدەب و زمان و بابەتی ئینشائی | XXXX | XXXXX XXXX | XXXXX XXXXX |
| بابەتی تر وەکو مێژوو- جوگرافیا - زانست | | X | |
| هەواڵ و ریپورتاژ و چاوپێکەوتن | XX | X | XXX |
| وێنەی فۆتۆگراف | XXX | | XXXXXX XXXXX |
| کاریکاتێرو قەڵەمکێشی دی | | | |
| هونەر | | | |
| فۆلکلۆرو ئەدەبی میللی | X | XXX | X |
| رۆشنبیری گشتی | XXXX | XX | X |
| چۆنیەتی چاپ | لێتەر پریس ئەنتەر یان لاینۆ | دەستچنین | لێتەر پریس |
| بەرگ | ڕەنگاوڕەنگ | یەک ڕەنگ | یەک ڕەنگ |
| بابەتی تر | 8 وتار لەبارەی نەورۆزەوە | XXX | |

X هەر نیشانەیەک بابەتێک یا وێنەیەک دەردەبڕێ

**وێنە(2)**

**نەخشەیەکی بەراوردکاری لە نێوان هەرسێ گۆڤاردا کە بابەتەکانی تێدخراوەتە ڕوو**





**وێنە(3)**

**نموونەیەک لە بڵاوکراوە دیواریەکانی قوتابخانەکانمان**

خۆیدا ڕایکێشاون.. تەنانەت هەندێ لەوانە خوێندنی باڵایشیان لەم بوارەدا تەواوکردووە(15).

## ***ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا***

بارودۆخی کوردستان و نەتەوەکەمان و کەمی قوتابخانەو ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری و هەندێ هۆی دیکەش ڕێگایان لەوە گرتووە، کە ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەریی یە ڕەگێکی ئەوتۆی نەبێ.

ئەوەی لەم بارەیەوە ساغ بووبێتەوەو بچێتەوە ناو(ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە) گۆڤاری (یادگاری لاوان)ە،

کە بە کۆششی قوتابیانی کوردی کۆلیژو پەیمانگاکانی بەغدا ساڵی 1933–1934 دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[18].

پاشان لە ساڵی(1959)دا کۆمەڵێک گۆڤار لە شارەکانی کوردستانی ئێراقدا دەرچوون، زۆربەی ئەو گۆڤارانەیش بەیەک ژمارەبوون، لەوانە (دەنگی قوتابیان) لەلایەن یەکێتی قوتابیانی گشتی لەبەغداو(هونەر) لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی هونەری ناوماڵ لە سلێمانی و(نیشتمان) هەر لە سلێمانی 1959 لەلایەن خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان و (هیوای کوردستان) لەلایەن یەکێتی قوتابیانی گشتی لە سلێمانی و..تاد(بڕوانە پاشبەندی) ژمارە(2).

ئەمەش دیارە ڕەنگدانەوەی ئەوهەل ومەرجە لەبارە بووە، کە پاش 14ی تەموز بەدی هاتبوو.

ساڵانی دوای ساڵی1959یش باوەکو ئەم جۆرە گۆڤارانە بارێکی سەقام گرتوویان لەدەرچووندا نەبووبێ، بەڵام ماوە ماوە تاکەتاکە دەردەچوون، بەتایبەتیش ئەو گۆڤارانەی لەلایەن ڕێکخراوی قوتابیانەوە بڵاوکراونەتەوە وەکو:(هیوای کوردستان)ی یەکێتی قوتابیان لە سلێمانی و(ژیان) لەلایەن یەکێتی گشتی قوتابیان لە هەولێر(1960)و (پرشنگ) ساڵانی(1966و1967) لەلایەن خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو (گزنگ) ساڵی 1967 لەلایەن قوتابیانی



قوتابخانەی مەناری کوڕان لە سلێمانی و..تاد (بڕوانە پاشبەندی ژمارە2).

ساڵانی حەفتایش1970–1974 هەر بەو جۆرە چەند گۆڤارێکی تر لە هەندێ لە قوتابخانەو ڕێکخراوە کوردستانییەکان بڵاوکراونەتەوە لەوانە:

(خەباتی قوتابیان)و(چیا)و(ڕەهێڵە)و(بەرەو ڕووناکی)و تاد، بڕوانەوە پاشبەندی ژمارە(2).

ئیتر لەوەساوە تاکو (راپەڕین)، سەردەمی زێڕینی ڕۆژنامەگەریی کوردی، شتێکی وا دەرنەچووە شیاوی باس بێ!! بەم جۆرە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانەیش وێنەی ڕەوتی گشتی ڕۆژنامەگەریی ئاسایمان وەک لە پێشدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشا، هەمیشە لە هەڵکشان و داکشان بووەو بارێکی سەقامگرتوو بەرەو پێشچوونێکی عادەتی بەخۆیەوە نەدیوە لەگەڵ ئەوەشدا بەو تەمەنە کورتەو پچڕپچڕی دەرچوون، بەشدارییێکی لێوەشاوەی ڕۆشنبیری گەلەکەمانی کردووە بەتایبەتیش لەناو قوتابییاندا.

## شیکردنەوەی ناوەڕۆک و
## چاوگێڕانێک بەلایەنی هونەری
## (چەند نموونەیەک)

ڕۆژنامەگەریی قوتابخانەیش، ڕۆژنامەگەریی گشتی ئاسا تاڕادەیەک هەموو ئەو بابەت و سەرەباسانەی تێدایە لە هەواڵەوە بگرە تا دەگاتە وتاری ئەدەبی و هونەری و ڕیپۆرتاژ..تاد(جەوهەری جیاوازیان ئەوەیە، کە ڕۆژنامەی قوتابخانە کۆمەڵێک قوتابی لە قۆناخێکی دیاریکراودا دەری دەکەن و لە ئامانجیشدا، کە هی قوتابخانەیە بە مەبەستێکی پەروەردەیی دیاریکراو لە چوارچێوەی قوتابخانەدا وەک دامەزراوێکی فێرکردن دەردەچێت).

بەم پێودانگە لێرەدا دێین بە کورتی لەسێ نموونە دەدوێین، کە لە کاتی جیاوازدا دەرچوون و هەریەکێکیشیان لەگەڵ ئەوەکەی تردا جیایە، ئەگەرچی لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە بە کۆششی قوتابیانەوە دەرچوون.

یەکەمیان**(دەنگی قوتابیان)**- کەساڵی 1959 لەلایەن لیژنەی کاروباری قوتابیانی کوردستانەوە دەرچووە- ژمارە3ی ساڵی(2) 1960[21] دووەم(**ڕەهێڵە**): گۆڤاری خوێندنگای دواناوەندی کوڕان لە هەولێر ژمارە1ی ساڵی1971[22].

سێیەم: **(نۆبەرە)** بڵاوکراوەی قوتابیانی بەشی کوردی





**وێنە(4)**
**نموونەیەکی دیکە لە بڵاوکراوە هەڵواسراوەکانی قوتابخانە**

کۆلیژی ئەدەبیات لە زانکۆی بەغدا، کە تەنها یەک ژمارەی لە 1970 لێ دەرچووە[23].

لەم سێ نموونەیەدا(وەک ناوەڕۆک) جیاوازییەک بەدی دەکەین باوەکو ئەو جیاوازییەش ئەوەندە زەق نەبێ، وەکی دی لەلایەنی چاپکردنەوە، ئەگەر بەرگ و دەرهێنانی هونەری وەلابنێین ئەوا ئەو جیاوازییە هەستی پێ ناکرێت.

وەکو گوتیشمان هەر سێ گۆڤار بە خامەو کۆششی قوتابیانەوە دەرچوون.




**وێنە(5)**
**هەیکەلی بەڕێوەبردنی گۆڤارێک لە قوناخی ناوەندی و دواناوەندی دا**

(گۆڤـار- بڵاوکـراوە)کـان هەرسێکیـان بریتین لە کۆمـەڵە نووسـینێک، بەڵام لە ڕووی ئەوەی لە گۆڤـارەوە نزیک بێ و هەسـتی ڕۆژنامـەنووسـانەی لە دەرکـردنیـدا تـێـدا بەدی بکرێت(دەنگی قوتابیان)ـە، چونکە بێجگە لە وتارو شیعرو چیـرۆک و نووسـینی جیاجیـا، هەواڵ و قـسـەی نەسـتـەق و وێنەشی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

(ڕەهێـــڵـــە)یش هەرچەند چاپەکـــەی وەکـــو(دەنگی قـوتابیـان)ڕێکوپێک نییـە بەڵام لەوەی لە قـوتابخانەیەکی دواناوەندییەوە دەرچووەو ئەوانەی تێیاندا نووسیوە زۆربەیان قـوتابی ئەو قـۆناخـەن، لەمـەشدا لە(دەنگی قـوتابیـان) جیـادەکـرێتەوە، کە ڕێکخراوێکی پیشـەیی قـوتابیان دەری



کردووەو قوتابی لە پلەی دواناوەندی بەرزتر بەشداریان تێدا کردووە.

دیســان بابەتەکــانی(ڕەهێــڵــە) لە بابەتی(بڵاوکــراوە- ڕۆژنامە)یەکی دیوارەوە نزیکتـرن لەوەی بابەتی گۆڤـاربن بە هۆی ئەوەی بابەتەکـانی کـورت و هەمــەلایەنن، لەهەمـان کاتیشدا زۆربەیان ئامادەکراون.

لەگـەڵ ئەوەشـدا تەمـاشـا دەکـەین ئەوەی(ئەگـەر بشێ پێی بوترێ) ریپـۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیی تێدا بڵاوکراوەتەوە[24]، بەڵام (رهێـڵـە) ئەوەندە بایەخی بەدەنگ وباسی قـوتابیـان نەداوە لەوەی بەدەر، کـە پەیوەندی بە قـوتابخـانەوە هەبێ کورتەیەکی مـێـژوویی بە قـەڵەمی بەڕێوەبەر بڵاوکـردۆتەوە، لەکاتێکدا (دەنگی قوتابیـان) لەمەدا لە پێشـترەو جگە لە دەنگو باسی یەکـێــتی وەک ڕێکخـــراوێک دەنگوباسی قوتابیانیشی بڵاوکردۆتەوە[25].

وەلێ، ئەگـــەر چاوێک بە(نۆبەرە)دا بگێـــڕین، دەبینین بریتییـەلە کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی لە شیعرو چیرۆک و بیـری ڕاگـوزاری، ئەگەرچی بە کـۆششی قـوتابیـانیـشـەوە دەرچووە، بەڵام بەوەی بایەخی سـەرەکی تەنیــا بە بابەتی ئەدەبی داوە یەک دوو هەنگاو لە ڕۆژنامـەگەریی قـوتابخـانە دوور کـەوتووەتەوە! وەکی دی لە لایەنی چاپ و دەرهێنانی هونەرییـــەوە لەوانی دی ڕێکوپێکتـــرە چ لە ڕووی دابەش

کردنی بابەتەکانییەوە بێ، یان لە بەکارهێنانی خەت لە تایتلەکانیدا هەروەها لە هەڵبژاردنی تیپۆگرافیای لێوەشاوەو گونجاو لەگەڵ بابەتەکەوپاراستنی هێمنی لەدەرهێنانەدا.

سەرپەرشتکارانی چاپ، یا سەرپەرشتکاری چاپ واپێ دەچێت سەری لە مەسەلەی چاپ و ڕۆژنامەگەریی دا دەرچووە، ئەمەش وەکو وتمان لە دابەش کردنی بابەتەکان و چۆنیەتی دانانی ناونیشان و نەخشەکێشانی بەرگ و تەنانەت هەڵبژاردنی ڕەنگەکانیشدا دەردەکەوێت.

(نۆبەرە) وەکو لەسەری نووسراوە(2000) دووهەزار دانەی لێ چاپ کراوە، ئەمەش بۆ بڵاوکراوەیەکی بەم چەشنەی کوردی لە ساڵی1970دا کەم نەبووە، ئەگەر بزانین بەدووساڵیش دوای دەرچوونی(نۆبەرە) کتێبی کوردی هەبووە تەنیا 500 دانەی لێ چاپکراوە).

لە ڕووی پاراوی زمانی کوردیشەوە کوردی هەرسێ گۆڤار لە مام ناوەندی بەرەو ژوورترن، بەڵام زمانی(ڕەهێڵە) لەوانی تر لووس و لێک تر دێتە بەرچاو.

بەم جۆرە لەم چەند تاڵە تیشکەی خستمانە سەر ئەم سێ نموونەیە دەگەینە ئەوەی بڵێین: زۆربەی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی لە قوتابخانەکانماندا دەرچوون چ ئەوەی لە چاپ درابن، یا بە تایپ ڕایتەرو ڕۆنیۆ چاپکرابن، گشتیان بایەخی زیاتریان بەوەداوە کۆمەڵێک نووسینی بەلای ئەدەبدا



شکاوە بڵاو بکەنەوە لەوەی قاڵبێکی ڕۆژنامەنووسیی وەربگرن و لە پاڵ ئەم بابەتانەیش بابەتی پێویستی تری وەک مێژوو جوغرافیاو بابەتی زانستی، کە بەشێکن لەبەرنامەی خوێندن و هەروەها ریپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسیی بڵاوبکەنەوە.. بڕوانە وێنە(2).

## دوا ڕوانین

لێرەدا دەردەکەوێ دوارۆژی ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە بە کوردی بەدوو لایەنەوە بەندە:

**یەکەمیان**، بەدوارۆژی شێوازی پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانماندا، **دووەمیش** بەئاسۆی دوارۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی خۆی.

ئەگەر هەندێکیش ئەم چەشنە ڕۆژنامەگەرییە بە چالاکییەکی هەروایی بزانن کە دەورێکی بەو تەرزە ناگێڕێ ڕاست نییە، چونکە تەنانەت لەوڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە هەیەو لە پاڵ بایەخدان بە پێشخستنی ڕێبازەکانی پەروەردەوفێرکردنەوە بایەخی تایبەتی خۆی پێ دەدرێت.

بەڵام لەوەدا، کە ئەم ڕۆژنامەگەرییە بە پێی پلانێکی دروست و نەخشەیەکی لە بارەوە دەربچێ و ببێ بە زمانحاڵی قوتابیان و بە کۆششی خۆیانەوە بێتە بەرهەم و گیروگرفت و خواست و ئاواتەکانیان بخاتە ڕوو و لە

داهێنانەکانیان بدوێ و تەنیا بە بابەتی ئەدەبییەوە نەوەستێ، بەڵکو دەرگا لە بابەتی پێویستی دی وەکو هونەرو زانست و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تر بکاتەوەو لەم ڕووەوە هەوڵی قوتابییە پێشکەوتووەکانی بخاتە ڕوو، کە بەمەیش پێشبڕکێیەکی شەریف لە نێو قوتابییاندا دەخوڵقێنێ، کە قوتابخانە جگە لەوەی یەکەمین خونچەی تێدا گەشە دەکا ئاشکرایە مەڵبەندی وریابوونەوەو هۆی پەرەپێدانی شارستانیەتیشە.



**پەراوێز:**

(1) ئەم بۆچوونە حوکمێکی، قانوونی و ئەکادیمی نییە، بەڵکو وەکو لە جێی خۆیشیدا ڕوون کراوەتەوە، بە چەمکێکی پەیژەیی (تدرجی) بەکارهاتووە، هەرچی نەبێ ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەوەی بەسەردا دەبڕێ باوەکو ڕۆژنامەو گۆڤاری تریش لەپێش ئەم چەشنە ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەرچووبن.

(2) بڕوانە: فرج، عبدالمجيد عبدالله- الصحافة المدرسية- دار المعارف- ميسر 1976ل23.

(3) مەرجیش نییە لە هەموو وەختێکدا ئەو دەورەی دیبێ.

(4) لەو چەند گۆڤارانەی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دەرچوون، زۆربەیان لەم قاڵبەیان تێنەپەڕاندووە!!

(5) بڕوانە: الكومي، سامي عبدالعزيز- الصحافة المدرسية- بڵاوکردنەوەی- مطبوعات الشعب- قاهيره-1977 ل6.

(6) لەم هەشت نۆ دەساڵەی دواییدا، لە هەندێ لە قوتابخانەکاندا بۆ مەبەستی ڕاگەیاندن(بڵندگۆ) بەکارهێنراوە.

هەرچەندە ئەمەیش دەچێتەوە سەر ڕۆژنامەی زارگۆ، بەڵام دەتوانرێ لە قاڵبی(ڕۆژنامەگەریی بیستراو)یشەوە دابنرێ، چونکە وەک(ئێزگەیەکی داخراو)ـە بۆ قوتابخانە بەوەی مایکرۆفۆنی لێ بەکاردێ و زۆربەی هەرە زۆری قوتابییانیش، کە کۆمەڵگای قوتابخانە پێک دێنین گوێ یان لێ دەبێ.

(7) هەروایش بووە، لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا(ئەگەر بەزمانی کوردیش نەبووبێ) ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە پتر لە قوتابخانەدا دەرچووە، ئەگەر لە شوێنی تریش دەرچووبێ، وێڕای جیاوازی ناوەڕۆک، لە چۆنیەتی دەرچوونیشی دا جیاواز بووە.

(8) بڕوانە: الكومی- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل 103.

(9) ڕۆژنامەگەریی دیوار ئەوی راستە باسێکی تایبەتی دەوێ، چونکە تەنانەت ناوەکانیشیان پەیوەندی بەباروزروفی وەختی تیا دەرچوونیانەوە هەیە.

(10) جاری وا هەیە هەر پۆلەو هی خۆی دەبێ، ئەوەشمان لەبیر نەچێ، ئەوەی کەناوی بە(نەشرەی مەدرەسی) ڕۆیشتووە هەر ئەوەیە ڕۆژنامەی دیوار، چونکە ئێمە لێرەدا باسی ڕۆژنامەگەریی دەکەین وەک هەست و وەکو پیشەیش نەک لایەنی قانوونی، کە داخۆ فلانە بڵاوکراوەی دیوار ئیمتیازی دەرچوونی هەبووە یان نا ؟!!

(11) لەگەڵ ئەوەی جیاوازیەکان دیارن و خوێنەربە تەواوی هەستیان پێ دەکا(نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیە لە باسێکی سەربەخۆدا لەمەدواوە) بەڵام هەندێ جار ڕۆژنامەی دیواریش چاپ دەکرێ، وەک ئەوەی لە هەندێ دایەرەی سەربە دەوڵەتدا کراوە، بەڵام لە قوتابخانەدا کەم وارێک کەوتووە.

(12) لێرەدا پێویستە بلێین، کە مەرج نییە لە چاپخانەی عادەتیدا چاپ بکرێ، لەوانەیە بەتایبەتی، یا لەسەر ستێنسل بە ڕۆنیۆ لە چاپ بدرێ، بە پێی هەل ومەرجی چاپ و ئیمکانیاتی قوتابخانەکەو قوتابیان خۆیان (ئەگەر لەسەر ئەرکی خۆیان بێ).

(13) دەشێ هەندێ (چاپەمەنی ڕێکخراوی قوتابیان) بە ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە نەژمێررێ، من پێم وایە مادەم بە کۆششی قوتابیان خۆیان دەردەچێ، ئەو جا لە هەر پلەیەکی خوێندندابن، لە پاڵ ئەوەی لەریزی ڕۆژنامەگەریی(پیشەیی- مهنی)یشەوە دادەنرێن، هەر دێتەوە ناو ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە.

(14) دەمەوێ خوێنەر لەوەش بەخەبەر بکەم، کە مەبەستم (لەساڵێکدا) ساڵی خوێندنە، هەر ئەوەندەیش ماوە دەبێ( بە گوێرەی قوتابخانەکانی خۆمانەوە) بەڵام ئێمە مەبەستمان لە بەردەوامی دەرچوونە ساڵ لەدوای ساڵ.

(15) زۆر لە نووسەرو ئەدیبانی کورد وەختی قوتابی بوون ئەم جۆرە چالاکییانەیان نوواندووە، تەنانەت هەندێ، ئەگەر بە قوتابیەتی نەیکردبێ لەوانەی، کەبوون بە مامۆستا، بەشداریان لێ کردووە.

(16) پەیدابوونی ڕۆژنامەی ئاسایی خۆیشی لەسەرانسەری جیهاندا بە چەمکی ئێستا لەچاو مێژووی شارستانیەتدا لەمێژنییە، بێگومان من مەبەستم لە پەیدابوونی چاپخانەیە، کە مێژووی ڕۆژنامەگەریی پێ دەبەسترێتەوە، هەر بەم پێیە بە هەر هۆیەک بێ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیش لەمێژ نییە (1898/4/22).

(17) ئەوەی بێتەوە نێو ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەو بە کوردی دەرچووبێ تەنیا لە شێوەی بڵاوکراوەوەو گۆڤاربووە لەگەڵ هی(دیوار) کە باسێکی سەربەخۆیە.

لەلایەکی ترەوە- خاتوو زاهیدە ئیبراهیم- لە (کشاف الجرائدو المجلات العراقية)دا باسی گۆڤارێک دەکا بە ناوی(ئاگاو ڕووداوی هەفتەیی) کە گۆیا لەلایەن قوتابیانی کورد، دەرچووانی دانشگای ئەمریکی ساڵی 1949 دەرچووە؟ جەمال خەزنەداریش لە(ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی)دا ناوی ئەو گۆڤارەی هێناوەو دەڵێت: (لەلایەن کاروباری ئاڵوگۆڕی خوێندەواری ئەمریکاوە لە بەغدا دەردەهێنرا ساڵی 1946 پاشان ناوەکەی گۆڕاوەو کراوە بە پەیام).

بڕوانە ابراهيم، زاهدة، کشاف الجرائدو والمجلات العراقية لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغدا 1976 ل362 هەروەها بڕوانە: خەزنەدار ، جەمال، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی- بەغدا 1973ل56.

(18) بڕوانە: جەبار جەباری- مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ل78.

(19) هیچ سەرچاوەیەک لەو سەرچاوانەی لەم بارەیەوە دواون باسی گۆڤارو ڕۆژنامەی لەم جۆرەیان لە کوردستانی ئێران و هی تورکیا نەکردووە.

(20) بڕوانە: الکومی، سامی عەبدولعەزیز- هەمان سەرچاوە ل54.



(21) بڕوانە پاشبەندی ژمارە(2).

(22) بڕوانە پاشبەندی ژمارە(2).

(23) بڕوانە پاشبەندی ژمارە(2).

(24) بۆ نموونە بڕوانە(رهێڵە)- ژمارە(1) 1971.

(25) بڕوانە(دەنگی قوتابیان) ژمارە3ی ساڵی دووەم 1960 ل50.

**سەرچاوەکان:**


* کەمال مەزهەر ئەحمەد(دکتۆر) تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا-بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا1976.

* سامي عبدالعزيز الكومي- الصحافة المدرسية- لە بڵاوکراوەکانی - الشعب - قاهیرە1977.

* جەبار جەباری - مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی-کەرکووک 1970.

* جمال خەزنەدار-رابەری ڕۆژنامەگەری کوردی- لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی - بەغدا 1973.

* عبدالمجيد عبدالله فرج- الصحافة المدرسية- لە بڵاوکراوەکانی- دار المعارف- لە میسر 1976.

* دەنگی قوتابیان- گۆڤاری یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق ژمارە3ی ساڵی 2 مارتی 1960 بەغدا چاپخانەی -نجوم.

* رهێڵە- گۆڤاری خوێندنگای دواناوەندی کوڕان لەهەولێر-ژمارە(1) ساڵی یەکەم1971 چاپخانەی کوردستان.

* نۆبەرە-بڵاوکراوە- قوتابیانی بەشی کوردی کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا، زنجیرە(1) بەغدا چاپخانەی -العربية-1970.

**پاشبەندی ژمارە (1)**

## هەیکەلی بەڕێوەبردنی گۆڤارێک
## لە قۆناخی ناوەندی و دواناوەندیدا

(هیچ قوتابخانەیەک ناتوانێ هەستی یەکبوونی راستەقینە بەبێ رۆژنامەگەریی قوتابخانە گەشەپێبدا، تەنانەت لە قوتابخانەیەکی بچووکیش، ئەگەرچی بۆ قوتابخانەی گەورە پێویست ترە)- بڕوانە الصحافة المدرسية- سامی عبدالعزیز الکومی ل13.

لەم گۆشەنیگایەوەو بە پێی ئیمکانیاتی ئێستای قوتابخانەکانمان، لە خوارەوە نەخشەیەکی هەیکەلی بەڕێوەبردنی گۆڤارێک، کە بۆ قۆناخی ناوەندی و



دواناوەندی بشێ دەخەینە بەرچاو.. لەگەڵ ئەوەی، کە دڵنیام لێدوان و قسە لەسەر کردنیش هەڵدەگرێ.

* **سەرپەرشتکاری گشتی:** کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەبێ، بەوەی بەڕێوەبەر بەرپرسیاری قانوونی گۆڤارەکەیش دەبێ.

* **سکرتێری نووسین:** مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانەکەدا، پەیوەندی راستەوخۆیشی بە بەڕێوەبەرەوە دەبێ، کە (سەرپەرشتکاری گشتییە).

سکرتێری نووسین لەسەرێکی دیکەوە پەیوەندی بە لیژنەکانەوە دەبێت، کە هەموویان لە قوتابیان پێک دێن.. لیژنەکانیش ئەمانەن:

**یەکەم: (لیژنەی بابەتە زانستی یەکان):** ئەم لیژنەیە تەماشای ئەو بابەتانە دەکا، کە لە قوتابیانەوە پێ ی دەگات، کە زۆربەیان بابەتی زانستی پەتین، وەکو فیزیا، ماتماتیک، کیمیا، زیندەوەرزانیی و ...تاد.

**دووەم: (لیژنەی هەواڵ و ریپۆرتاژ):** ئەم لیژنەیە بە سەرپەرشتی مامۆستایەک دەبێ و چوار قوتابییشی وەکو ئەندام تێدا دەبن ..

کاری ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی هەواڵی پەیوەندار بە قوتابخانەو قوتابیان و هەروەها چاوپێکەوتنی مامۆستاو

قوتابیان دەبێت، جگە لە ئامادەکردنی ریپۆرتاژی پەیوەندار بە قوتابخانەو گیروگرفتی قوتابیان لە ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانە.

**سێ یەم: (لیژنەی ئەدەب و هونەر):** ئەم لیژنەیە لەچوار ئەندام پێک دێت، جگە لە سکرتێری نووسینیش مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی یارمەتیان دەدا.

**چوارەم: (لیژنەی هەڵەچنیی وچاپ):** ئەم لیژنەیە سێ تاکو چوار قوتابی تێدا دەبێت، کاری ئەم لیژنەیە هەڵەچنی و سەرپەرشتی لە چاپدانیەتی.

**پێنجەم: لیژنەی پەخش و بڵاوکردنەوەو بەدواداچوون:** ئەم لیژنەیە(6) قوتابی دەوێ و سکرتێری نووسین تەنانەت سەرپەرشتکاری گشتیش یارمەتی دەدا بەوەی کاری ئەم لیژنەیە بەدواداچوون و ماندووبوونی دەوێ بە تایبەتیش کاتێ مەسەلەکە پەیوەندی بە حیساب و ژمێرپارییەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەی وا پێویست دەکا گۆڤارەکە جگە لەوەی لە هەندێ قوتابخانەی تریش دەفرۆشرێ لەوانەیە بخرێتە بازاڕیشەوە، بڕوانە وێنەی ژمارە(2).



## پاشبەندی ژمارە(2)

**(ناو وکات و شوێنی دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤاروبڵاوکراوانەی دێنەوە چوارچێوەی ڕۆژنامەگەریی قوتابخانە).**

### یادگاری لاوان/ بەغدا–1933

گۆڤارێک بووە ساڵی1933 لەلایەن لیژنەیەک لە قوتابییە کوردەکانی کۆلێژو پەیمانگاکانی بەغدا دەرچووە، ژمارە(1)ی ساڵی 1933 و ژمارە(2)ی ساڵی 1934 بڵاوکراوەتەوە، لیژنەی گۆڤار لە قوتابیان بلەوشاکیر فەتاح و حامید فەرەج و لە هەندێکی دی پێکهاتبوو.

### دەنگی فەقێ/ سلێمانی 1954

گۆڤارێک بووە لەلایەن چەند فەقێیەک (قوتابی ئایینی) لەسلێمانی ساڵی1954 بەسەرپەرشتی محمدی مەلا کەریم بڵاوکراوەتەوە.

**کوردستان/ئەورووپا-1958**

لەلایەن (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەرچووە ژمارە(1)ی مارتی 1958 دەرچووە، سکرتێری نووسینی سەلاحەدین سەعدوڵڵا بووەو کۆمەڵێک قوتابی و ڕۆشنبیری کوردیش بەشداریان لەدەرکردنیدا کردووە لەوانە فوئادی ساڵحی ڕەشەو کەمال فوئاد.

**دەنگی قوتابیان/ بەغدا 1959**

لەلایەن(یەکێتی گشتی قوتابیان)ەوە دەرچووە ژمارە(1) لە مایسی 1959دا بڵاوکراوەتەوە.

**دەنگی قوتابیان/کەرکووک1959**

لەلایەن(یەکێتی گشتی قوتابیان- لقی کەرکووک)ەوە بە کوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرچووە، سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**گزنگ/ سلێمانی1959**

گۆڤارێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی قوتابیان، لەلایەن یەکێتی قوتابیان- لیژنەی قوتابخانەی دواناوەندی قوتابخانەی ئێوارانی سلێمانی شوباتی 1959 دەرچووە تەنیا یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**هونەر/سلێمانی 1959**

لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی هونەری ناوماڵ لە سلێمانی دەرچووە، وا پێدەچێت تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووبێت.



**نیشتمان/سلێمانی 1959**

قوتابیانی قوتابخانەی خانەی مامۆستایانی کوڕان لە سلێمانی دەریان کردووە، مامۆستایان محمد سلێمان ئیبراهیم و عەبدوڵڵا زێباری و ئیبراهیم محمدو قوتابیان محمد مەجیدو فایەق محمد و زاهیدە قەرەداخی و سەلاح یوسف بەشداریان لەدەرکردنی دا کردووە. تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

**هیوای کوردستان/ سلێمانی-1959**

لەلایەن (یەکێتی قوتابیانی گشتی- لقی سلێمانی)یەوە ژمارە یەکی لە 1959دەرچووەدا.

**پێشڕەو/ کەرکووک1960**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری پەروەردەی قوتابیان بووە، ژمارە(1)ی ساڵی1960 لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کەرکووک بەکوردی و عەرەبی و تورکمانی دەرچووەو سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**ژیان/هەولێر1960**

گۆڤارێک بووە لەلایەن (یەکێتی گشتی قوتابیان- لقی هەولێر) ژمارە یەکی لە تشرینی دووەمی ساڵی1960 دەرچووە.
تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچووەو ژمارە دووی لە ساڵی1961 بڵاوکراوەتەوە.

**رابەر/ سلێمانی 1966**

قوتابخانەی مەڵکەندی لە سلێمانی دەری کردووە، سەرنووسەری مستەفا ساڵح کەریم بووەو فوئاد محەمەد ئەمین ورەئوف حەسەن

بەشدارییان لە دەرچووانیدا کردووە. دوا ژمارە -(3)، ساڵی1968 دەرچووە.

**پرشنگ/ ئەورووپا–**1966

(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد) لە ئەوروپا دەری کردووە. دکتۆر کەمال فوئاد سەرپەرشتی کردووە، ژمارە(1)ی ساڵی1966 دەرچووە دەستەی نووسەرانی ئیحسان فوئادو مارف خەزنەدار و کاوس قەفتان بووە. دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

**گزنگ/ سلێمانی**1967

گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی ساڵانەبووە، قوتابخانەی مەناری کچان بڵاوی کردووەتەوە، دەستەی نووسەرانی عبدالکریم محەمەد و عەبدولکەریم ساڵح زەندی و محەمەد ساڵح سەعید و عبدولقادر مەلا عومەرو عەبدولمەجید محەمەد کریم و عەبدولسەمیع ئەحمەد بوون. یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

**خەباتی قوتابیان/ 1967**

گۆڤارێک بووە بەدەوری وبەکوردی و عەرەبی ژمارەی یەکەمی تشرینی دووەمی ساڵی1967 بەڕۆنیۆ لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری چیا/ سلێمانی** 1968

قوتابخانەی و پەروەردەیی ساڵانە بووە لەلایەن قوتابخانەی مەناری سەرەتایی بڵاوکراوەتەوە. دەستەی نووسەرانی (عبدالکریم محمد ئەحمەدو محمد ساڵح سەعید و عەبدولمەجید



محمد کەریم و جمال نوری محێدین و محەمەد غریب رووف رشید)بووە.

**تیشک/ هەولێر**1969

گۆڤارێکی پەروەردەیی ساڵانەبووە- قوتابیانی قوتابخانەی خانەی مامۆستایان لەهەولێر دەریان کردووە. دەستەی بەڕێوەبردنی مامۆستایان مەجید ئاسنگەرو حەمە کەریم ڕەمەزان و فاتیح محەمەد بوون. ژمارە(1)ی ساڵی 1969 دەرچووە.

**خەباتی قوتابیان / بەغدا**1970

لەلایەن (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ەوە  بە کوردی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە.

**نۆبەرە /بەغدا**1970

کۆمەڵە وتارێکی قوتابیانی بەشی کوردی کولێژی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدا لە شێوەی بڵاوکراوەیەک ساڵی 1970 دەریان کردووە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە- نەنووسراوە کێ بەڕێوەی بردووەو سەرپەرشتی کردووە.

**ڕەهێڵە /هەولێر**1971

لەلایەن خوێندنگای دواناوەندی کوڕانی هەولێر دەرچووە. دەستەی نووسەرانی عەبدلڕەحمان سەعدی و عوسمان دەشتی و دلشاد عەبدوڵڵاو تارق حوسێن و رەهبەر جەلال بوون، یەک ژمارەی لی دەرچووە.

**چیا/ سلێمانی**1971

دەستەیەک قوتابی دەریان کردووە، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

**بیری نوێ / هەولێر**-1972

لەلایەن لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی خوێندنگای دوا ناوەندی کوڕانی هەولێر دەرچووە سەرپەرشتکاری مامۆستا عبدالرحمان سەعدی بووەو سکرتێری نووسین کاردۆ گەلاڵی، تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

**بەرەو ڕووناکی/ گەلاڵە** -1972

گۆڤارێک بووە لەلایەن لیژنەی زمان و ئەدەبی خوێندنگای ناوەندی گەلاڵەوە دەردەچووە، دەستەی بەڕێوەبەری: ئیبراهیم سەعیدو نەژاد عزیز سورمێ و سەردار کەمال و ئازاد عەبدولوەهاب جوندیانی و غەفور حوسێن گەلاڵی و فەوزی جەودەت جەمیل بوون. سێ ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارەیەکی 1972 و ژمارە(2) ی هەمان ساڵ و ژمارە3ی ساڵی 1973.

**گۆڤاری (ڕێبازی قوتابیان)/ سلێمانی** 1973

لەلایەن(یەکێتی قوتابییانی کوردستان لقی سلێمانی)ـەوە بڵاوکراوەتەوە.

**بابەگوڕگوڕ/ کەرکوک- 1973**

لەلایەن(یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی کەرکوک)ـەوە دەردەچوو ژمارە(1) ساڵی 1973 دەرچووە.



**دەنگی قوتابیان /هەولێر-** 1973

گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان – لقی هەولێر بوو بە ڕۆنیۆ لە چاپ دەدرا تەنها بەرگەکەی لە چاپخانە چاپ دەکرا، دوو ژمارەی لێ دەرچووە.

**گۆڤاری کاروانی قوتابیان/نەینەوا**-1973

گۆڤارێکی قوتابیان بووە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دهۆک- نەینەوا دەرچووە.

**گۆڤاری ڕزگاری/ دیالە**1973

گۆڤارێکی قوتابیان بووە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی دیالە لە ساڵی1973 دەرچووە.

**چوارچرا/هەولێر**-1974

بڵاوکراوەیەک بوو بە ڕۆنیۆ لە قوتابخانەی ئامادەیی کوردستانی کوڕان لە هەولێر تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووە.

**گۆڤاری«کاروان» / هەولێر**1975

بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی گشتی بووە خوێندکارانی ئامادەیی کوردستان لە هەولێر بەسەرپەرشتی مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی دەریان کرد. ژمارە(1)ی لە ساڵی 1975 دا دەرچووە، ئەم ژمارەیە(10) لاپەڕەیەو بەڕۆنیۆ چاپکراوە، هەر ئەو ژمارەیەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری «گوڵاڵە»/سلێمانی 1976**
بڵاوکراوەییێکی قوتابخانەیی بووە قوتابخانەی زانکۆی نموونەیی سەرەتایی لە سلێمانی بە کوردی و عەرەبی دەری کردووە. هەڵسوڕێنەری مامۆستا نەرگز نوری مەحمود بووە ژمارە(1)ی لە ساڵی خوێندنی 1976 دەرچووە.

**گۆڤاری خەباتی قوتابیان/1983**
گۆڤارێکی قوتابیان بووە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەری کردووە. ژمارە(سفر)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی 1983 دەرچووە.

**دەنگی قوتابی/ئێران-1983**
ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق/ لقی ئێران (لقی ئاوارە) بووە.

**کاژاو/سلێمانی 1984**
بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی بووە لە قوتابخانەی ناوەندی کاژاوی کوڕان لە سلێمانی دەرچووە. سەرۆکی نووسینی حەسەن جاف و جێگری سەرنووسەری ئاسۆ عەلی ئەمین و سەرپەرشتکاری گشتیی فائیق عومەر تۆفیق بووە. ژمارە(1)ی لە ساڵی 1984دا دەرچووە.

**گۆڤاری «دەنگی لاوان و قوتابیان»/1985**
گۆڤاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراق/ لقی ئاوارەو یەکێتی قوتابیانی کوردستان عێراق/لقی ئێران بووە.



ژمارەیەکی تایبەتی بەبۆنەی18ی شوباتی ساڵی1985 دەرچووە.

**هیوای قوتابیان ولاوان/1987**
ئۆرگانی لقی ئاوارەی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراق بووە.

**گۆڤاری(مەشخەڵ)/1987**
گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە یەکێتی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردستان دەری دەکردووە. ژمارە(2)ی ساڵی یەکەمی لە گوڵانی ساڵی 1987 دەرچووە.

**گۆڤاری «ڕاپەڕینی خوێندکاران»**
گۆڤاری یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستانە. ژمارە(1)ی لە کۆتایی ساڵی1987 دا دەرچووە.

**تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان/1989**
ئۆرگانی ناوەندیی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانی ئێراقە، ژمارە(3)ی ساڵی (9)ی ئاداری 1989 دەرچووە.

**ژیانی نوێ/1989**
ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان. ژمارە(1)ی لە شوباتی ساڵی 1989 دەرچووە. ئەم ژمارەیە(12) لاپەڕەی بە قەبارەی کتێبە.

**ڕۆژنامەی(ژیانی نوێ)/ 1989**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە 1989 لەلایەن یەکێتی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان دەرچووە.

**گۆڤاری «خوێندکاری کورد»/ 1990**

گۆڤاری ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆشیالیستی کوردە لە ئەوروپا دەرچووە.

**گۆڤاری «پیلا سەربەست»/ دهۆک1991**

گۆڤارێکی گشتییە ساڵی 1991 مانگی جارێک لەلایەن لقی سێی دهۆک/ نەینەوای یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستانەوە دەرچووە. ژمارە(1) لە تشرینی یەکەمی1991دەرچووە. دەستەی نووسەرانی(فەهمی سەلمان، موحەمەد عەلی، سەلام بالایی، مەجیدی حەسۆ).

**ڕۆژنامەی«پێشڕەو»/هەولێر1991**

ئۆرگانی لقی هەولێری یەکێتی لاوان و قوتابیانی دیموکراتی کوردستان/ئێراق، ژمارەی(3)ی لە ئەیلوولی 1991 بڵاوکراوەتەوە.

**ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»**

ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان- ئێراق.

**گۆڤاری دەنگی خوێندکاران/ 1991**

گۆڤارێکی فیکری ڕۆشنبیری، زانستییە کۆمەڵەی خوێندکارانی



سەربەخۆی کوردستان دەری دەکات. ژمارە(1) لە مانگی ئەیلوولی 1991 بە(16) لاپەڕەی قەبارە فولسکاب دەرچووە.

**ڕۆژنامەی«ڕاستی»/هەولێر1991**

ڕۆژنامەیەکی گشتییە کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی دیموکراتی کوردستان/ لقی هەولێر دەری کردووە. ژمارەی(1) ئەیلوولی 1991 بڵاوکراوەتەوە

**ڕۆژنامەی «زانکۆ»/هەولێر1991**

ئۆرگانی یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان/لقی هەولێر، ژمارە(1)ی لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1991دا بڵاوکراوەتەوە.

**ڕۆژنامەی«زەنگ»/هەولێر1991**

ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان/لقی هەولێر، ژمارە(1)ی لە کانوونی یەکەمی 1991 بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری «زایەڵە»**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و زانستی گشتییە لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیارییەوە دەرچووە. ژمارە(1) ساڵی1992 بڵاوکراوەتەوە. کارگێڕانی گۆڤارەکە(حەمەی مەلا حەسەن، وریا مەلا قادر خۆشناو) بوون.

**گۆڤاری «گازیا خوێندکارو لاوان» 1991**

گۆڤارێکی دەورییە لقی دهۆک- نەینەوای یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان دەری کردووە.

**گۆڤاری«مژدە» /سلێمانی1991**

گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی و رۆشنبیرییە، لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان دەری کردووە.
ژمارە(1)ی لە تشرینی یەکەمی 1991 بڵاوکراوەتەوە. سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی و بەڕێوەبەری نووسین لە ئامانج ژاژڵەیی و ئاراس عەبدولکەریم و باوکی ئارین و محەمەد فەریق حەسەن و محەمەد ئەمین ئەحمەد پێک هاتووە.

**رۆژنامەی «میدیا»**

ئەو رۆژنامەیە کۆمەڵەی خوێندکارو لاوانی کوردستان لە دەڤەری بادینان دەریان کردووە.

**گۆڤاری «نواڵە» /1991**

گۆڤارێکی مانگانە بووە ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارو لاوانی کوردستان ژمارە(1)ی لە ئابی 1991 دەرچووە.

**رۆژنامەی «بەردەڕەشی نوێ» بەردەڕەش/ 1992**

لەلایەن یەکێتی پێشەنگی خوێندکاران و لاوانی کوردستان/ لیژنەی ناوچەی بەردەڕەش دەرچووە ژمارە(1)ی لە حوزەیرانی 1992 بڵاوکراوەتەوە.



**بەرەنگاربوونەوە**

بڵاوکراوەی لقی-3-ی پەیوەندی ئیسلامی خوێندکارو لاوانی کوردستان لە سۆران دا بڵاوکراوەتەوە.

**رۆژنامەی«تیشک» /سلێمانی 1992**

دەنگی قوتابیان و لاوانی سوسیالیست/لقی سلێمانی
ژمارە(1) لە شوباتی 1992 بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری «چەلەنگ» /1992**

گۆڤارێکە (ژ بۆ شاگردێن کوردستانێ) ئاداری1992 بەشێوەی نامیلکە بەڕێنووسی لاتینی بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری«خەباتی نوێ» / 1992**

گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیری مانگانە بوو لەلایەن یەکێتی پێشەنگی خوێندکارانی کوردستان دەرچووە.

**شەپۆل/سلێمانی1992**

لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-لقی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(سفر)ی لە حوزەیرانی 1992 دەرچووە.

**رۆژنامەی«ڤۆلکان» /ئامێدی1992**

لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارو لاوانی کوردستان لە ئامێدی ژمارەی یەکەمی لە کانوونی دووەمی 1992 بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری(مەشخەڵ) هەولێر/** 1992

گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان دەرچووە. ژمارە (1)ی لە کانوونی دووەمی 1992 بڵاوکراوەتەوە.

**ڕۆژنامەی«پەیامی خوێندکار»/**1993

وەکو پاشکۆی«کوردستانی نوێ» بە هاوکاری سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (1)ی لە 1993/3/15 دا دەرچووە.

**گۆڤاری «خامە»/**1993

گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە لەلایەن یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕێکخراوی کۆلیژی ئاداب دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە1993/3/2 بە تیپی لاتینی بڵاوکراوەتەوە دەستەی نووسەرانی لە (گوهدار ئیسماعیل، بەهزاد ئیسماعیل، بەهزاد پیرموس، تاڤگە عومەر، پەیام ساڵەیی) پێک هاتووە.

**ڕۆژنامەی «خەباتی قوتابیان»/ هەولێر**1993

ڕۆژنامەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان/ئێراق، ژمارە(1)ی لە کۆتایی تشرینی دووەم 1993 بڵاوکراوەتەوە خاوەنی ئیمتیازی: ساسان عەونی، سەرنووسەر: گوهدار اسماعیل.

**گۆڤاری «کازیوە»/ هەولێر**1993

گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن ڕاگەیاندنی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان دەرچووە.



ژمارە(1)ی مایسی 1993 دەرچووە.

**گۆڤاری «جەژنا قوتابی» دهۆک/**1994

ڕاگەیاندنی لقی دهۆک/نەینەوای(ی.ق.ک) دەرچووە دەستەی نووسەرانی لە(فارس عومەرو موحەمەد ڕەئوف و بەشار حەمید) پێک هاتووە.

**ڕۆژی قوتابیان/هەڵەبجە**1994

بڵاوکراوەیەکی مانگانە بووە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان (ل.ن) هەڵەبجە دەرچووە، ژمارە(1)ی لە شوباتی 1994 دەرچووە.

**«ئایینده»/**1995

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن لقی کەرکوکی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە ئەیلوولی 1995 بڵاوکراوەتەوە.

**ڕاوێژ/ هەولێر**1995

بڵاوکراوەیەکە لقی هەولێری پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوان دەری کردووە. ژمارە(1) لە ساڵی1995 بڵاوکراوەتەوە.

**ڕەوا(الحق)/** 1995

بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە پەیوەندی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بڵاوی کردۆتەوە. ژمارە(١)ی لە ئازاری1995 دەرچووە.

**گۆڤاری «پەیامی زانکۆ»/ شەقلاوە 1995**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن لقی زانکۆی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە تشرینی دووەمی 1995 بڵاوکراوەتەوە. سەرنووسەری : مستەفا سەلیم پشدەری بووە.

**ڕێبازی خوێندکاران /1995**

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیری خوێندکارییە لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەرچووە.
ژمارە(1)ی لە تەمووزی 1995 دەرچووە.

**کاروانی زانکۆ/ 1995**

بڵاوکراوەیەکی ئیسلامی گشتییە لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابیانی کۆلێژی زمان دەرچووە. ژمارە(1)ی لە ساڵی 1995 بڵاوکراوەتەوە.

**گۆیژە/سلێمانی 1995**

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان/ لقی سلێمانییەوە دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە ئابی 1995 بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری «ئاتەش» هەولێر 1996**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن لیژنەی پەیمانگای تەکنیکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان دەرچووە. ژمارە(1) لە ئاداری 1996 بڵاوکراوەتەوە.



**گۆڤاری «پەلکە زێرینە» سلێمانی/ 1996**

لەلایەن خوێندنگای سەرچناری سەرەتایی 1996 لە سلێمانی دەرچووە.

**پێنووس /1996**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەیە لەلایەن لقی1ی یەکێتی قوتابیانی ئیسلامییەوە دەرچووە ژمارە(1)ی لە کانوونی یەکەمی 1996 بڵاوکراوەتەوە.

**چرا/1996**

بڵاوکراوەیەکی زانستی مانگانەیە لەلایەن دەستەیەک لە(فێرخوازانی) زانکۆی سەلاحەدین بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە.

**رازی قوتابیان/ هەولێر1996**

بڵاوکراوەیەکی فەرهەنگییە لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین بڵاوکراوەتەوە، ژمارە(سفر)ی نیسانی1996 دەرچووە.

**روناک/دهۆک 1996**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەبووە، لیژنەی قوتابیان لە کۆلیژی پزیشکی بە چاودێری چەند مامۆستایەک بڵاویان کردۆتەوە.
ژمارەی سفری شوباتی 1996 دەرچووە.

**گۆڤاری «ڕۆژ» /**1996

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن خوێندەڤان و لاوانی وڵاتپارێزی کوردستان YK دەرچووە. ژمارە(1)ی لە ئەیلوولی 1996 بڵاوکراوەتەوە.

**زەنوێر/هەولێر**1996

بڵاوکراوەیەکی گشتییە بەناوی قوتابیانی شوقڤەی سەوز بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(1)ی لە 1996/12/17 دەرچووە.

**زمناکۆ**

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی سۆسیالیستی کوردستان بووە.

**زێڕین / هەولێر** 1996

بڵاوکراوەیەکی گشتییە لەلایەن قوتابیانی کۆلیژی یاساو کۆلیژی ماف بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(سفر) کانوونی یەکەمی 1996 دەرچووە.

**کوڕەک/رواندوز** 1996

بڵاوکراوەیەکی فکری و ئەدەبی سەربەخۆیە/لەلایەن کۆمەڵێک لە خوێندکارانی شاری رواندز بڵاوکراوەتەوە.

**بووژانەوە/هەولێر**1997

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، لیژنە پیشەییەکانی لقی هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەسەرپەرشتی بەشی ڕۆشنبیری و



ڕاگەیاندن. ژمارە(1) ئابی/1997 بڵاوکراوەتەوە.

**بزاڤ/هەولێر**1997

بڵاوکراوەی ناوەندی ڕاگەیاندنی بزاڤی خوێند کاران و لاوانی کوردستان.

**داهێنان**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی گشتییە(لەشێوەی ڕۆژنامە) لەلایەن یەکگرتووی قوتابییانی ئیسلامی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

**زەنوێر/هەڵەبجە** 1997

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن ڕاگەیاندنی لقی هەڵەبجەی شەهیدی یەکگرتووی قوتابییانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(سفر)ی کانوونی دووەمی 1997 بڵاوکراوەتەوە.

**ژین/**1997

ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە لەلایەن هاوبەندی خوێندکارو لاوانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

**ستاف/ هەولێر** 1997

مانگانەیەکی کولتووری گشتییە، لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی خوێندکارو لاوانی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە تشرینی دووەمی 1997دا بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری فیدرالّی/ هەولێر**1997
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری فیکری سیاسییە لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان دەرچووە. ژمارە(1)ی لە کانووی یەکەمی 1997دا بڵاوکراوەتەوە.

**کازیوەی قوتابیان/** 1997
بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی مانگانەی گشتییە لەلایەن یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامییەوە دەرچووە.

**گۆڤاری«مژدە» هەولێر**1997
گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری زانستی گشتییە لەلایەن لقی سلێمانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەرچووە. ژمارە(1)ی لە تشرینی یەکەمی 1997دا بڵاوکراوەتەوە.

**واژە/**1997
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن لیژنەی قوتابیانی کۆلیژی ئادابی (ی.ق.ک) بڵاوکراوەتەوە. ژمارە(1)ی لە نیسانی 1997دا دەرچووە.

**گۆڤاری «هەژێن»** 1997
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە لەلایەن دەستەیەک لە قوتابیانی کۆلیژی پزیشکی و پزیشکی ددان دەرچووە. ژمارە(سفر)ی لە گەڵارێزانی 1997دا بڵاوکراوەتەوە.



**نوێخواز/ سلێمانی**1997
لەلایەن کۆمیتەی خوێندکاران و لاوانی دیموکراسیخوازەوە دەرچووە.

**نۆبەرە**
بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری ناوخۆییە لەلایەن بەشی ڕاگەیاندنی لقی کەرکووکی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان دەرچووە.

**سیڤر/هەولێر-دارەتوو** 1998
ڕۆژنامەیەکی دەوری یە، لەلایەن قوتابیانی دواناوەندی دارەتووی تێکەڵاو بڵاوکراوەتەوە بەسەرپەرشتی چەند مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە.

**تێبینی:**
**لێرەدا بێگومان ئەوانەم تۆمار نەکردوون کەلێرەو لەوێ بەدەست خەت بڵاوکراونەتەوە، هەروەها ئەوانەی، کە بە زمانی عەرەبیش دەرچوون، هەروەها بۆ ڕۆژنامەگەریی دوای ڕاپەڕین جگە لە ئەرشیفی بەتاڵانچووی خۆمدا سوودم لە هەردوو نووسراوی کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە وکاک حمە ساڵح فەرهادی وەرگرتووە.**

## رۆژنامەگەریی کوردی
### چەند وردە تێبینیەک لە ساڵڕۆژی 95 مینیدا(*)

پێم خۆشە ئەمساڵ بێ پێشەکی و دیباجە بچمە سەر ئەسڵی مەبەست:

دیارە 22ی نیسان لە مێژووی کولتووری و فەرهەنگیمان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بەوەی بۆ یەکەمین جارو دوور لە کوردستان، لە قاهیرەی پایتەختی میسرو پەناگەی ئەوسای زۆر لە ئازادیخوازان، کە لەلایەن سەڵتەنەتی عوسمانی یەوە تەنگیان پێ هەڵچنرابوو، یەکەمین رۆژنامە بە زمانی کوردی هاتە بلاوکردنەوە و سەرەتای قۆناخێکی نوێی لە شارستانیەتی کورد و کوردستان دەستنیشان کرد، کە ئەمڕۆ ساڵڕۆژی (95) ساڵەیەتی (1898–1993)..

(*) لە ژمارەی ڕۆژی 1993/4/22ی رۆژنامەی (برایەتی)دا بلاوکراوەتەوە



با لەوەش گەڕێین رۆژنامەگەریمان بە پێی هەل ومەرجی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان هەمیشە لە هەڵکشان و داکشاندا بووە و تەنانەت ئەم پێوەرە نەک هەر بووە بە دیاردەیەکی دیاری رۆژنامەگەریی کوردی، بەڵکو بووە بە سەنگی مەحەک بۆ سەرجەمی چالاکی کولتووریشمان.

ئاوردانەوەیەکی خێراو چاوپێداگێڕانێکی مێژووی پاش(ڕاپەڕین) کەقۆناخێکی نوێی لەسەرجەم مێژوومان دەستنیشان کرد، بە راشکاوی ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە.

بەڵام مەسەلەکە لە ئەمڕۆدایە، دوای ئەوەی(ڕۆژنامەگەریی ڕاپەڕین) بوو بە واقع.

لێرەشدا باسی زۆری و بۆری ناکەم، چونکە من بە پێچەوانەی زۆران؛ بوونی ئەم زۆری یە لە رووی چەندیەتییەوە بۆ رۆژنامەگەریمان بە دیاردەیەکی نادروست نابینم، بەڵام حەقی ئەوەش بە خۆمان دەدەین، لەم رۆژەدا چەند تاڵە تیشکێکی ڕەخنەیی بخەینە سەر.

بێگومان 95 ساڵیش برایانی رۆژنامەنووس عومرێکە ئیتر..

### *1- رۆژنامەگەریی (وتار) یان (هەواڵ)؟*

ئەم ناونیشانە زیاتر لە رۆژنامەی رۆژانە دەوەشێتەوە، سەبارەت بەوەی رۆژنامەی حەفتانەو ئەوانی دی، چەندی